

# ئۆپۆزسیۆن ڕێککەوتن و چاودێری حکومەت و

((پارتە سیاسییەکان یاریدەدەرن لە ڕەخساندنی زەمینەدا بۆ بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەمەش مەرجێکە بۆ بونیادنانی دیموکراسییەتێکی سەقامگیر. سەبارەت بەگرنگی پارتەکان بۆ بونیادی دیموکراسی، لەوانەیە بتوانین بەبێ پارتە سیاسییەکانیش دیموکراتی بونیادبنێین و لەوانەشە سەرکەوتوو بین، بەڵام تاکو ئەمڕۆش نازانین ئەم پرۆسەیە چۆن بەبێ بوونی پارتی سیاسیی ئەنجام دەدرێت و چۆن دەکرێت.



# پێکەوە کارکردن ڕەتناکاتەوە سیستمە سیاسییەکە دەکات

سـەبارەت بە ڕۆڵـی پارتەکانی ئۆپۆزسـیۆنیش، بێگومان لەڕووی تیۆرییەوە پێویستـە ئۆپۆزسیۆن جەخت بکاتە سەر خاڵە لاوازەکانی بەرنامەی پارتی فەرمانڕەوا، هەروەها پێویستە جەخت بکەنە سەر وەدیهێنانی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان، بـەڵام کێشـەکە لەوەدایـە پارتەکانی ئۆپۆزسـیۆنیش، تەنیا مەبەسـتیان ئەوەیە بگەنە دەسـەڵات و دەسەڵات بگرنە دەسـت، بۆیە هەوڵدەدەن بەرهەڵسـتکاریی هەمووشتێک بکەن)).

ئایرا سمۆڵنسکی

زانای بەناوبانگی سیاسەت ئەلمەر ئیرک شات شنایدەر پێش زیاتر لە نیو سەدە، سەبارەت بە گرنگی حزبی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتـی دەڵێت: ((حزبە سیاسـییەکان دروستـکەری دیموکراتین، بەڵام ناتوانرێت بە میتۆدی ئێستای حزبە سیاسـییەکان بیر لەوەبکرێتەوە دیموکراتی هاوچەرخ بپارێزرێت))، ئەم قسە بەناوبانگەی شات شنایدەر بەرەو ئەوەمان دەبات لەسەر چەند پرسێکی گرنگ هەڵوەستە بکەین:

١- دیموکراتی کۆن و هاوچەرخ بەبێ بوونی حزبی سیاسیی ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی دەوڵەتانی بەخشەر و ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو زیاتر هاریکارییەکانیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پشتگیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە و بەشێوەیەکی زۆر سنووردار و دیاریکراو هاریکاری حزبە سیاسییەکان دەکەن، هەر بۆیە زۆرجار دەبینین پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتانە ئاراستەی خۆی دەگۆڕێت و بەرەو دەرکەوتنی دیاردەی پۆپۆلیزم هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە پێشنیاری پسپۆڕان و تایبەتمەندانی سیاسیی بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە زیاتر بایەخ بە پارتە سیاسیەکان بدرێت، هەروەها نزیکتر مامەڵە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان بکرێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر زۆرجار پارتە سیاسییەکان هۆکار و بەشێکی کێشەکان بن، ئەوا زۆر جاریش بەشێکی چارەسەرەکانن.

٢- سەبارەت بەوەی کە ناتوانرێت بەمیتۆد یان شێوازی پیادەکردنی سیاسەتی ئێستای حزبەکان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا دیموکراتی بپارێزرێت، ئەوا ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە حزبی سیاسیی

**پێویستە هەستی نیشتمانی لەسەرووی هەستی حزبایەتی بێت. هەروەها پێویستە ئۆپۆزسیۆن جەخت بکاتە سەر کێشە ڕەواکان، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و پارتی ئۆپۆزسیۆن جەخت بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەوکات سیستەمەکە بەرەو داڕمان دەبات**



کارین هیندرسۆن بۆ گوڵان:

## دەبێت حکومەت مافی ئەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن دەستەبەربکات نوێنەرایەتی خۆی هەبێت، هەروەها دەبێت ڕۆڵ و بەشداری ئۆپۆزسیۆن بونیادنەرانە بێت نەک تێکدەرانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا

وەک پێداویستیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و وەک پێداویستیەک بۆ بەردەوامی دیموکراتی دروست بوون، بەڵام بەپێی ڕووپێوەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە دەرکەوتووە حزبە سیاسییەکان لەم ئەرکە گرنگە کە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی خواستەکانی جەماوەرە، شکستیان هێناوە.

٣- لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا پارتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان پێدەکرێت، ناوێکی تایبەتی بۆ هیچ حزبێکی سیاسیی نییە، ڕاشکاوانەتر حزبی فەرمانڕەوا یان ئۆپۆزسیۆن ناوێکی تاسەر نییە بۆ هیچ حزبێك، هەربۆیە زیاتر باسی دیاردەی فرەلایەنی و پاراستنی ئەو فرەییە دەکرێت، نەک ڕێکخستنی پێوەندی نێوان حزبەکانی فەرمانڕەوا و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەمەش لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ حزبێك تاسەر فەرمانڕەوا هیچ حزبێك تاسەر ئۆپۆزسیۆن نییە.

٤- پارتی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پارتەکانی ناو حکومەت بن یان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بن، تەنیا یەك ئەرکیان هەیە، ئەویش ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە، ڕاستە پارتەکان هەریەکەیان نوێنەرایەتی بەشێك لە خەڵك دەکەن، بەڵام دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەت، ئەو پارتانەی کە حکومەت پێکدەهێنن، دەبێت وەڵامدانەوەیان بۆ هەموو خواستەکانی خەڵك بەشێوەیەکی گشتی هەبێت نەك تەنیا ئەو خەڵکانەی دەنگیان پێداون، لەهەمانکاتدا پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنیش نوێنەرایەتی سەرجەم خواست و ناڕەزاییەکانی خەڵك دەکەن کە بەرامبەر حکومەت هەیانە، نەك تەنیا ئەو خەڵکانەی دەنگیان پێداون.

ئەم حاڵەتەی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕووبەڕووی دەبنەوە، حزبی سیاسیی لەڕێکخراوێکی خۆبەخشی تایبەتەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێکخراوێکی جەماوەری یان حزبێکی جەماوەری بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر ئاستێکی فراوان نوێنەرایەتی بکات، بەڵام لەزۆربەی دیموکراتیەکاندا، پارتە سیاسییەکان، ناتوانن ئەم وەرچەرخانە لە ناوخۆی پارتە سیاسییەکانی خۆیاندا ئەنجامبدەن، هەروەك ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆبەخش کاردەکەن و زیاتر کە بەرژەوەندی حزبیەکانیان مسۆگەر بکەن و بەجۆرێك باڵادەستییان بەسەر کاندید و شێوازی دیاریکردنی دەنگدەرانی دۆست و لایەنگیرانیان هەیە کە دواتر نەتوانن لە ئەرکی نوێنەرایەتیکردندا سەرکەوتوو بن.

### ڕۆڵە جیاوازەکانی پارتەکان و شێوازە هەمەجۆرەکانی سیستەمی دیموکراتی

ئەگەر پێوەندی نێوان دیموکراتی و بوونی حزبە سیاسییەکان بەو ئاستە بێت کە بەبێ بوونی حزبە سیاسییەکان دیموکراتی بوونی نەبێت، ئایا ئەمە ئەوە مانایە دەگەیەنێت، لەهەر وڵاتێکدا فرەیی حزبی هەبوو دیموکراتی بە یەك شێواز بوونی دەبێت و بەیەك شێواز گەشە دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ناکرێت تەنیا لەسەر ئاستی تیۆری دیموکراتی وەڵامبدرێتەوەو تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، فرەیی سیاسیی بەردی بناغەی دیموکراتی-یە، کە ئەمە بەڵگە نەویستێکی ڕاستە، بەڵام لەم خاڵەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەموو فرەییەکی سیاسیی هەمان شێوازی دیموکراتی بەرهەم دەهێنن؟ بێگومان توێژینەوە مەیدانیەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی جیاواز بەتایبەتیش وڵاتی تازە پێگەیشتوو، شێوازی جیاوازی

ديموكراتيمان پيشاندەدەن، ئەو شێوازە جياوازانە لەگەڵ ئەوەی لەهەندێك ئەزموونداد رۆڵی حزبەكان بە ئاراستيەكی ئيجابی لەگەڵ رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی ديموكراتی هەنگاوی هەڵگرتووە و بۆتە هۆكاری بونيادی دامەزراوەی بەهێزی سياسيی و دەوڵەتی لە كۆمەڵگەدا، بەڵام لەهەندێك حاڵەتی ديكە رۆڵی حزبەكان و كارلێكی لەسەر پرۆسە ديموكراتيەكە بۆتە هۆكاری ئەوەی هەردوو چەمكی حزب و تيۆری ديموكراتی گۆشەگير بكات و لێكيان دوور بخاتەوە، كەواتە ئەم بۆچوونە ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكات كە شێوازی كاركردن و ئايدلۆژيەتی حزبەكان لە كۆمەڵگە شێوازی جياوازيان بە پرۆسەی ديموكراتی بەخشيوە، پرۆسەی ديموكراتی لەو كاتانە پێشكەوتن بە خۆيەوە دەبينێت كە حزبەكان بەشێوەيەكی گشتی سياسەتەكانيان دەخەنە خزمەتی ديموكراتيەوە.

## حزبەكانی ئۆپۆزسيۆن و فەرمانڕەوا پۆلێنی دەنگدەران

وەك لە پێشەوەی ئەم راپۆرتەش ئاماژەمان پێكرد، حزبەكان لە كۆمەڵگەی ديموكراتی هەموو پێكەوە يەك ئەركيان هەيە، ئەويش نوێنەرايەتيكردنی خواستەكانی و رێكخستنی نوێنەرايەتی خەڵكە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوجا لێرەوە كە هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت و بەشێك لە حزبەكان دەبنە حزبی حكومڕان و حكومەت پێكدەهێنن و بەشێكی ديكەشيان دەبنە ئۆپۆزسيۆن و چاودێری ئەدای حزبەكانی فەرمانڕەوا دەكەن بۆ ئەوەی بزانن تاچەند بەرنامەكانيان جێبەجێ دەكەن، ئەوا ئەم پۆلێنە پۆلێنی دەنگدەران و ئاكامی سندوقی دەنگدانە، بۆيە زۆر ئاساييە لە هەڵبژاردنێكی ديكە گەل بەجۆرێكی ديكە حزبەكان پۆلێن بكاتەوەو ئەوەی ئێستا حزبی فەرمانڕەوايە بگۆڕێت بۆ ئۆپۆزسيۆن و ئەوەشی ئۆپۆزسيۆنە ببێتە حزبی فەرمانڕەواو حكومەت پێكبهێنێت، سەبارەت بەم لايەنی رۆڵی پارتە سياسييەكان لە كۆمەڵگەی ديموكراتی پرسيارمان لە پرۆفيسۆر ئايرا سمۆڵنسكی ئوستادی زانستی سياسەت لە زانكۆی مۆنماوس و تايبەتمەند لەسەر رۆڵی پارتە سياسييەكانی ئەمريكا سەبارەت بە گرنگی رۆڵی پارتە سياسييەكان لە پرۆسەی ديموكراتی لە ئاخاوتنێكی تايبەت بە گوڵانی راگەياند: (پارتە سياسييەكان ياريدەدەرن لە رێكخستنی رای گشتی و بەشداريكردنی هاووڵاتيان لە پرۆسەی



دەيڤد پاك ليۆن بۆ گوڵان:

# ئۆپۆزسيۆن هاوكاريی سيستەمی ديموكراتييە دەكات بۆئەوەی پارتی فەرمانڕەوا دەسەڵاتەكانی خراپ بەكارنەهێنێت، هەروەها دەبێت جياوازيە سياسييەكان بە رێگەچارەی ئاشتييانە يەكلابكرێنەوە

سياسی. ئەركی پارتە سياسييەكان بريتييە لە هاندانی هاووڵاتيان بۆ بەشداريكردن لە پرۆسەی سياسی، بۆ ئەم مەبەستەيش ئەنجامدانی چالاكی پێويستە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم شتە لە كەشوهەوايەكی سەقامگير. بۆيە ئەركی پارتە سياسييەكان بريتييە لە رێكخستنی هاووڵاتيان لە سيستەمێك كە تيايدا بتوانن چالاكييەكان ئەنجام بدەن، بەڵام بەوشێوەيەی كە نەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتيژی. بۆيە دەتوانم بڵێم كە پارتە سياسييەكان ياريدەدەرن لە رەخساندنی زەمينە بۆ بەشداريكردن بە شێوازێكی سەقامگير، كە ئەمەيش مەرجێكە بۆ بونيادنانی ديموكراسييەتێكی سەقامگير. لەلايەنێكی ترەوە و سەبارەت بە بونيادنانی ديموكراسييەت، لەوانەيە بەبێ پارتی سياسی بتوانين ديموكراسييەت بونيادبنێين و لەوانەشە سەركەوتوو بين، بەڵام تاكو ئەمڕۆش و بۆ حاڵی حازر نازانين ئەو شتە چۆن ئەنجام دەدرێت و چۆن دەكرێت، بۆيە پێويستە هەوڵ بدەين سيستەمەكانمان باشتر بكەين. سەبارەت بەرۆڵی پارتەكانيش كە رۆڵی ئۆپۆزسيۆن، لەڕووی تيۆرييەوە، پێويستە لەسەر پارتەكانی ئۆپۆزسيۆن جەخت بكەنە سەر خاڵە لاوازەكان لە بەرنامەكانی پارتی دەسەڵات، پێويستە جەخت بكەنە سەر وەديهێنانی پێداويستييەكانی هاووڵاتيان، بەڵام كێشەكە لەوەدايە كە تەنانەت پارتەكانی ئۆپۆزسيۆن-يش مەبەستيان هەيە بۆ لەدەستگرتنی دەسەڵات، بۆيە هەوڵدەدەن بەرهەڵستكاريی هەمووشتێك بكەن. بۆنموونە لە ويلايەتە يەككگرتووەكانی ئەمريكا و كاتێك كە «باراك ئۆباما» هەڵبژێردرا، دڵنيام پارتی «كۆمارييەكان» وتوويانە: «باشە، با چاوەڕوان بين بزانين ئەم پياوە چ هەڵەيەك ئەنجام دەدات، بۆئەوەی هاووڵاتييە ئەمريكييەكانی لێ ئاگادار بكەينەوە». پارتی «كۆمارييەكان» بڕياريدا هەماهەنگ نەبێت لەگەڵ هەر شتێك كە «باراك ئۆباما» ئەنجامی دەدات و بڕيارياندا سەركەوتن بەو پياوە نەبەخشن، ئەوە ئامانجەكەيان بوو و نزيكەی هەموو ئەندامانی «كۆمارييەكان» ئەم ستراتيژييەتەيان پيادەكرد. بەڕای من «باوكانی دامەزرێنەر»ی ويلايەتە يەككگرتووەكانی ئەمريكا لەو بڕوايەدا بوونە كە پێويستە هەستی نيشتمانی لەسەرووی هەستی حزبايەتی بێت، بەشێوەيەك كە كاتێك سەركردەيەك هەڵدەبژێردرێت، ئەوە پێويستە لەسەر ئۆپۆزسيۆنێكی شەرعی جەخت بكاتە سەر كێشە شەرعييەكان، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و پارتی ئۆپۆزسيۆن جەخت بكاتە سەر بەرژەوەندييەكانی خۆی ئەوكات سيستەمەكە بەرەو دارمان دەبات، زۆرجار لە ويلايەتە يەككگرتووەكانی ئەمريكا ديارنييە كێ پارتی دەسەڵاتدارە و كێ ئۆپۆزسيۆنە و هەندێك جاريش هەموو لايەنەكان وەكو ئۆپۆزسيۆن دەردەكەون)).

**پێويستە پاڵنەر بۆ ئۆپۆزسيۆن دروستبكرێت بۆ ئەوەی بەباشی رەفتار بكەن، لەبەر ئەوەی هەندێ جار ئۆپۆزسيۆن هێندە سەرسەختانە كاردەكەن، پێكەوەگونجان و رێككەوتن رەتدەكەنەوە تەنيا تەركيز لەسەر رووخاندنی سيستەمە سياسييەكە دەكاتەوە**

لێرەوە ئەگەر سەیری قسەکانی پرۆفیسۆر ئایرا بکەین، هەست دەکەین حزبی فەرمانڕەوا ڕێز لە ئۆپۆزیسۆن دەگرێت و ئۆپۆزسیۆنیش ڕێز لە حکومەتی خۆی دەگرێت و لەسەر کێشە ڕەواکانی خەڵك بەدەنگ دێت و بەهەموو شتێك ناڵێت خراپە، سەبارەت بە ئەدای حزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕۆڵیان لە بونیادی کەلتوری دیموکراتی لەکۆمەڵگە، پرۆفیسۆر جۆن ئیشیاما ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نۆرس تەکساس سەبارەت بەم لایەنە لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگە بۆ هێنانەپێشەوەی ئەو سەرکردانەی پابەندن بە دیموکراسییەوە. لەلایەکی دیکەوە پارتە سیاسییەکان گرنگن لەبەر ئەوەی وەك ئەو دامەزراوانە کاردەکەن کە سیاسەت دادەڕژن و حکومڕانی دەکەن، بە دەربڕینێکی دیکە بەرژەوەندی تاکەکەسەکان کۆدەکەنەوە و پێکەوە دەیانکەنە سیاسەتێکی هاوبەش. هەروەها پارتە سیاسییەکان هاوکارن لەوەی کۆمەڵگە پەرە بەو بەها کەلتوریانە بدات کە پشتیوانن بۆ دیموکراسیەتی سیاسی، لە ئەدەبیاتی سیاسیدا ئاماژە بەم ڕۆڵانە کراوە کە پارتە سیاسییەکان دەیبینن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەوەندە گرنگن بۆ دیموکراسی. ئەو کێشەیەی ئێستا پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەوەیە، پێشتر پارتە سیاسییەکان هەوڵی خستنەڕووی بەرنامە و ئایدیایان دەدا، بەڵام ئێستا پارتە سیاسییەکان لەو سیاسییە موحتەریفانە پێکهاتووە کە تەرکیز لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات دەکەن، ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و تێڕوانینی خەڵکیش ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان چیتر نوێنەرایەتی ئێمە ناکەن، لەبەر ئەوە دەڵێن ئێمە هیچ بەرژەوەندیەکمان نییە لە بەشداری کردن لە پرۆسە سیاسییەکە بۆ پشتگیریکردنی پارتە سیاسییەکان. ئەمە کێشەیەکی گەورە و تەنیا ڕووبەڕووی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان نەبۆتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بۆتەوە. پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەمە پێچەوانە بکرێتەوە و چۆن پارتە سیاسییەکان بتوانن دووبارە متمانەی خەڵك بەدەست بهێننەوە،

**باشترین ڕێگەچارە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی بەرپرس ئەوەیە گیانی پێکەوەگونجانی هەبێت و سیستمە سیاسییەکەش حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە خۆبگرێت**

ئەمەش کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی ئەمە پێویستی بە پەرەپێدانی کەلتوری دیموکراسی هەیە، کەلتوری دیموکراتی کۆمەڵگە و ئەو کەلتوری دیموکراتیەی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پەرەی پێدەدرێت، کە لەلایەك کەلتورێکی سیاسی دیموکراتی بەرەوپێشچوو بوونی نییە، لەلایەکی دیکەوە ئەو پارتە سیاسییانە هەن کە توانای بونیادنانی ئەو کەلتورە دیموکراتیەیان نییە. یەکێك لەو شتانەی زۆرینەی چاودێرانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا باسی دەکەن بریتییە لەوەی پارتە سیاسییەکان هاوکارن لە پەرەپێدانی کەلتوری دیموکراتی لەبەر ئەوەی یارمەتی خەڵك دەدەن لە تەبەنی کردنی ئەو بەها سیاسییە دیموکراتیانەدا، کەواتە ئەگەر پارتگەلێکی لەم چەشنەت نەبێت، ئەوا بەها سیاسییە دیموکراتیەکانیشت نابێت. ئەمە تەنگژەیەکە ڕووبەڕووی زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بۆتەوە، کەواتە



## یەکێك لە كێشە سەرەكییەكانی دیموكراتیە نوێیەكان ئەوەیە، پارتی حكومڕان ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێك دەبێتەوە كە ئۆپۆزسیۆنەكە دژی دیموكراتی و دژی سیستمە دیموكراتیەكەیە

پرسیارەكە ئەوەیە چی بكرێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی بونیادی پارتە سیاسییەكان بە چەشنێك هاوكاربن لە پەرەپێدانی بەها سیاسییە دیموكراتیەكاندا، لەلایەكی دیكەش زۆرجار حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن سەرسەختانە كاردەكەن و زیان بە دیموكراتی دەگەیەنن، بۆیە پێویستە پاڵنەر بۆ ئۆپۆزسیۆن دروستبكرێت بۆ ئەوەی بەباشی رەفتار بكەن، لەبەر ئەوەی هەندێ جار ئۆپۆزسیۆن هێندە سەرسەختانە كاردەكات، پێكەوە گونجان و ڕێككەوتن ڕەتدەكاتەوە تەنیا تەركیز لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمەكە دەكاتەوە. واتە چارەسەرەكە خوڵقاندنی پاڵنەرە بۆ ئەوەی بەباشی رەفتار بكەن، بۆ نموونە لە ڕێی هاوبەشی پێكردنیانەوە، بەڵام دەرفەتیان بۆ دروست بكرێت بۆ ئەوەی لە هەندێ بواردا هاوبەشی لە دەسەڵاتدا بكەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەتەواوەتی لە پرۆسە سیاسییەكە بكرێنە دەرەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە سەرهەڵدەدا دەست بكەن بە چالاكی دژی سیستمەكە، بەڵام ئەگەر لە هەندێ بواردا بەشدارییان پێبكرێت یاخود ڕاوێژكاریان پێبكرێت، ئەوا ئەم ئەگەرە-دژایەتیكردنی سیستمەكە- كەمتر دەبێتەوە. زۆرێك لە زانا سیاسییەكان باسیان لەوە كردووە باشترین ڕێگەچارە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی بەرپرس كە گیانی پێكەوەگونجانی هەبێت ئەوەیە سیستمەكە ئەوو پارتانە لە خۆبگرێت، پێم وایە ئەمە بە شێوەیەكی گشتی ڕاستە)).

### گێڕانەوەی متمانە لەنێوان حزب و خەڵكدا

یەكێك لەو حاڵەتانەی كە دەبێتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی لە كۆمەڵگەی دیموكراتی، هاتنە خوارەوەی ئاستی متمانەی هاووڵاتیانە بە حزبە سیاسییەكان، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەی وەك دیاردەیەك لە پرۆسەی دیموكراتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەردەكەوێت، بەڵام ئەم كێشەیە كێشەی وڵاتانی پێشكەوتوو و وڵاتانی تازە پێگەیشتووشە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دامەزراوەكانی دیموكراتی بەباشی ڕەگی دانەكوتیوە، بۆیە وەك دیاردەیەكی ترسناك خۆی دەخاتە ڕوو، لەم بارەوە پسپۆڕان مەترسییەكانی ئەم حاڵەتە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەم خاڵانە چڕ دەكەنەوە:

١- سەبارەت بەو حزبانەی هەڵبژاردن دەبەنەوە و حكومەت پێكدەهێنن، ئەدایان ناگاتە ئەو ئاستەی بەڵێنەكانی هەڵبژاردن و ڕەفتاری پراكتیكیانیان هاوسەنگ بێت یان نزیك بێت لە هاوسەنگیەوە، بۆیە هاووڵاتیان لەم ناهاوسەنگیەوە متمانەیان بە حزبەكان لاواز دەبێت.

٢- حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن كە بوون بە ئۆپۆزسیۆن وەك دۆڕان لە هەڵبژاردن و لەدەستدانی دەسەڵات سەیر دەكەن، پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن بۆ ئەوەی بەهەر جۆرێك بێت بگەنەوە دەسەڵات، ئەمە وادەكات حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی بیر لە دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بكەنەوە، بیر لەوە دەكەنەوە تەواوی سیستمە سیاسییەكە ڕەتبكەنەوە، بانگێشەی ئەوە بۆ دامەزراوەكانی سیستمە دیموكراتیە بكەن، كە هۆكارێكە بۆ هەژاری و گەندەڵی، بۆیە پێویستە بەرێگەی سندوقەكانی دەنگدان ئەو سیستمە بگۆڕێت و سیستمێكی پۆپۆلیستی دابمەزرێت.





ئایرا سموڵنسکی بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسییەکان یاریدەدەرن لە ڕێکخستنی رای گشتی و بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی، ئەرکی پارتە سیاسییەکان بریتییە لە هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی

٣- زۆربەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەوانەی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان، دەوڵەتی دوای تەنگژەن(post conflict)ن، واتە ئەو دەوڵەتانەن کەهێشتا دامەرزاوە سیاسیی و دەوڵەتیەکان بەو ئاستە بەهێز نین، بۆیە پرۆسەی دیموکراتی کە خۆی پرۆسەیەکە بەردەوام لەبەردەم رەخنەدایە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەم رەخنانە جۆرێك لە ئاڵۆزی و یەکتری رەتکردنەوە دروست دەکات.

٤- راسپاردەی پسپۆران و شارەزایانی قۆناغی راگواستن بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە کە هەموو پێکەوە هەوڵبدەن دامەزراوە سیاسییەکان و دامەزراوە دەوڵەتیەکان بەهێز بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر دامەزراوەی بەهێز نەبێت، ئەوا هەموو کات مەترسی دووبارە هەڵگیرسانەوەی تەنگژە کۆنەکان هەیە.

سەبارەت بەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کارین هیندرسۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی لیسیستەری بەریتانی و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر پرۆسەی دیموکراتی وڵاتانی پۆست کۆمونیست بە تایبەتی سلۆفاکیا و کۆماری چیك کرد، سەبارەت بەم لایەنەی پارتە سیاسییەکان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگە بۆ ڕێکخستنی بیروبۆچوون و بەدیلی سیاسی جیاواز، چونکە ئەگەر تەنیا پارتێکی سیاسی بوونی هەبێت، ئەوا بواری هەڵبژاردن و ئیختیارکردن بۆ خەڵك نامێنێتەوە، هەروەها بوونی ئاستێکی دیاریکراو لە متمانە و ڕێز لەنێوان حکومەت و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن زۆر یارمەتیدەرە لە پتەوکردنی دیموکراسیدا، چونکە ئەگەر هاوکاری هەبێت لە هەندێ بواردا ئەوە هەندێ چاکسازی و گۆڕانکاری ئاسانتر ئەنجام دەدرێن. دەبێت حکومەت مافی ئەوە دەستەبەربکات ئۆپۆزسیۆن نوێنەرایەتی خۆی هەبێت، بۆ نموونە لە پەرلەماندا، هەروەها کار بۆ ئەوە بکات ڕۆڵ و بەشداری ئۆپۆزسیۆن بونیادنەرانە بێت نەك تێکدەرانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، لێرەوە ئەگەر ئاماژە بە هاتنەخوارەوەی متمانەی پارتە سیاسییەکان بکەین، کەمبوونەوەی متمانە بە پارتە سیاسییەکان دیاردەیەکی جیهانیە و تەنیا دیموکراسیە نوێیەکان پێوەی گرفتار نەبوونە، بەڵکو لە ئەورووپای ڕۆژئاواش متمانە بە پارتە سیاسییەکان لە داکشاندایە. یەکێك لە هۆکارەکانی بێتمانەیی خەڵك بە پارتە سیاسییەکان، ئەوەیە پێیانوایە پارتەکان تەنیا هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە شەخسیەکانی خۆیان دەدەن، نەك بەرژەوەندی بەرفراوانی کۆمەڵگە، کە کارێکی لەم چەشنە وا لە پارتە سیاسییەکان دەکات بتوانن هاوکاری بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە بکەن. هەربۆیە گرنگە پارتە سیاسییەکان هەوڵی ئەوە بدەن چارەسەرێك بۆ جیاوازیەکانیان بدۆزنەوە لەبری ئەوەی کار بۆ دوورخستنەوە و کردنە دەرەوەی ئەو خەڵکانە لە پرۆسەکە بکەن کە هاوڕانین لەگەڵیاندا و بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەگەڵیاندا. کێشەکە ئەو کاتە سەرهەڵدەدات هێزی دژی دیموکراسی دروست دەبێت کە سازشکردن لەگەڵیاندا

**پێویستە بە کەلتوری دیموکراسی کێشەکان چارەسەربکرێن بۆئەوەی هاووڵاتیان پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی، پێویستە کەلتورێك لە کۆمەڵگە بچەسپێت بۆ لەباوەشگرتنی گۆڕانکارییەکان و جیاوازییەکان بە ئاشتی**



ڕەنگە تـــەواوی سیســـتمە دیموكراتیەكە بخاتـــە مەترســـیەوە. ئەمـــەش لەلایەك دەوەستێتەســـەر ئـــەو ئۆپۆزســـیۆنەی لە ئارادایە، لەلایەكی دیكەوە دەوەستێتەســـەر ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی یەكســـان بـــۆ بەكارهێنانی دەزگاكانـــی ڕاگەیاندن لەنێو پارتـــە سیاســـییە جیاوازەكاندا. بۆ




نموونـــە ئەگەر ڕۆژنامەكان بە باشـــی و وەك پێویست ئەركەكانی خۆیان ئەدا نەكرد، ئەوا ڕای گشـــتی باش ئـــاگادار نابن لە كارەكانی حكومەت، نەبوونی شـــەفافیەت لە بارەی چۆنیەتی داڕشـــتنی سیاسەت و بەڕێوەبردنـــی كاروبارەكانەوە دەبێتەهۆی لاوازكردنـــی متمانە و ئـــەو كاتە زەحمەتە پارتـــە سیاســـییەكان بتوانـــن كۆنتڕۆڵی كارەكانـــی یەكتـــر بكـــەن و چاودێـــری یەكتـــر بكـــەن و یەكتر لە ســـنوورەكانی خۆیاندا ڕاگرن. هەروەها یەكێك لە كێشـــە سەرەكیەكانی دیموكراسیە نوێیەكان ئەوەیە پارتی حكومڕان ڕووبەڕووی موعارەزەیەك دەبێتـــەوە كـــە دژی دیموكراتـــی و دژی سیســـتمەكەیە، هەندێ جار ئاسانترە وەك پارتی نایاسایی لەقەڵەمیان بدەیت، یاخود بیانكەیتە دەرەوەی سیســـتمە سیاسییەكە، هەنـــدێ جاریـــش زۆر باشـــترە ئاوێتەی سیستمەكەیان بكەیت)).

خاتوو كارین هندرســـۆن كە بەشێوەیەكی پراكتیكی كاری لەسەر پرۆسەی دیموكراتی وڵاتانی پۆست كۆمونیست كردووە، هەست بەو مەترسیە دەكات، كەزۆر جار لەو قۆناغە ناسكەدا، پرۆسەی دیموكراتی ڕووبەڕووی هێـــزی نادیموكراتی یان دژی سیســـتمە سیاسییەكە دەبێتەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دەیڤد پاك یو لیۆن ئوســـتادی زانستی سیاســـەت لەزانكۆی مینۆســـۆتا كرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خـــۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو وتـــی: (لە سیستمی دیموكراسیدا، هاووڵاتیان خوازیارن بۆ دەستاودەستكردنی دەسەڵات بەشێوەیەكی ئاشـــتییانە، بۆیە پارتە سیاسییەكان ڕێگە فەراهەم دەكەن بۆ ئەو دەستاودەستكردنە بۆ دەسەڵات بەشێوەیەكی ئاشتییانە و ڕێكخراو، بەڵام پێموایـــە لەهەموویان گرنگتر ئەوەیە كە سیســـتەمە سیاســـییەكە سیستەمێكی

**بوونی ئاستێكی دیاریكراو لە متمانە و ڕێز لەنێوان حكومەت و پارتەكانی ئۆپۆزسیۆن زۆر پارمەتیدەرە لە پتەوكردنی دیموكراسیدا، چونكە ئەگەر هاوكاری هەبێت لە هەندێ بواردا ئەوە هەندێ چاكسازی و گۆڕانكاری ئاسانتر ئەنجام دەدرێن**



جۆن ئیشیاما بۆ گوڵان:

## هەندێ جار ئۆپۆزسیۆن هێندە سەرسەختانە كاردەكات كە پێكەوە گونجان و ڕێككەوتن ڕەتدەكاتەوە تەنیا تەركیز لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمەكە دەكاتەوە، بۆیە دەبێت دەرفەتیان بۆ دروست بكرێت بۆ ئەوەی لە هەندێ بواردا هاوبەشی لە دەسەڵاتدا بكەن

ركابـــەر بێت، لەم حاڵەتـــەدا ئەركی پارتی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە چاودێریكردنی پارتی دەسەڵات لە حكومەتدا. كەواتە ئۆپۆزسیۆن كارێكـــی چاودێریـــی هەیە، بەشـــێوەیەك كـــە ئەگەر هات و پارتی دەســـەڵات هەر ڕەفتارێكی نادروست یان نابەجێی ئەنجامدا ئەوكات پێویستە لەسەر پارتی ئۆپۆزسیۆن هاووڵاتیـــان ئاگاداربكاتـــەوە لەبارەی ئەو هەڵەیەی هەیە. بەڕای من ئۆپۆزســـیۆن هاوكاریی سیســـتەمەكە دەكـــەن بۆئەوەی پارتی دەسەڵاتدار دەسەڵاتەكانی حكومەت خراپ بەكارنەهێنێت. بۆ چارەســـەركردنی كێشـــەكانیش چەندیـــن هـــۆكار هەیـــە. لەگەڵ هەبوونی كەلتوری دیموكراســـی، ئەوكات دەكرێ جیاوازیە سیاســـییەكان بە ڕێگەچـــارەی ئاشـــتییانە یەكلابكرێنەوە. پێویستە بە كەلتوری دیموكراسی كێشەكان چارەســـەربكرێن بۆئەوەی هاووڵاتیان پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی. پێویســـتە كەلتورێك لە كۆمەڵگە بچەســـپێت بۆ لەباوەشگرتنی گۆڕانكارییـــەكان و جیاوازییـــەكان بـــە ئاشتییانە.



# جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی هەولێر بارودۆخی عێراقی بەرەو ئاڵۆزی بردووە





**د.ئەزهار شێخلی بۆ گوڵان:**

## ئێستا بە ئاشکرا هەست دەکرێت دەسەڵاتەکان لای سەرۆک وەزیران چڕبۆتەوە، هەروەها دەسەڵاتەکانی هەر یەک لە وەزیرەکانی ناوخۆ و بەرگریش ئێستا لای سەرۆک وەزیرانە، ئەمەش هەڵەیەو تەنیا بۆ بەرژەوەندی سەرۆک وەزیرانە

یەکێك لە سیما جوانەکانی دەوڵەتی فیدرالی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالیە، بەڵام ئەوەی ئەم ماوەیە لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق تێبینی دەکرێت، ڕەتکردنەوەی دروستکردنی هەرێمەکان و چڕکردنەوەی دەسەڵاتە لەدەستی سەرۆك وەزیراندا، ئەم هەنگاوانەش لەگەڵ ئەوەی پێچەوانەی دەستووری عێراقە لەهەمانکاتدا مەترسی ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە بەجۆرێك دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆك وەزیراندا چڕبێتەوە کە پاشان مەترسی لەسەر ئاییندەی دیموکراسی و فیدرالی لەعێراقدا دروست بکات.

ساڵی پار دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٩ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بە دەستپێشخەری بەڕێز مسعود بارزانی لایەنە سیاسییەکان توانیان بگەنە ڕێککەوتنێك و لە هەولێر هەموو ئیمزای لەسەر بکەن، بەڵام هێشتا چەند خاڵێکی ئەو ڕێککەوتنە کە هەموو لایەنەکان ئیمزایان لەسەر کردووە، جێبەجێ نەکراوە و بۆتە کێشەیەکی ئاڵۆز لەنێوان لیستی ئەلعراقیە بە سەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاوی و لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی، ڕەتکردنەوە یان خۆدزینەوە بەبیانووی جۆراوجۆر لە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی هەولێر، کێشەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی دەرگای هەموو مەترسیەکان واڵا بن و ئەگەری هەموو مەترسیەك بێتە ئاراوە، سەبارەت بەهەڵپەساردنی خاڵەکانی نێو ئەو ڕێککەوتنە د.ئەزهار شێخلی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە و وەزیری پێشووی کاروباری ئافرەتان لە حکومەتی کاتی عێراق، بەم جۆرە بەگوڵانی ڕاگەیاند، نەدەبوو لیستی ئەلعراقیە سازش لەسەر مافی هەڵبژاردنی خۆی بکات و خۆی بگەیەنێتە ئەم قۆناغە کە ئێستا لایەنی بەرامبەر خۆی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بدزێتەوە. سەبارەت بەم لایەنە د.ئەزهار بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (سەبارەت بە مەسەلەی ناکۆکییەکان ئەوە مەسەلەیەکی ئاشکرایە و لەچوارچێوەی چەند بابەتێکی دیاریکراوە، لەهەموویان گرنگتر مەسەلەی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» و بەندەکانی ڕێککەوتنەکەیە لەڕووی مەسەلەی چاکسازیی سیاسی و دادوەری و تەشریعی، هەروەها لەبارەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، وێڕای مەسەلەی پۆستی وەزیری بەرگری. ئەمانە دیارترین خاڵەکانی کێشەکانن لەنێوان «عێراقیە» و بەتایبەتی لەگەڵ «دەوڵەتی یاسا»دا، هیواداڕین لەمیانی ماوەی داهاتوودا چارەسەرێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەم ناکۆکییانە لەبەرئەوەی چەندین لایەنی هەڵپەستراو لەئارادا هەن و پەیوەستن بە چەندین مەسەلە لەبارەی ئەدای حکومی و پەرلەمانی)).

د.ئەزهار شێخلی سەبارەت بەو لایەنەی بۆتە هۆکاری ئەم بارودۆخە، لە درێژەی لیدوانەکەیدا پێی وتین: (لەڕاستیدا، من تاوانی ئەم مەسەلەیە دەخەمە ئەستۆی لیستی «عێراقیە» لەبەرئەوەی لیستی «عێراقیە» هەر لە سەرەتاوە ڕازی بوو بە سازشکردن لەسەر مافەکانی هەڵبژاردنی خۆیی کە مافێکی دەستووری بوو، ئەم ڕێگەچارەیەی قبووڵکرد لەپێناو چارەسەرکردنی قەیرانەکە، بەڕای من ئەم سازشکردنە جۆرە قوربانیدانێکی تێدا بوو بۆئەوەی پرۆسە سیاسییەکە بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەبچێت و حکومەت پێکبهێندرێت، ئەویش پاش بەرزبوونەوەی دەنگەکانی ناڕەزایی لەبارەی دواکەوتن لە پێکهێنانی حکومەت، بەڵام بەداخەوە «موماتەڵە» هەبوو لەلایەنی لیستی دەوڵەتی یاساوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەندەی ڕێککەوتنەکە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی لیستی دەوڵەتی یاسا پێش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە بەتەواوەتی لەسەر بەندەکە دیرایەستی نەکردبوو؟ بەڵام ئێستا دێن و وتووێژ لەسەر ئەوەدەکەن، ئەنجوومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان پۆستێکی ڕاوێژکاریی بێت یان جێبەجێکاری یان دەستووری ...و تاد؟ دەکرا پێش دەربڕینی ڕەزامەندی و واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە وتووێژ لەسەر ئەم خاڵانە بکرابا. ئەمە جۆرە «موماتەڵە»یە، بەخۆشتان دەزانن کە ئەوە نزیکەی یەك ساڵ و نیو تێپەڕییە لەسەر هەڵبژاردنەکان و هێشتا هەڵوێستەکان بەشێوەیەکی تەواو ئاشکرا نین و نازانین کە ئایا ئەوان ڕەزامەندن لەسەر ئەم مەسەلەیە یاخود ڕەتیدەکەنەوە. بۆیە پێموایە جۆرە «موماتەڵە» و دواخستنێك لەلایەنی دەوڵەتی یاساوە لەمبارەیەوە هەیە)).

سەبارەت بە کاریگەری ئەم دواخستنە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق، د.ئەزهار شێخلی وتی: (پاش ساڵ و نیوێك بەسەر هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، دەبینین زۆربەی دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆك وەزیراندا چڕبۆتەوە، بەشێوەیەك کە تەنانەت دەستنیشانکردن و ڕێکخستنی مەسەلە بچووکەکانیش لەلایەن ئۆفیسی فەرماندەی گشتیەوە ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ چەندین لایەنی زۆر. وێڕای کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتەکانی هەر یەك لە وەزیرەکانی ناوخۆ و بەرگریش ئێستا لای سەرۆك وەزیرانە، بەڕای من ڕوودانی ئەم شتە هەڵەیە و ئەمەیش لەپێناو بەرژەوەندیی

**د.سەعد حەدیسی بۆ گوڵان:**

# لیستی عێراقیە کارتێکی فشاری ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە هەتا بتوانێت لیستی «دەوڵەتی یاسا» ناچاربکات هەموو وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر»، جێبەجێ بکات



خودی بەڕێز «مالیکی»، لەبەرئەوەی ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هەموو کێشەکان لەئەستۆی خۆی دەگرێت، لەڕووی خڕوقاتە ئەمنییەکان کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن، تەنانەت گەر لەڕووی ئاسایشی ناوخۆیی بێت یانیش لەڕووی ئاسایشی دەرەکی، بۆنموونە بۆردومانکردنی سنوورەکان لەلایەن «ئێران»، وەکو وەزیری بەرگری پێویستە سەرۆک وەزیران لەم بارەیەوە هەڵوێستی هەبێت، وێڕای هەوڵە دیپلۆماسییەکان، ئەو بەرپرسیار دەبێت لەسەر هەموو کێشەکان و خڕووقاتەکانی ئاسایش. بۆیە، لەبەرژەوەندیی خۆیدا دەبێت ئەگەر ئەم دەسەڵاتانە دابەشبکرێت، مەبەستم پێویستە وەزیر دەستنیشان بکرێت بۆ هەر یەك لە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ. سەبارەت بە وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمە وەزارەتی دەوڵەتە، لەوانەیە بمێنێت و لەوانەشە نەمێنێت، بەڵام ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە، وابزانم ئەم وەزارەتە بە وەکالەت دراوە بە بەڕێز «فالح فەیاز»، وابزانم وایە، بەڵام بەڕێز مالیکی کە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە و وەزیری بەرگری و ناوخۆیە، پێموایە ئەمە بەرپرسیارەتییەکی زۆر گەورەیە، بۆیە دەبا ئەو لەمبارەیەوە هەستی بە نیگەرانی بکردبا و پەلە بکات بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکان بۆ وەزارەتە ئەمنییەکان)).

### ڕەتکردنەوەی دروستکردنی هەرێمەکان پێشێلکردنی دەستووری عێراقە

ڕەتکردنەوەی دروستکردنی هەرێمەکان بە بیانوی ئەوەی ئێستا کاتی ئەوەنییە هەرێمی دیکە لە عێراقدا دروست بکرێت، بەهەوڵێکی دیکەی حکومەتی عێراق دادەنرێت بۆ ڕێگرتن لەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بەحکومەتە لۆکاڵ و هەرێمیەکان، سەبارەت بەم لایەنە د.سەعد حەدیسی کە نووسەر و شرۆڤەکارێکی سیاسیی عێراقییە، لەلێدوانێکی لەسەر ئەم بابەتە بۆ گوڵان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەم هەنگاوە پێشێلکارییەکی دەستوورییە و هەوڵێکە بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی حکومەتی مالیکدا، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئێستا مەسەلەکە لای زۆربەی قەوارە سیاسییەکان ئاشکرابووە، بەوەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو(لیستی دەوڵەتی یاسا) دەیەوێت هەموو رایەڵە سەرەکیەکانی پرۆسەی سیاسیی و دەسەڵات بەدەستی خۆیەوە بێت، هەروەها دەیەوێت هەموو دۆسێی ئاسایش و بەرگریش لەدەستی خۆیدا بێت.

لەسەر ئەم مەسەلەیەش لەنێو هەموو هاوبەشە سیاسییەکان و تەنانەت لەناو ئەو قەوارە سیاسییانەش کۆدەنگی لەسەر مەترسی ئەم هەڵوێستە دروست بووە.

هەڵبەتە ئاشکرایە ئەم هەوڵانە لەژێر پەردەیەکی دەستووری دەدرێن و سەرۆك وەزیران وەکو فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، کە لەخۆیدا پێویستە خاوەن بڕیاری ڕەها بێت لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنی، پێدەچێت هەوڵدان هەبێت تەنانەت لەسەر دۆسیەی وەزارەتی ناوخۆ-ش. ئەمڕۆش کە ناکۆکی لەنێوان «عێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا» هەیە لەسەر کاندیدی وەزارەتی بەرگری، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی لەسەر کاندیدی وەزارەتی ناوخۆش کێشە هەیە، لەکاتێکدا پۆستی وەزارەتی بەرگری بەر لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی دەکەوێت، کە لیستی دەوڵەتی یاسا خۆی بەشێکە لەو لیستە، هەروەها لەوانەشە وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی و دەزگای هەواڵگری-ش بکەوێتە بەشی ئەوان. پێموایە هەوڵدانێك هەیە بۆ «موماتەڵە» و دواخستن یاخود هێشتنەوەی بارودۆخەکە بەو شێوەیەی کە ئێستا وایە. ئەم شتانە بەلای هەمووانەوە روون و ئاشکرایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، لایەنی سپۆنسەری ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» کە لەبەر رۆشنایی ئەو ڕێککەوتنە حکومەت پێکهات، هێشتا هیچ هەڵوێستێکی روونی وەرنەگرتووە، سەبارەت بە هۆکارەکانی پشت دواکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، یاخود لەبارەی ئەو لایەنانەی کە خۆیان دزیوەتەوە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، تەنانەت ئەو پێشنیارەشی کە سەبارەت بە دەنگدان لەسەر ئەنجوومەنی سیاسەتی باڵا یان ستراتیژی لەناو ئەنجوومەنی وەزیران و پاشان لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت پێشکەشکرا، وادیارە ئەو پێشنیارە پەسەندنەکرا لەنێو لایەنەکان لە «هاوپەیمانی نیشتمانی» و لەسەروویانەوە لیستی «دەوڵەتی یاسا»، بۆیە من پێموایە کە ئەم قەیرانە لە ئاییندەیەکی نزیکدا چارەسەرناکرێت، واشبزانم کە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لیستی «عێراقیە» خاوەن کارتێکی فشاری راستەقینە نییە کە لەڕێگەیدا بتوانێت لیستی «دەوڵەتی یاسا» ناچاربکات یاخود ئیلزامی بکات بە جێبەجێکردنی هەموو وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر»، لیستی «عێراقیە» تەنیا بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» پیشان دەدات و هاوکات من پێموایە کە وردەکارییەکانی ئەم ڕێککەوتنە زۆر روون و ئاشکرا نییە، لەبەرئەوەی چەند خاڵ و بڕگەیەکی گشتیی لەخۆگرتووە، تەنانەت هێزە سیاسییەکانیش، ئەوانەی کە



**ئیبراهیم سومێدعی بۆ گوڵان:**

## سەرۆک وەزیران فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر لەساڵێکە نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات، ئەوا پێویستە لەسەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سازشێک بکات

واژۆیانکردووە، لەوانەیە جیاوازی لەنێوانیاندا رووبدات لە شیکردنەوەی بەندەکانی ئەم رێککەوتنە)).

سەبارەت بە رەتکردنەوەی دروستکردنی هەرێمەکانیش د.سەعد حەدیسی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پێی راگەیاندین: (بەداخەوە خەریکە دەگەینە ئەوەی بڵێین لەسەر بەند و برگەکانی دەستووریش ئەمڕۆ کۆدەنگیی هەمووانی لەسەر نەماوە، گەورەترین نموونە لەمبارەیەوە لێدوانەکەی سەرۆك وەزیرانە کە ٢ هەفتە بەر لە ئێستا سەبارەت بە مەسەلەی پێکهێنانی هەرێمەکان لە پارێزگاکانی رۆژئاوا، وتی: «ئەوانەی کە داوای دروستکردنی هەرێمەکان دەکەن، داواکارن بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی». لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە لەڕووی دەستوورییەوە زامنکراوە، ئەو فیدرالییەتەی کە پێشتر هەموومان لەسەری کۆدەنگ بووین، ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی جێبەجێکردنی، لەکاتێکدا فیدرالییەت لە دەستوور-دا هاتووە و هەمووان لەسەری کۆکین)).

بەڵام د.ئەزهار شێخلی لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ ئەوەدا نییە هەر پارێزگایەك ببێتە هەرێمێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەدایە عێراق ببێتە دوو هەرێمی فیدرالی، هەرێمی کوردستان و هەرێمێکی عەرەبی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالیدا، لەمبارەوە لە درێژەی قسەکانیدا پێی وتین: (وەکو رایەکی شەخسی، ئێمە وەکو وڵاتی عێراق خاوەن پانتاییەکی فراوان نین و هاوکات ژمارەی دانیشتوانمان زۆرە، بۆنموونە وڵاتانێك وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەشێ ببێت بە دەوڵەتێکی فیدرالی لەبەرئەوەی هەر ویلایەتێك لە ویلایەتەکانی بە قەد قەبارەی عێراق گەورەیە و لەوانەشە گەورەتریش بێت، بەڵام دەشێ دوو هەرێم پێکبهێندرێن، هەرێمێکی کوردی، لەگەڵ دروستکردنی هەرێمێکی عەرەبی لە پارێزگاکانی تر، ئەمە وەکو دابەشکردنێکی جوگرافی، هەرێمێك لە باکوور و ئەو دوای پارێزگاکانی تر لە باشوور بکرێن بە هەرێمێك، هاوکات هەرێمەکان بە ئیدارەیەکی نامەرکەزی بەڕێوەببردرێن، دەستووریش ئاماژەی کردووە بە ئیدارەی نامەرکەزی و دەسەڵاتی فراوانی بە پارێزگاکان بەخشییە و چاودێریی دارایی و ئیدرایی لەسەریان سنووردار کردووە. بۆیە وەکو رایەکی شەخسی، بەڕای من لە پێکهێنانی هەرێمەکان و فیدرالییەت گرنگتر ئەوەیە کە پارێزگاکان ئازادییان هەبێت لە دروستکردنی بڕیارەکان و بەڕێوەبردنی کاوربارەکانیان لەسەر ئاستی لۆکاڵ و بەگەڕخستنی سامانەکانیان لەپێناو بەجێگەیاندنی پێداویستیی دانیشتووەکانیان. بۆیە ئەمە رایەکی شەخسی خۆمە، من لەدژی بیرۆکەی فیدرالییەت نیم)).

بەڵام ئیبراهیم سومێدعی نووسەر و شرۆڤەوانی سیاسی و نزیکە لە دەوڵەتی یاسا، بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمەکان کە بەم دواییە لەلایەن سوننەکانەوە دواکراوە، وەك دەستێوەردانێکی دەرەکی ئاماژەی پێدەکات و لەمبارەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (بەڕای من بارەکە بەوشێوەیە ئاڵۆز نییە، لەبەرئەوەی لە پشت پەردەکان هەموو سیاسەتوانەکان رێککەوتوون، تەنانەت رکابەرەکانی «مالیکی»ش، جگە لە «د.ئەیاد عەلاوی» نەبێت، هەموویان رێککەوتوون، بەڵام پێموایە تێکهەڵکێشی ئەجێندا هەرێمییەکان و دۆسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیکرد بە دەستێوەردان لە «عێراق» و بارەکەی بەوشێوەیە ئاڵۆزکرد و بەڕای من دوایین دەستێوەردان بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمی سوننەکان-ە کە بەم دواییانەدا هەندێك لایەن پروپاگەندەیان بۆ دەکرد، ئەم مەسەلەیە بەشێکە لە ناکۆکییەکی شاراوە و هەرێمی، بەشێوەیەك کە ئەم ئەجێندا هەرێمییانە خۆیان سەپاندوو بەسەر بڕیارەکانی سەرکردە سیاسییەکانمان، بەواتایەکی دیکە ئەمڕۆ ناکۆکییەکانمان ناکۆکیی عێراقی – عێراقی نییە بۆئەوەی بەخۆمان بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵکو ئاشکرایە کە دۆسیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارودۆخەکانی «عێراق»ی بەرەو خراپتر بردووە و بەڕاشکاوانە دەڵێم کە کاریگەرییەکانی بەسەر سیاسەتوانە عێراقییەکان-ەوە دیارە و بەداخەوە زۆربەی سیاسەتوانان پێوەندییان بە ئەجێندای «غەیرە عێراقی»یەوە هەیە.

هەروەها لە دەستووردا هاتووە کە ئەم دەسەڵاتانە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاری یان سەرۆك وەزیران وەکو فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، بەڵام لێرەدا دەمەوێ بە سەرۆك وەزیران بڵێم، لەبەرئەوەی تۆ پاش یەك ساڵ زیاتر لە هەڵبژاردنەکان نەتوانیت ئەو شتە جێبەجێ بکەیت، بۆیە پێموایە کە پێویستە لەسەر سەرۆك وەزیران بۆ ئەم جارەیان سازشکردنێك بکات و لایەنەکانی تر هاوبەش بکات لە دۆسیەی ئاسایش، بەلایەنی کەمەوە بۆئەوەی پاساوەکانیان نەهێڵێت، لەبەرئەوەی دەستێوەردان لە دۆسیەی ئاسایش دەبێتەهۆی رێگەگرتن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی سیاسی، ئێستاش ئەم شتە روویداوە، ئێستاش هەموو لایەنێك ئەم مەسەلەیەی وەکو کارتێك بەکارهێناوە و لەسەر برینەکەی دۆسیەی ئاسایش گەمە دەکەن)).

# جیابوونەوەی باشووری سودان و دوورابیە ئاینییەکانی

جیابوونـــەوەی باشـــووری ســـودان لەســـودان لەگەوهـــەردا دوو مانای لـــێ هەڵدەکرێندرێ. یەکێکیان شکســـتی ئەزموونی پێکـــەوە ژیانی ئیسلام- مەسیحیەتە لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتداو ئـــەوی تر بـــەو مانایە دێ کەجیهانی ئیســـلام یەکێ لەگرنگتریـــن پردەکانی لەگەڵ ئەفریقیای ڕەش پێســـت لەدەستداوە چونکە باشووری سوودان بەدرێژایی نیو سەدەی ڕابردوو دەروازەی جیهانی ئیسلام بوو بەرەو ئەفریقیا.

بـــەڵام شکســـتی ئەزموونی پێکـــەوە ژیانی ئیســـلام- مەسیحییەت لەســـودان بەو مانایە نایە کەئیسلام و مەســـیحیەت ناتوانن لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین و هەروەها بەو مانایەش نایە کەجیهانی ئیســـلام بە لەدەستدانی باشووری سودان، هەموو دەروازەکانی بەرەو ئەفریقیای ڕەش پێست لەدەستداوە.


بـــەڵام لەهەمان کاتدا جیابوونەوەی باشـــووری ســـودان دەرفەتێکە بۆ پەند وەرگرتن لەشکســـتی ئەزموونی پێکەوە ژیانی ئیســـلام- مەســـیحیەت لەچوارچێـــوەی یەك دەوڵەتدا. لـــەم ڕووەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەپێوەندیی باکوورو باشوور لەزۆربـــەی قۆناغەکانی مێـــژوودا پێوەندییەکی خراپ بووە. پرۆســـەی مێژویی بەموســـڵمانبوون لەسەر سنووری باشـــووری سودان گیری خوارد. ئەمەش ئاماژە بۆ شکستێکی تری موسڵمانەکان دەکا، ئەویش شکســـتە لەبڵاوکردنەوەی ئیســـلام لەباشووری ســـودان. باشوور تەنانەت پێش ئەوەش کەگەرای مەســـیحیەتی تێدا دابندرێ، بەچاوی گومانەوە سەیری موسڵمانەکانی باکووری دەکرد.

لەســـەردەمی محەمەد عەلی پاشـــای میسر کەدەســـتی بەسەر ســـوداندا گرت، میسر بەپێی بەرنامەیەکـــی سیســـتماتیك پەرەپێدانـــی هێزی سوپایی خۆی لەسەر دوو ســـەرچاوە دامەزراند، یەکێکیان جوتیارانی میســـرو ئەوی هاووڵاتییانی باشـــووری ســـودان بوو. بەم پێیـــە، جوتیارەکان بـــەزۆر دەکـــران بەســـەربازو هاووڵاتییانی ڕەش پێستی باشووری ســـودانیش دەرفێنران و زۆریان دەکران بەســـەربازو کەمێکیشیان وەك کۆیلە دەکران بەخزمەتکار. لەم ســـۆنگەیەوە، بازرگانیی کۆیلە لەو ماوەیە زۆر پەرەی سەند، بەڕادەیەك کەیەکێ لەگرنگتریـــن هۆکانـــی شۆڕشـــی محەمەدی مەهدیی ڕابەری ئاینیی ســـودان لەهەشـــتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەدژی بریتانیا، پابەندبوونی بریتانیا بوو بەقەدەغەکردنی بازرگانیی کۆیلە.

بەم پێیە، لەکاتێکدا کەموسڵمانەکان نەیانتوانی ئیســـلام لەباشـــووری ســـودان بـــڵاو بکەنەوە، گرووپە مژدەبەرە مەســـیحییەکان لەبڵاوکردنەوەی مەســـیحییەتدا ســـەرکەوتووتر بون چونکە باکوور لەمێمۆریی گشـــتگیری باشـــووردا هەمیشـــە هاوتەریب بووە لەگەڵ کۆیلەداری و چەوسانەوە.

هەوڵی دوو سەرکردەی سودان کەبریتین لەجەعفەر نومەیری و عومەر بەشیر بۆ ناساندنی سودان وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی، هیچ دووربینیی تێدا نەبوو چونکە هەوڵەکە بوو بەمایەی تۆقاندنی باشـــوور لەپەرەسەندنی تەوژمی توندڕەویی ئیسلامگەرایی. ئەوەش بۆ خۆی مایەی تێڕامانە کە لەگەڵ هاتنە ســـەر کاری بەشیردا، هیچ هاووڵاتییەکی باشوور ئەگەر ناوی مەسیحیی خۆی نەگۆڕییایە بەناوێکی ئیسلامی، لەفەرمانگەکانی دەوڵەت دانەدەمەزرا. ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییانی باشـــوور هێشتا هەوڵەکانی بەزۆر بەموسڵمان کردنیان لەیاد ماوە، لەوانە قەشە بنیانین لۆکیۆ لیمی کەساڵی ١٩٩٢ ســـەربازەکانی باکوور گرتیان و هەڕەشەی ئەوەیان لێ کرد کەئەگەر نابێ بەموسڵمان دەیکوژن بەڵام خۆشبەختانە پاش مانگ و نیوێك بەهۆی فشاری کەنیسەوە ئازاد کرا.

سوکایەتی کردن بەهاووڵاتییە ناموسڵمانەکانی باشـــوورو پەراوێزخســـتنی ناوچەکانیـــان و بەکارهێنانـــی هێز بۆ لەناوبردنـــی تایبەتمەندی و ناســـنامەیان، لەمپەرێکـــی گـــەورەی لەنێوان باشوورو باکوور دروســـت کرد. بەڵام سودان تەنیا لەدەســـتەبەرکردنی پێکـــەوە ژیانی و ئیســـلام و مەسیحیەت شکستی نەخواردووە، بەڵکو هەروەها لەپەرەپێدانی دیموکراسییەکەی و لەبڵاوکردنەوەی کەلتوری لێبوردن و یەکتر قبوڵ کردنیش شکستی خواردووە. بۆیە ئەگەر پەند لەجیابوونەوەی باشوور وەرنەگیرێ، بەدڵنیاییەوە تووشی چەند قەیرانێکی تریش دەبێ کەکاریگەرییان لەسەر بەردەوامبوونی وەك دەوڵەتێکـــی یەکگرتـــوو لەکاریگەریـــی جیابوونەوەی باشوور کەمتر نابن.



فەرید ئەسەسەرد

# تۆپبارانی سنوورەکانی کوردستان لە نێوان بێ خەمی حکومەتی ناوەندی و چارەسەرە چاوەڕوانکراوەکاندا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بۆردومانەکانی کە بە تۆپ و فڕۆکەی جەنگییەوە لەدژی کوردستان ئەنجام دەدرێن، زۆربەی گوندە سنوورییەکانیان کوردستانی خستۆتە ژێر هێرشی ئاگروئاسنی خۆیانەوە. ناوبەناو ئەم بۆردومانە سەرسەختانە دەبنە هۆی ڕووخانی خانووبەرە و کوشتنی مەڕومالاْت و سوتانی رەزو باخی گشتی و تایبەتی هاووڵاتیان، لە هەمووی سامناکتر کەوتنەوەی قوربانییە لەناو ریزەکانی خەڵکی سڤیلدا. مەرگی ناگەهانی تۆپەکان جارناجار چەندین ڕۆحی مرۆڤی ئەو ناوچەیە دەچنێتەوە. ئەو هێرشە دوژمنکارانە لەسەر ئاستی ژێرخانی ئابووری زیانی گەورەی لێکەوتۆتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی چنینەوەی ڕۆحی خەڵکانی بێ گوناه، ڕۆحی کەسێك کە ساڵەهای ساڵە وەك سەرمایەیەکی رەمزی و مانەوی کە پێویستە ژیانی زامن بێت، بەڵام بەهۆی گوللە تۆپەکانەوە لەسەر سنوورەکاندا هەلاهەلا دەکرێت. جگە لەو پرۆسەی وێرانکردن و گۆڕین و خستنەوەی ترس و سامناکییەی کەلەلایەن دەستدرێژی کارەکانەوە دەکرێتەسەرخاکی کوردستانی عێراق، تاکو بەو شێوەیە نەخشەی نێودەوڵەتی سەرسنوور بێگوێدانە هەڵوێستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بگۆڕدرێت، گرفتەکە لەوەدایە ئەم کەللە ڕەقیانەی کە لە پشتەوەی پرۆسە جەنگییەکانی ئەو وڵاتانەوەیە بەتەنیا ناکرێت لە ڕووی هەرێمیەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، گرفتی سەرەکی تر کە جێی ئاماژە پێدان بێت پێوەندی هەیە بە هەڵوێستی حکومەتی ناوەندییەوە کە خۆی لەم پرسە گرنگە چارەنووسسازە دەدزێتەوە، چونکە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی ئاسایش و سەربازیی ئامادەیی تەواوی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتانەی سەر سنوورەکان، حکومەتی ناوەندی عێراق هەر هێندەی لەباردایە کە ناوبەناو لە ژێرناوی بەرگریکردن لەسەروەری نیشتمانی و پارێزگاری کردن لە خاکی نیشتمان و هاووڵاتیانی وڵات، هێزێکی سەربازی پڕ چەك و جبەخانە کۆبکاتەوە تا گەمارۆی شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستانی پێ بدات و بازووی خۆیان نیشانی گەلی کورد بدەن، بەڵام ئەم هێزە بازوو تۆکمەو زبرە لە بەرامبەر دوژمنانی ئەو دیو سنووردا کە ڕۆژانە بەتۆپ و فڕۆکەوە خاکی کوردستان دەکێڵن، متەقیان لە خۆیان بڕیوە.

لەلایەکی ترەوە بەرپرسانی کوردستان بەردەوام ڕایدەگەیەنن کە هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ ئەو گرفتە هەڵپەسێراوانەی نێوان هەرێم و ناوەند سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، هەروەها پێویستیش ناکات بە ئاگر و ئاسن لەسەر خاکی کوردستانەوە کێشەی وڵاتانی تر یەکلایی بکرێنەوە، چەندین جاری تریش سەرکردایەتی کورد ئەو کارە تاوانکارییانەی سەرکۆنە کردووە و داوای لێپرسینەوەی یاسایی و نێودەوڵەتی لە بەرامبەریان ڕاگەیاندووە، چونکە ئەم کارانە لە دواجاردا دەبنە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی هاووڵاتیانی کوردستان و لەقاندنی سەروەری هەرێم، بەمشێوەیە بەکارهێنانی لۆژیکی ئارامکردنەوەو حیکمەتی دانوستاندن و چارەی دیپلۆماسی سیاسی ئەو ڕێگە چارانەن کە سەرکردایەتی کوردستانی زۆر بە ئاگاییەوە دەیانخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی چیدی لەم جۆرە دەستدرێژیانە، چ لەناوەوە یان دەرەوەی عێراقەوە سەرسنوورەکانی هەرێمی کوردستان نەگرێتەوە، پێویستە حکومەتی ناوەندی هەڵوێستی هەبێت، ئێمە ئێستاش لە بەرامبەر هەڵوێستێکی بێ بیانوو و بێ هەنجەتی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقیداین، کە لەنێوان بێدەنگی و وەرنەگرتنی هەڵوێستی گونجاودا، دەستدرێژی کردنەکانی وڵاتانی دەوروبەر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دووپات و دەپات دەبنەوە، بەتایبەتی هەردوو دراوسێی خۆرهەڵات و باکوور، ئێستاش کۆمەڵێك کاری سەربازی بۆ تێکدانی سنوور و هەڕەشەکردن لەبەرژەوەندی ستراتیژیی، سەرسنوورەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە، چ لە شاخەکانەوە یان لە ڕێگەی ڕووبار و چەمەکانەوە پلان داندراوە بۆ تێکدانی نەخشەی سەر سنوورەکان، تەنیا وەزارەتی دەرەوە نەبێت کە بە پێی بەرپرسیارێتی نیشتمانی خۆی چەند هەوڵێکی دیپلۆماسی بۆ چارەکردنی ئەم بارودۆخە داوە، بەڵام حکومەتی ناوەندی و سەرۆکایەتییەکەی تەنیا بەبێدەنگی و بێ هەڵوێستی نەوەستاون بەڵکو کۆمەڵێ هەڵوێستی ناجۆر و تەمومژیان دەربڕیوە، کە ئەو جۆرە هەڵوێستانە پێچەوانەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵات و سەروەرییەکانیدا، قوربانییان بەمافی هاووڵاتیانی خۆیانداوە و خۆیان لەو گۆڕانکارییانەی لەسەر زەوی واقیع ڕوو دەدەن لە گێلی داوە، بەتایبەتی لە هەندێ ناوچەی هەستەوەر و بەپیت و بەرەکەتی خاکی عێراقدا کە تژین بە نەوتی خاو، هەروەها لە هەندێ شوێنی تردا چەند خاڵێکی گرنگی سنووری هەن کە لەمەودای دووردا لە ڕووی ستراتیژییەوە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سەرجەم عێراق دروست دەکات، حکومەتی ناوەندی عێراق لە هەندێ شوێنی سنوورییەوە دەروازەکانی ئاوەڵا کردۆتەوە بۆ بەگەرمی پێشوازیکردن لە کاروانی زیارەتکارانی شوێنە ئایینیەکان و شاندەکانی ئایینی و بازرگانی لەسەر بەرزترین ئاستەوە، هەروەها بانگهێشت کردنی چەندین گرووپ و

شاندی تر و میوانداریییان بەرەو ناوخاکی عێراق، کەچی لە هەندێ شــوێنی تردا تــۆپ و فڕۆکەی جەنگی ئــەو وڵاتە دەبێتە هــۆی تێکدانی بــاری ئارامی و کوشتنی هاووڵاتییە عێراقییەکان. لە هیچ جێگەیەکی دنیا بەزمی وا ســەیرو هەزلی ڕووینەداوە، بەرپرسانی وڵاتێك بەدەســتێکی نەرمەوە پێشــوازی لە شاندەکانی وڵاتێکی تر بکەن و هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ مۆر بکەن، کەچی وڵاتی بەرامبەریش بە دەســتێکی زبرەوە خەنجەر لەسەرشانی سەروەریتی ئەم وڵاتە میواندۆستە بــدات و هیچ ڕێــز و حورمەتێك بۆ بوون و کەرامەتی خاوەنی ئەو دەســتە نەرمە دانەنێت، هیچ بابەتییانە لەم کارە ناڕوانرێت کە حکومەتــی ناوەندی عێراق ئاماژە بە دەوڵەتی ئێران دەکات کە گوایە باشــترین دراوســێ و ڕێکتریــن هاوڕێیە بۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکان، کەچی ئەم وتانە هەمووی لەســەر حیســابی خوێنی ئەو هاووڵاتییە کوردەیە کە لەســەر ســنوور بە تۆپی ئێران شــەهید دەبێت، حکومەتــی ناوەندی لەبەرامبەر هەنــدێ گوند و شــارۆچکەی ناوچــە دابڕاوەکاندا دروشــمی ســەروەریتی خاکی نیشــتمانی لێهەڵبڕیوە کەچی لەبەرامبەر دەســتدرێژییەکانی ســەربازییانەی وڵاتێکی دیکەدا، هەست بە بەرپرسیاریتی و حورمەتی پاراستنی ئەو ســەروەریتییە ناکات، ئەمە تەنیا کاری وڵاتانێکــە کە ڕێز لە خۆیان ناگرن، کە لەهەموو دنیادا ئەم جــۆرە بەرپرســانە دەکەونە بەردەم لێپرســینەوەی یاســای نیشــتمانی و دادگایی دەکرێن، لەبەر ئەوەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و ڕاگرتنی پێگەی دەسەڵاتی خۆیــان ئامادە نین لەو مەترســییانەی کە وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەستنیشــان بکەن و چارەسەریان بــۆ بدۆزنەوە، بەڵکو هەموو ئامادەییان لە کۆکردنەوەی بیروهێز و تواناکیان کۆدەکەنەوە بۆ بوون بە شەریکە بەشی پارەوسامان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە زیان بە سەروەری خاکی خۆیان دەگەیەنێ، پێویســتە لە پێناوی دانانی بەرنامەیەکی نیشــتمانی دیاریکراودا فشار بۆ هەموو ئەو لایەنانە بهێنرێت کە دەبنە هۆی تێکدانی سەروەری نیشــتمانی و هەموو کەسێکیش بەو بەرنامەیەوە پابەند بکرێت، دەســەڵاتی یاســادانانیش بەرپرســیاریتی لە ئەستۆ بگرێ و ســەرۆکی حکومەت بانگ بکات تا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت لە مەسەلەکانی بەزاندنی سنوورەکان و دەستدرێژییە بەردەوامەکانی دەکرێنە سەر کوردستان، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، پێویستیشە لەســەر دامودەزگاکان میکانیزم و لۆژیکی پێویســت بدۆزنەوە تا هەڵوێستی ئاشکرای خۆیان لە بەرامبەر ئەو مەترسی و زیانانە ڕوون بکەنەوە، کە دەستدرێژییەکانی دەرەوە هۆکارین، هەروەها بەرپرسیاریتی بخەنە سەرشانی ئەو وڵاتەی دراوســێ تا قەرەبوی هەموو ئەو خەڵکە ســڤیل و ئەو خانووبــەرە و رەز وبــاخ و مەڕوماڵاتە بکاتەوە کە بەهۆی ئاگر وئاســنی ئەوانەوە لەناوبراون، بەتایبــەت خوێنی ئــەو هاووڵاتییانــەی کە بەهۆی گوللــە تۆپەکانی ئێرانــەوە لە کوردســتان ڕژێنراون، ئەگەر هەنجەتی هاوســەنگی سەربازی هۆکارێك بێ بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارانــە ئەی بۆچی هێزی بێگانە لەم وڵاتەدا بوونی هەیە و ئەو ڕەشنووسەی کە ڕێککەوتنی ســتراتیژی لەنێوان عێراق و هێزی سەربازی بێگانەدا تێدایە چ بەهانەیــەك دەمێنێتەوە بۆ بوونی. خۆدەکرێت بوونی ئەو هێزە بیانیانەی لەسەر خاکی عێراقن بکرێنە پشــت و پەنایــەك بۆ هەڵوێســت وەرگرتــن بەرامبەر کارە دوژمنکارییەکانــی لەســەر ســنوورەکان ئەنجام دەدرێن، یــان ئەگەر ئاراســتەی دیپلۆماســی تەنیا چارەســەرێکی ســتراتیژی بێت بۆ وڵاتانی ناوچەکە، ئەی کەواتە بۆ بەم ئاراستەیەشــدا حکومەتی ناوەندی عێراق چارەســەرێك نادۆزێتەوە. یــان بۆچی لە ڕووی دیپلۆماسی گونجاوەوە ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان و نەتەوەیەکگرتــووەکان ناجووڵێنــن، گرفتیان چییە لــە ڕوونەکردنە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەپێی ئەو هەڵوێستە دیپلۆماسییانەی کە تاکو ئێستا کاریان پێکراوە و زانراون بۆ ئەم حاڵەتانە دەکرێت دەستدرێژییەکانی سەرسنوور رابگیرێن، گرفتی ســەرەکی لە سیاســەتی هەندێ کەســایەتی سیاسی عێراقیدایە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەئاست ئەدای سیاسی پێویســتدا نین و نەبوون، لە ئاستی هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی نیشتمانی ئەم قۆناغەدا شکست خواردوون، لێرەوە چارەســەر بــۆ وەســتاندنی دوژمنکارییەکان و دەستدرێژییەکانی سەرســنوور هەروەها بۆ زامنکردنی ئارامــی وســەقامگیربوونی بــاری هاوڵاتیانی کورد تەنیا لە دەستی سەرکردایەتی کوردستاندایە، تا هەموو ئامرازەکانی فشــار لە بەرامبــەر حکومەتی ناوەندی عێراقدا بەکار بێنن، ئەوانیش بەرپرســیار بکات لەلای ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکان تاکو چارەســەرێك بۆ ئەم پێشــێلکارییانە بدۆزنەوە. ئــەم کارەش نەکەنە قوربانی هاوپەیمانی ســتراتیژی لەنێوان هەندێ حزب و هەندێ کەسایەتی سیاسی عێراقیدا، چونکە بەرژەوەندی گەلی عێراق بەگشــتی پەرت پەرت ناکرێت، ئەگەر وانەبێت ئەوە هەموو ڕۆژێك پێشــێلکاری لەســەر ســنوورەکان درێــژەی دەبێــت، ئەم جــۆرە گرفتــەش دواجار هەر پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ستراتیژی هەیە، ئەگەرنا درێژبوونەوەی پێشــێلکاری و دەســتدرێژییەکان پێکەوە دەبنە هەڕەشەیەك بۆ لەناوبردنی سەقامگیری کوردستان کە لە تێکدان و سووتاندنی گوندێکی سەرسنوورەوە زیاتر تێدەپەڕێت بەرەوهەڕەشــەکردن لە شارەکان و ناوچەکانی تریش، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ زووتر لە سبەینێ حکومەتی هەرێمی کوردســتان دانیشــتنێکی تایبــەت و خێرا بە هاوبەشی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدات، کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ و چارەنووســاز بۆ بەرزکردنەوەی ئەو کێشەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی بدات، دواتر گەیاندنی بــە نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەگینــا ئەگەر چاوەڕێی حکومەتی ناوەندی بن تا ئەو تاوانانەی سەرسنوور رابگرێت کە ڕۆژانە لە دژی مافی هاووڵاتییە ســڤیلەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت ئەوا بێ شێو سەردەنێنەوە.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن ڕوشد لە هۆڵەندا**







* پشتێنەی سەوزایی دەوروبەری هەولێر ماستەرپلانەکەی تەواو بووە

* پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٤ ساڵی داهاتوو دەست پێ دەکەین

* لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ ١٠٨ هەزار گەشتیار هاتۆتە هەولێر

* لە هەریر و خەبات و سەلاحەدین نەخۆشخانە دروست دەکەین

* پرۆژەی ئاوی شەقڵاوە و سەلاحەدین لەژێر جێبەجێکردندایە

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ ( گوڵان ):

# بەرنامە و گرێبەستە نوێیەکان هەولێر دەکاتە یەکێک لە پایتەختە خاوێنەکان



هەولێر بووە بە یەکێك لەو شارانەی کە جێی تێڕوانینی ئەکادیمی و بیزنسکارو وەبەرهێنەرەکانی ناوخۆو بیانییەکانە، هەموو پێوەرو ئامارو وێنەکان ئەو راســـتیە دەخەنە روو کە هەولێری دوێنێ و هەولێری ئەمڕۆ جیاوازییەکی بەرچاوی پێوەدیارە، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ کە لەسەرجەم سێکتەرەکان هەنگاوی بوێرانەو باش نراوە، ئەمەش رەنگدانەوەی باشی بۆ ســـەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکەی و بگرە هەرێمەکەش هەبووە. کاتێك دەڵێین هەرێمەکە مەبەســـتمان ئەوەیە رەنگدانەوەی ئەم پێشکەوتنە بەرەو ناســـاندن و پێشکەوتنی کوردستان هەبووە، ئەوەتا شـــارەزایانی بیانی پێیان وایە ئەو گۆڕانکارییانەی بەســـەر هەولێردا هاتووە کاردانەوەی باشـــی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ( هەرێمی کوردستان و تورکیا ) هەبووە . خەڵاتی ((حوکمڕانی باش)) کە ســـاڵی رابردوو لەلایەن ئامۆژگای ســـەرکردە جیهانییـــەکان لە زانکۆی تەفت (Tufts )بەخشـــرایە پارێزگاری هەولێر لـــەو روانگەیەوە هات کە گۆڕانکارییەکان نەك تەنیا لەئاســـتی عێراق بگرە لە ئاســـتی وڵاتانی دەوروبەریش هەنگاوی باشـــی ناوە، بێگومان لەبەرامبەر گەورەبوون و باشـــبوونی باری گوزەرانی هاووڵاتیان خواســـت و ئومێدەکانیش گەورەتر دەبن و تەنانەت زۆرجار گرفت و کێشەکانیش گۆڕانکارییان بەســـەردا دێت و دەچنە قۆناغێکی ترەوە کە چارەســـەرکردنی پێویســـتی بەماندووبوون و شـــەونخوونی و ئەرکـــی زیاتر دەکات. لەم چاوپێکەوتنـــەی گوڵاندا کەلەگەڵ (نەوزاد هادی )پارێزگاری هەولێردا ئەنجاممان داوەو پوختەکەی بڵاودەکەینەوە، پارێزگاری هەولێر ئاماژە بەو هەوڵانە دەدات کە ئێســـتاکە لەگەڵ کەمی بودجەی پێویســـت هەنگاوی بۆ دەنرێت تاوەکو واقیعەکە بەعەمەلی بگۆڕن و لەئاست خواست و ویستی زۆرینەی دانیشتوانەکەیدا بێت.

### پرۆژەی کورانی عەنکاوە

پارێزگاری هەولێر لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەمان و لە وەڵامی پرسیارێکماندا بەوەی بەرنامەو پلانی نوێتان چییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی پرۆژەی نوێ لەمبارەیەوە وتی: زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران واقیعێکی وا، لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە پێویستە بەبەرنامەو پلان بەردەوام هەنگاو بەرەو باشترکردنی دۆخەکە بنێین بەتایبەت لەشارێکی گەورەی وەك هەولێر، هەر بۆیە لەگەڵ پەسەندکردنی بودجە لەلایەن جەنابی سەرۆکی کوردستان راستەوخۆ پرۆژەکانمان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، وەکو پارێزگا پلانی تەنفیزی خۆمان جێبەجێ دەکەین، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکانیش بەپێی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکرێت، کە خزمەتکردنی هاوڵاتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی لەریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکانی پەرەپێدانی پارێزگا دێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەمساڵ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ئاوو کارەباو

## پارکێکی فراوان بەرووبەری ٣٠٠ دۆنم لەنێوان باداوەو بنەسڵاوە دروست دەکرێت

ئاوەرۆو تەندروستی و پەروەردە لەریزبەندی پێشەوەی پرۆژەکانن نەك تەنیا بۆ سەنتەری پارێزگا بەڵکو بۆ سەرجەم قەزاو ناحیەکانیش.

یەکێکیش لەو پرۆژانەی کە ئێستا دەستی پێکراوە رێکخستنەوەی گەڕەکی کورانی عەینکاوەیە کە بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی هابیتات ئەنجامی دەدەین، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە زیاتر لەساڵێکە دیراسەی ناو گەڕەکەکەو پێکهاتەکەی و خێزانەکانیان و باری کۆمەڵایەتیان کراوە، کە بەشی زۆری خانووەکانی ئەم گەڕەکە بەزێدەڕۆیی دروست کراوەو هیچ رووبەرێك بۆ پاخچەو دروستکردنی قوتابخانەو پرۆژەی خزمەتگوزاری نەماوەتەوە، هەر بۆیە بەپێی ئەو ئەزموون و شارەزاییەی هابیتات بەرنامەیەکی تێرو تەسەل و رێکوپێك دانراوەو بەشی زۆری گەڕەکەکە ئەوەی زێدەڕۆییەو تاپۆی نییە دەگوزرێتەوەو هەریەکە ٣٠٠ مەتر دووجا زەوی پێدەدرێت ئەمەش وردەکاری زیاتری تێدایە. دەرئەنجام پرۆژەی کورانی عەنکاوە سوودی زۆری بۆ دانیشتووانەکەی هەیەو گەرەکە کۆنەکە بەشێوەیەکی مۆدێرن رێك دەخرێتەوە و پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام دەدرێت و دواتر

## دەبێت پرۆژەی ئیفراز دەست پێ بکەین و پێوەری ئاو دابنێین

رووبەری گەڕەکی کورانی عەنکاوە دەبێتە دوو ئەوەندەی ئێستا، بەمەش ژیانێکی سەردەمیانە بۆ دانیشتووانەکەی دەستەبەر دەبێت.

لەلایەکی تر ئەو خانووانەی لەکاتی خۆی لەسەر موڵکی خەڵك دروست کراون بەپێی ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ خاوەن موڵکەکان کراوە ؛ خاوەن خانوو ٩ هەزار دۆلارو ئێمەش وەکو حکومەت ٣ هەزار دۆلار دەدەینە خاوەن موڵکەکە.

### ٨ حەسارۆك و پرۆژەی ناو ٣٠ مەتری

سەبارەت بەراکێشانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو گەڕەکە تازانەی دروست دەکرێن بەتایبەت کەرتی ٨ حەسارۆك، هەروەها دوا وردەکارییەکانی پرۆژەی ناو ٣٠ مەتری هەولێر نەوزاد هادی وتی: شاری هەولێر بەشێوەیەکی زۆر خێرا گەورە دەبێت و گەڕەکی نوێ دروست دەکرێت ئەمەش واتا بودجەو خەرجی نوێ بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری، ئالێرەدا ئەو بودجەو ئیمکاناتەی لەبەردەستماندایە بەپێی ئەو گەشەکردن و فراوانبوونە خێرایە نییە کە هەولێر بەخۆیەوە دەبینێت، بزانە لەماوەی ساڵێکدا چەندین گەڕەکی نوێی وەکو شاری ئاشتی و لاوان و ..تاد دروست بووە، پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش داواکاری زۆریان لەسەرە بەتایبەتی بەهۆی هاتن و کۆچکردنی خەڵکی شارەکانی تری عێراق و بەگرە کۆچکردنی هاوڵاتی کوردی وڵاتانی دەوروبەریشەوە، ئەمە لەلایەك باشەوە نیشانەی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و ئارامی یەو جموجوڵی بازاڕی ناوخۆی ئەم شارە دەبوژێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە پێویستی بەخزمەتگوزاری و پرۆژەی خێرا هەیە، هەروەها سەبارەت بەکەرتی ٨ حەسارۆك بەشی زۆری زەوییەکانی ئەو کەرتە مۆڵەتی دروستکردنی خانوویان پێدراوە، بەشەکەی تری کە ئیفراز نەکراوە لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت و دەست بەئیفرازکردنی دەکرێت، بەمەش قۆناغ بەقۆناغ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش بۆ ئەو گەڕەکە دەست پێ دەکات، هاوکات پرۆژەی دەوروبەری قەڵات فراوان دەکرێت و هەموو ناو ٣٠ مەتری دەگرێتەوە، ئێستاکە پرۆژەکە لەلایەن ئێمەو یونسکۆو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و لایەنە پەیوەندارەکانی تر پەسەند کراوە، لەمەودوا مۆڵەت پێدان بەپێی مەرج و رێنمایی یونسکۆ دەبێت تاوەکو قەڵات بە شوێنەوارێکی جیهانی بناسرێت. پرۆژەی شوێنەواری قەڵاتیش خۆی لەخۆیدا پرۆژەیەکی تایبەتەو رێکخراوی یونسکۆ بەکارەکان هەڵدەستێت و کارکردن تێیدا بەردەوامە.

بەپێی ئەو فراوانبوونەش کە هەولێر بەخۆیەوە بینیوەو سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

## دروستکردنی تونێلی مەسیف سەڵاحەدین لە پرۆژە گەورەکانە

گەیشتوتە دارەتوو بنەسڵاوەو کەسنەزان و ئەم شوێنانە لەگەڵ هەولێر تێکەڵ بوون، هەربۆیە پێکهاتەی ئیدارەی هەولێر دەبێتە چەند ناوەندی قەزایەك.

### گرفتی ئاوی خواردنەوە

بوونی خزمەتگوزاری ئاو بەیەکێك لەو دەستکەوتانە دادەنرێت کە توانرا هەولێر لە



گرفتی کەمئاوی رزگار بکرێت، بەڵام نەبوونی پێوەرو زۆربوونی لێدانی بیری ئاوو بەرزبوونەوەی خێرای داواکاری لەسەر ئاو ئەمانەی هەمووی بەیەکجار وایانکرد لەچەند گەڕەکێکی شاری هەولێر بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما گرفتی کەمئاوی لێبکەوێتەوە لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر باسی لە هۆکارەکەو چۆنیەتی کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کردوو وتی: زۆربوونی بیر لێدانی کشتوکاڵی لە باشووری رۆژهەڵات و باشووری هەولێر بووە هۆی دابەزینی ئاستی حەوزی ئاوی ژێرزەوی ئەمەش بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی بیرەکانی ناوشاری هەولێر، بەتایبەتی ئەو گەڕەکە تازانەی بەئاراستەی رێگای کەسنەزان و دارەتوو بنەسڵاوە دروستکراون، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی کاتی ئەم گرفتە بیری بەدیل بە قووڵایی (٣٢٠-٣٣٠) مەتر لەو گەڕەکانە لێدەدەین، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و چاککردنی پرۆژەی ئاوی ٢ی ئیفراز لە قورو لیتە پرۆژەیەکی گرنگ ئەنجامدرا، بەمەش توانرا ئاوی خواردنەوە بۆ ناو شاری هەولێر لە ١٨٠٠ مەتر سێ جا بۆ ٢٠٠٠ مەتر

## ناوچەی پیشەسازی نوێ تا گوندی تیمار درێژ دەبێتەوە

سێ جا لەکاتژمێرێکدا بەرز بکەینەوە.

دەبێت لەساڵی داهاتوو پرۆژەی ٤ی ئیفراز دەست پێ بکەین کە گەیاندنی ئاوی خواردنەوەیە لە زێی گەورەوە بۆ ناوچەکانی تارین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر فراوان گەڕەکەکانی هەولێری نوێ و سێبەردان و کەسنەزان و بنەسڵاوە دارەتوو و هەموو دەوروبەری هەولێر ئاویان بۆ

## تەنیا لەمانگی ٦ی ئەمساڵدا ١٠٨ هەزار گەشتیار هاتوونەتە پارێزگای هەولێر

دابین بکەین، کاتێکیش باس لەگرفتی ئاوی خواردنەوە دێتە پێش دەبێت ئەو راستیە بڵێین کە نەبوونی پێوەر کێشەکەی ئاڵۆز دەکات، بۆیە پێویستە پێوەری ئاو دابنرێت، پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بودجەو خەرجی زۆری دەوێت و پێویستە بەدادپەروەری لە رێگای پێوەرەوە دابەش بکرێت، ئێستا بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاو پرۆژەی ئیفرازی ١و٢و٣و زیاتر لە ٤٠٠ بیری ئاو هەیە کەچی تووشی کەمئاوی دەبین .

### باشووری هەولێر

سەبارەت بە خزمەتگوزاری بۆ باشووری هەولێر کەگلەیی و گازندە هەیە بەوەی زۆربەی پرۆژەکان بەتایبەت پرۆژە وەبەرهێنەکان لە باکوری شارەکە ئەنجام دەدرێت؛ نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتی: لەئەنجامدانی پرۆژەکان رەچاوی دابەشکردنێکی دادوەرانەمان کردووە، ئەمەش بەیەکێك لەمەرج و پێوەرەکانی سەرکەوتنی گەشەپێدان دادەنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەپێی نەخشەی بنەڕەتی کارو پرۆژەکان ئەنجام دەدەین، بۆ نموونە کاتێك باس لەباشووری هەولێر دەکرێت دەبێت ئاماژە بەو راستیانە بکەین کە سەر رێگای کەرکوک زیاتر پرۆژەی زانکۆو کۆلێژەکانی لێ دامەزراوە، بەڵام سەر رێی مەخمور ناوچەیەکی پیشەسازیە، ئێستاکە ناوچەی پیشەسازی نوێ کە تا گوندی تیمار درێژ دەبێتەوە گەشەیەکی پیشەسازی و هەلی کاری زۆر دەکەوێتە ئەم ناوچەیە، هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیەش بۆ ناوچەی پیشەسازی بۆ هەڵکەوتەی با و سلۆپی ئاوەڕۆی شار دەگەڕێتەوە کە



خەسڵەتێکی زانستی و ژینگەیی و تەندروستی لەخۆ دەگرێت و ئاوی قورسی کارگەکان بەناو گەڕەك و شاری هەولێردا ناڕوات و زبڵ و پاشەڕۆکی ئەم کارگانەش باشتر لەشار دوور دەخرێنەوە، لەلایەکی ترەوە ناوچەی گوێر ناوچەیەکی پیشەسازی خۆراکیەو عەلوەو مەیدانی ئاژەڵ و کیمیافرۆش لەم ناوچەیە دامەزراون، ئەمە لەکاتێکدا ناوچەی کەسنەزان بۆ نیشتەجێبوون دانراوەو سەر رێگای سەڵاحەدینیش زیاتر گەشتیارییە، بۆ سەرجەم ئەم ناوچانە بەرنامەی چڕو پڕو پرۆژەی بەردەوامان هەیەو کاری باشیان بۆ ئەنجام دەدرێت کە لەئاست پێشکەوتنەکانیاندا بێت .

### پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك

دوای ئەوەی گرێبەستی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیای جەنائین چ لە پاککردنەوە یا لە کارگەی ریسایکلینەکە کۆتایی پێهات و هەڵوەشایەوە، ئێستا گلەیی و رەخنەیەکی زۆر هەیە سەبارەت بەو شوێنەی زبڵ و خاشاکی لێ فڕێدەدرێت کە نزیکە لەشاری هەولێرەوە پارێزگاری هەولێر وتی: وەزارەتی شارەوانی بۆ پاککردنەوەو دامەزرانی کارگەیەکی ریسایکلین

## پرۆژەی دەوروبەری قەڵات فراوان دەکرێت و هەموو ناو ٣٠ مەتری دەگرێتەوە

هەولێری کردۆتە دوو زۆن و گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کردووە، زۆنی یەکەم بۆ پاککردنەوەکەی دراوەتە کۆمپانیایەکی بەریتانی، بەڵام خۆ رزگارکردن لە زبڵ و خاشاکەکەو دانانی کارگەی ریسایکلین دراوەتە کۆمپانیایەکی کەنەدی و شوێنەکەش بۆ ناوچەیەکی دوورتر دەگوازرێتەوە، زۆنی دووەمیش کە دەگاتە سنووری شارەوانی سێ و چوارو پێنج لەگەڵ ناوچەی ریسایکلین کە لەپشت بنەسڵاوە دانراوەو کاری پاککردنەوەی بۆ ئەم قۆناغە هەر شارەوانی خۆی دەیکات، بەمشێوەیە لە رێگای دوو زۆنەوەو بەچاودێری ورد پاککردنەوەی گەڕەکەکانی ناو هەولێر زۆر باشتر دەبێت، بەپێی بەرنامە و گرێبەستە نوێیەکان هەولێر دەبێتە یەکێك لە پایتەختە خاوێنەکان.

### پارکێکی فراوان بەرووبەری ٣٠٠ دۆنم دروست دەکرێت

سەبارەت بە پشتێنەی سەوزو هێنانی ئاو بۆ ناو هەولێر کە دەمێکە باسی لێوەدەگرێت و تا ئێستا ئەو دوو پرۆژەیە جێبەجێ نەکراوە پارێزگاری هەولێر پێی وایە :پرۆژەی راکێشانی ئاو بۆ ناو هەولێرو دیاریکردنی شوێنێك بۆ

دەســـتكرد تەواو بووە، جێبەجێ نەكردنی بۆ نەبوونی بودجەی پێویســـت دەگەڕێتەوە كە وا بەپێویستم زانیوە بەو ئیمكاناتەی لەبەردەستمانە زیاتر گرنگی بەپرۆژە خزمەتگوزارییەكان بدەم، بەتەئكید دوای دابینكردنی بودجەی پێویست ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەكرێت. سەبارەت بەرێژەی سەوزایی كە ئێستا بەراورد بەساڵانی ( ١٩٩٧ و ١٩٩٨) گۆڕانكارییەكی باشـــی بەســـەردا هاتووە، بۆ نموونە لەناو ٦٠ مەتری و دەرەوەی ٦٠ مەتریش بەدەیان باخچە دروســـتكراوە. بۆ گەڕەكە تازەكانیش شـــوێنی باخچەو سەوزایی تەرخانكراوە، پاركێكی فراوان بەرووبەری ٣٠٠ دۆنـــم لەنێوان بـــاداوەو بنەســـڵاوە بۆ باخچەو ســـەوزایی تەرخانكراوە، سەبارەت بە پشتێنەی سەوزایی دەوروبەری هەولێر ماستەرپلانەكەی تەواو بووەو بیرۆكە هەیە بدرێتە كەرتی تایبەت و خەڵكی وەبەرهێن.

**دروستكردنی (ڕێگای كەركوك – موسڵ و چۆمان- حاجی ئۆمەران و هەولێر – مەخمور)و تونێلی مەسیف سەلاحەدین**

سەبارەت بەوەی تاچەند پارێزگا لەڕێگای پرۆژەكانیـــان هـــاوكاری وەزارەتـــەكان دەكەن بۆ ئەنجامدانـــی پـــرۆژە خزمەتگوزارییەكان پارێـــزگاری هەولێر وتی: وەزارەتـــەكان زیاتر ســـەرقاڵی پرۆژەی گەورەو ستراتیژین


## له هەریرو خەبات و مەخموورو سەڵاحەدین نەخۆشخانە دروست دەكرێت

بۆ نموونە ئەگەر ســـەیری وەزارەتی شارەوانی بكەین بـــۆ نموونە لەدروســـتكردنی ڕێگای نێوان كەركوك- موسڵ كە پرۆژەیەكی گەورەو ستراتیژییە بەگوژمەی ٨٠ تا ٩٠ ملیۆن دۆلارە، هەروەها پرۆژەی ئاوی سەلاحەدین و شەقڵاوە كـــە بڕی ١٤٨ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانكراوە یـــا وەزارەتـــی ئاوەدانكردنـــەوە وەربگرین كە پرۆژەی شـــەقامی هەیەو بڕە پارەیەكی زۆری بۆ دانراوەو تونێلی مەسیف سەلاحەدین هەیەكە لەسەروو ١٤٤ ملیۆن دۆلارەو ڕێگای چۆمان – حاجی ئۆمەران ٤٠ ملیۆن دۆلارەو ڕێگای هەولێـــر- مەخمووریان هەیە، هاوكات وەزارەتی كارەبا پرۆژەكانی دروســـتكردنی وێستگەكانی گۆڕینی كارەباو راكێشانی تۆڕی پەستان بەرزو نزمیان هەیە، بەمشێوەیە وەزارەتەكان روویان لە پرۆژەی ســـتراتیژی و گەورە كردووە كە زۆر پێویستن ئێمەش روومان لەو پرۆژانە كردووە كە راستەوخۆ پێوەندی بەهاووڵاتیانەوە هەیەو

تەواوكاری ئەوانە، ســـەبارەت بە دروستكردنی قوتابخانەكانیش ســـاڵانە ٣٦ تا ٣٧ قوتابخانە بەر پارێزگای هەولێر دەكەوێت ئەو ژمارەیەش كەمە.

هەورەها سەبارەت بە ژمارەی گەشتوگوزار لەپارێـــزگای هەولێـــر نەوزاد هـــادی وتی: ئەمســـاڵ لەمانگی ٦ دا زیاتر لە ١٥٩ هەزار كەس وەكو گەشـــتیاری روویـــان لە هەرێمی كوردستان كردووەو لەم ژمارەیە تەنیا لەمانگی ٦ی ئەمساڵدا ١٠٨ هەزار گەشتیار هاتوونەتە پارێزگای هەولێر، ئەمەش جموجوڵی بازرگانی و گەشتیاری زیاد كردووەو بەرادەیەك ئێستاكە ١٠٠ ئوتێلی گەشتوگوزاری لەم شارەدا بوونی هەیە.

ئەمەو بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە وەڵامی چەند پرسیارێكماندا تیشكی خستە سەر ئەو پرۆژانەی كە لەم ماوەیەدا ئەنجامدرا یا چۆتە قۆناغـــی جێبەجێكردنەوە لەوانە (دروستكردنی نەخۆشـــخانەی منداڵان و لەدایكبوون لە ســـۆران و نەخۆشخانەیەكی تری گـــەورە كە لەكابینـــەی پێنج راگەیەنرا



ئێستا لە جێبەجێکردندایەو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێرو نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەلای نەخۆشخانەی رزگاریەوە هەروەها ئەمساڵ دروستکردنی نەخۆشخانەی منداڵان و لەدایکبوون لەباداوە ڕاگەیاندراو ئێستا لە ژێر جێبەجێکردندایە) هەروەها سەبارەت بەدروستکردنی نەخۆشخانە لە هەریرو خەبات و مەخموورو سەلاحەدین وتی: لەو شوێنانە بڕیار وایە نەخۆشخانە دروست بکرێت چونکە بەیەکێك لە پێداویستیە سەرەکیەکانی هاووڵاتیان دادەنرێت.

ئەم پرۆژانەش دەچێتە پاڵ ئەو پرۆژانەی کە لەساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١١ ئەوانەی ڕاستەوخۆ یا کۆمپانیا کردویانە ژمارەیان ٢٤٢٨ پرۆژەیە، هەروەها پرۆژەکانی پلانی ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١١ کە ئەنجامدراون ٢٨٦٨ پرۆژەیە، واتا بەگشتی ٥٢٩٦ پرۆژە لەساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١١ دراوەتە تەندەرات کە بڕی ٢ تریلیۆن و ٣٦٩ ملیارو ٦٤٩ ملیۆن و ٦٢٧ هەزار دینار تێچونێتی، ئەم پرۆژانەش هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری لەناو سەنتەری هەولێرو قەزاو ناحیەو گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە خۆ دەگرێت، ئەمە جگە لەوەی بەپێی تواناو بودجەی بەردەست

> **هەر کەسێك خواردنگەو گازینۆ دەکاتەوە سەربەستە بەڵام دەبێت بەهەمووان پیرۆزی مانگی ڕەمەزان لەبەرچاو بگرینە**

پرۆژەمان بۆ ناوچە دابڕاوەکان ئەنجامداوە، هەر ئەمساڵ پرۆژەمان بۆ مەخمورو گوێرو دیبەگە هەیە، داواشم کردووە حکومەت بودجەی تایبەتی بۆ ناوچە دابڕاوەکان هەبێت بەتایبەتی لەبواری پرۆژەی ئاودێرییەوە کە ئەو ناوچانەی باسم کرد زیاتر ناوچەی کشتوکاڵین و ئەوجۆرە پرۆژانەیان زۆر پێویستە.


### تەفعیلکردنی ئیدارە و بەرزکردنەوەی توانای بەڕێوەبەرایەتیەکان

سەبارەت بەکاراکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکان و کاری ئیدارە پارێزگاری هەولێر وتی : ئێمە بارودۆخی شارەکە دەزانین و بەرەچاوکردنی ئەو پێشکەوتن و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و زۆربوونی مامەڵەو جموجوڵە بازرگانییەکان تا دێت قورسایی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی بەڕێوەبەرایەتیەکانمان، بۆیە بەشێوەی گرووپ و تیم لەنێوان فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکان کاردەکەین، لەبەرنامەشماندایە بەبەردەوام کار لەسەر تەفعیلکردنی زیاتری فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی پارێزگا بکەین بەرادەیەك لەگەڵ ئاست و داخوازی هاووڵاتیاندا بگونجێت.


### پیرۆزی مانگی ڕەمەزان

لەکۆتایی دا پارێزگاری هەولێرسەبارەت بەخۆئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان وتی : وەکو لیژنەی بەدواداچوونی بازاڕو نرخەکان لەمانگی ڕەمەزانەوە ڕۆژانە چاودێری بازاڕ دەکەین و پێویستە ئەوە بزانین هەر کەلوپەلێك داواکاری زۆر لەسەر بێت نرخی بەرز دەبێتەوە چونکە خەڵك لەو مانگەدا خوانی خواردنی باشتر دەکات، بۆیە داواکارم لە بازرگان و فرۆشیارەکان لەم مانگە پیرۆزەدا خۆیان لە گرانکردنی نرخەکان بەدوور بگرن، هاوکات هەر کەسێك خواردنگەو گازینۆ دەکاتەوە سەربەستە بەڵام دەبێت بەهەمووان پیرۆزی مانگی ڕەمەزان لەبەرچاو بگرین.






# تەنیا لەوڵاتانی لیبرال دیموکراتیدا فیدراڵیزم چارەسەرە بۆ کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان



ئایا مەبەست لە (کۆتاییپێهێنانی کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان) چین؟ ئایا ئەو ماوەیەی بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەک بۆ گەیشتن بە (کۆتاییهێنان بە کێشەکان) چەند دەخایەنێت؟ ئایا کام ڕێگەچارە بەشێوەیەکی ڕیشەیی(کۆتایی بەکێشەکان) دەهێنێت؟... هەموو دەزانین کۆمەڵێک کێشەی نەتەوەیی و ئیتنی هەیە بێجگە لەجیابوونەوە بەڕێگەی دیکە چارەسەر ناکرێن، هەر بۆ نموونە کێشەکانی (باکووری ئیرلەندا و فەلەستین و بۆسنیا و کورد) هەوڵی زۆر بۆ چارەسەرکردنیان و گەیشتن لەبڕیاری ئاشتی لەبارەیانەوە دراون، بەڵام چارەنووسی ئەو ئاشتیانە روون نییە و ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ توندوتیژی و سەرلەنوێ کێشەکە دووبارە بێتەوە، دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد کۆمەڵێک کێشەی ترسناک وەک هێرشی دڕندانەی ناسیۆنالیستی (سربی) و پاکتاوی ڕەگەزی هاتنە ئاراوە، بۆیە ئەم بارە ئەو پرسیارەی لای تۆژەران و سیاسەتسازان وروژاندووە، ئایا چۆن ئەو کێشە نەتەوەییانەی ئاستی توندوتیژی دەگاتە پاکتاوی ڕەگەزی چارەسەر دەکرێن؟ ئایا قەت ڕوویداوە کێشەی لەو جۆرە بەشێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن؟ یان ڕێگەچارەکان دووبارە لایەنە پێکناکۆکەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناو بازنەی توندوتیژی).



ئاڕ ولیام ئایەرز

ماوەیەك لەمەبەر دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق، كارەساتی ئەنفال و كیمیابارانكردنی وەك ژینۆساید ناساند، ئەمەش مانای ئەوەیە ئاستی توندوتیژی لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ گەلی كوردستان لەعێراقدا گەیشتۆتە ئاستی هێرشی وەحشیگەری دڕندانە و پیادەكردنی پاكتاوی رەگەزی دژی گەلێك كە لەدەسپێكی شۆڕشەكانیەوە لەچلەكانی سەدەی رابردووەوە هەتا ئێستاش داوای پێكەوە ژیانێكی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی عێراقدا دەكات، لەماوەی نزیكەی ٧ یەكەی رابردوودا، شۆڕشەكانی كوردستان بۆ رێكخستنی شێوازی ئەم پێكەوە ژیانە سێ رێگەیان تاقیكردۆتەوە كە بریتین لە:

١. شێوازی پیادەكردنی لامەركەزی، یان پێدانی هەندێ دەسەڵاتی لامەركەزی بۆ ئەوەی ناوچە كوردییەكانی عێراق بەشێوەی لامەركەزی لەلایەن كوردستانیەكانەوە بەڕێوەببرێت، بەڵام ئەم داوایە رێككەوتنی لەسەر نەكراو دواتر حكومەتی ناوەندی دڕندانەتر هەڵیكوتاوەتە سەر گەلی كوردستان.

٢. شێوازی ئۆتۆنومی كە لە١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەلایەن شۆڕشی كوردستان و حكومەتی ناوەندی بەغدا مۆركرا و چوار ساڵ دانرا بۆ جێبەجێكردنی ناوەڕۆكی رێككەوتننامەكە، بەڵام لەدوای ٤ ساڵ لەبری ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت، وەك هەموو لایەك بینیمان لەنێوان حكومەتی ناوەندییەوە شەڕ بەسەر گەلی كوردستاندا سەپێنرایەوە، بۆ ئەوەی شۆڕشی كوردستانیش دووچاری نسكۆ بكات، حكومەتی بەعس ئامادەبوو دەست لەبەشێك خاكی عێراق بۆ ئێران هەڵبگرێت و رێككەوتننامەی ئەلجەزائیر مۆر بكات، ئەمەشی كرد و دواتر نەك هەر بە هەزاران گوند و شار و شارۆچكەی كوردستانی راگواست و لەگەڵ زەوی تەختی كرد، نەك هەر چەند شار و ناوچەیەكی كوردستانی تەعریب كرد و دانیشتوانە كوردستانیەكەی بە كورد و توركمان و كلد و ئاشورییەوە دەركردن، بەڵكو گەیشتە ئەو ئاستەی گازی كیمیایی بەكار بهێنێت و لەچوارچێوەی پرۆسە بەدناوەكانی ئەنفالدا پرۆسەی پاكتاوی رەگەزی دژی گەلی كورد پیادە بكات و زیاتر لە٢٠٠ هەزار كورد بە زیندوویی بخاتە ژێر خاكەوە.

٣. لەدوای راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمانی كوردستان، لە١٩٩٢/١٠/٤ـەوە، پەرلەمانی كوردستان شێوازی فیدراڵی بۆ مانەوەی هەرێمی كوردستان بڕیارداوە، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ ئەوەی لەكۆنگرەكانی موعارەزەی پێش رووخانی رژێم لە٢٠٠٣ چەند جارێك دانی پێدانراوە و لەیاسای كاتی بۆ بەڕێوەبردنی قۆناخی ئینتیقالی و دواتریش لەدەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە، بەڵام هەتا ئێستاش، نە عێراق بۆتە دەوڵەتێكی فیدراڵی، نە ئومێدی ئەوەش بەدی دەكرێت كە حكومەتی عێراق ئامادەبێت بوار بدات هەرێمە فیدراڵیەكانی دیكە لەعێراقدا پێكبهێنرێن، لەمەش گرنگتر ئومێدی ئەوەش بەدی ناكرێت كە هەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی فیدراڵی جوگرافی هەموو ناوچە دابڕاوەكانی بۆ بگەڕێتەوە و لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا بە ئاشتی و سەقامگیری بژی. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ٨ ساڵی دوای رووخانی رژێمی پێشوو چەند هەنگاوێك هەڵگیراون لەسەر بنەماكانی فیدراڵیزم بۆ رێكخستنی پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی بەغدا، بەڵام چەند هەنگاوی پێچەوانەش دەبینین كە دژی هەنگاو هەڵگرتنن بۆ بونیادی دەوڵەتێكی فیدراڵی، دیارترینیان هەوڵەكانی حكومەتی بەغدایە بۆ كۆكردنەوەی دەسەڵاتەكان لەدەستی خۆی، لەكاتێكدا بەپێی دەستووری عێراق، پێویستە دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵی سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەكان و حكومەتە لۆكاڵەكان فراوان بێت.

**ئومێدی ئەوە ناكرێت كە هەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی فیدراڵی جوگرافی هەموو ناوچە دابڕاوەكانی بۆ بگەڕێتەوە و لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا بە ئاشتی و سەقامگیری بژی**

### چۆن كێشە نەتەوەیی و ئیتنییەكان بە فیدراڵیزم كۆتاییان دێت؟

پەنابردن بۆ رێگەچارەی ئاشتیانە بۆ چارەسەركردنی كێشە نەتەوەیی و ئیتنیە قوڵەكان لەوڵاتانی فرە نەتەوەدا، هەوڵێكە بۆ ئەوەی لافاوی خوێنڕشتنی رۆڵەكانی ئەو وڵاتە كۆتایی پێبێت و لەبری ئەوەی رۆڵەكانی یەك وڵات یەكتری بكوژن، پێكەوە هاوكارو هاریكاربن بۆ ئەوەی وڵاتێكی هاوبەش پێكەوە دروست بكەنەوە، نەتەوە جیاوازەكانی وڵاتیش وەك پرۆفیسۆر دیڤید كامیرۆن دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانە پێكەوە لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا پێكەوە بژین، ئەوا بەپێی دەستوور ئەو نەتەوە جیاوازانە گرێبەستێكی كۆمەڵایەتی گرێدەدەن كە پێی دەگوترێت فیدراڵیزم، كەواتە لەم دەستنیشانكردنەی پرۆفیسۆر كامیرۆنەوە، فیدراڵیزم هەم یەكێتیەكی ئارەزوومەندایە، هەمیش هاوپەیمانیەكە كە هەموو لایەنەكانی نێو هاوپەیمانیەكە رێزی دەگرن بۆ ئەوەی بەپێی ئەو پەیمانەی نێوانیان پێكەوە بژین، بەڵام كاتێك ئەم رێگە چارەیە بەشێوەیەكی تیۆری چارەسەر بۆكێشەكە دەدۆزێتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع كێشەكە بە چارەسەنەكراوی دەهێڵێتەوە، ئەمە بۆتە هۆكاری ئەوەی تۆژەران و سیاسەتمەداران بپرسن، ئایا مەبەست لەكۆتایی پێهێنانی كێشەكان چییە؟ ئایا چۆن ئەو كێشە نەتەوەییانە چارەسەر دەكرێن كە لەرابردوو ئاستی توندوتیژی گەیشتۆتە ئاستێكی بەرز؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە كۆمەڵێك گریمانە پێشنیار كراوە و ئاماژە بەوە دەكەن كە ئاستی بەرزی توندوتیژی شێوازی چارەسەرەكە و گەیشتن بە بڕیاری ئاشتی دیاری دەكات، بەشێوەیەكی گشتی توێژینەوەكان گەیشتوونە ئەو راستیەی كە دەڵێن (ئەگەر ئاستی توندوتیژی گەیشتبووە ئاستێكی بەرز و خوێناوی، ئەوا بوار بۆ ئەوە نەماوە بێجگە لەجیابوونەوە و سەربەخۆیی، رێگە چارەیەكی دیكە ئەو كێشانە چارەسەر بكات، بەڵام ئەگەر ئاستی توندوتیژی لەئاستێكی نزمدا بووبێت ئەوا ئومێدی ئەوە هەیە بتوانرێت ئەو كێشە نەتەواییانە لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا چارەسەر بكرێت)، بەڵام پرسیاری زۆر گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بڕیاربەدەستان و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان هەروا بە ئاسانی بەقسەی ئەو بیرمەندو تۆژەرانە دەكەن و كە بینیان بێجگە لەرێگەچارەی جیابوونەوە و سەربەخۆبوون هیچ رێگە چارەیەكی دیكە كۆتایی بەو كێشەیە نایەنێت، راستەوخۆ بانگی لایەنە پێكناكۆكەكان دەكەن و بڕیاری جیابوونەوە دەدەن؟ زۆر بەداخەوە مێژووی كارەساتە خوێناوییەكان و پاكتاوی رەگەزی و ژینۆساید وەڵامێكی خراپی ئەم واقیعە دەداتەوە و پێمان دەڵێت: لەسیستمی نوێی


جیهانیشدا (واته دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان) تەنیا دەوڵەتانی پێشووی بلۆکی سۆشیالیستی بە تایبەتیش یۆگسلافیا خەڵتانی خوێن نەکرانەوەو سەرلەنوێ پاکتاوی رەگەزی لەلایەن سربیەکانەوە دژی نەتەوەکانی دیکە بە گشتی و ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ بەتایبەتی پیادەنەکرایەوە، پەنایان نەبردە بەر رێگەچارە گونجاوەکە کە بڕیاری جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتانە بووە.

هەربۆیە لەم راستەوە تۆژەرانی بواری فیدراڵیزم و چارەسەری کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان، پەنا بۆ چەند گریمانەیەکی دیکە دەبەن و پێیانوایە:

١. بالانسی هێزی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست ئاستی توندوتیژی دیاری دەکات، هەربۆ نموونە ئەگەر بالانسی هێز لەنێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست نەبوو، ئەوا نەتەوەی سەردەست هەوڵدەدات بەکورترین ماوە نەتەوەی بندەست ملکەچ بکات و بە زۆرەملێ کێشەکە ئیحتوا بکات و نەتەوەی ژێردەست ناچار دەکات بە چارەسەرەکانی نەتەوەی سەردەست رازی بێت.

٢. بەلام ئەگەر بالانسی هێز لەنێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێردەست جیاوازییەکی زۆری نەبوو، یان پێکهاتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیای ناوچەکە بەجۆرێك بوو (وەك هەرێمی کوردستان لەعێراقدا) جۆرێك لەبالانسی هێز لەنێوان نەتەوەی سەردەست و ژێردەست دروست بکات، ئەوا ئاستی توندوتیژی دەگاتە ئەو ئاستەی نەك لافاوی خوێن هەستێت، بەڵکو ناوچەکانی نەتەوەی بندەستیش کاول دەکات.

لێرەوە کەبەردەوام بەهۆی تۆپۆگرافیای کوردستانەوە، جۆرێك لەبالانسی هێز لەنێوان شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق و حکومەتەکانی ناوەند هەبووە، دەبینین بەدرێژایی ٧٠ ساڵی رابردوو، ساڵ لەدوای ساڵ ئاستی توندتیژی و رەفتاری دڕندانەی رژێمەکان لەبەرزبوونەوەدابووە، ئەم حاڵەتی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بەشێوەیەکی سیستماتیکیانە لەماوەی ٧٠ساڵی رابردوو، جۆرە بێ متمانەیەکی گەورە لەنێوان گەلی کورد و حکومەتەکانی عێراق دروست بووە، بەلام لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەوە دڵنیابووە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی رێگە نادات پەنا بۆ چارەسەرە راستەقینەکە ببات کە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بۆیە هەموو جارێك کە بواری وتووێژ لەنێوان شۆڕش و حکومەتەکانی ناوەندی عێراق هاتۆتە ئاراوە، لایەنی کورد لەعێراقدا داوای هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەمی کردووە، بۆ نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان وەك ئێستا ولاتانی هاوپەیمان، بەلام بەردەوام حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بە حکومەتی ئێستاشەوە، راشکاوانە بواری ئەوەیان نەداوە لایەنی سێهەم بێتە ناو کێشەکە و بۆ ئەوەی وەك میانگیر شاهید بێت لەسەر



**هانی زوبیدە بۆ گوڵان:**

**حکومەتی فیدراڵی لەنێوان ئەو گرووپانەدا دروست دەبێت کە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوانیاندا و هاوکاری یەکتری بکەن و پێکەوە بژین، بەلام لەعێراقدا ئەم تێگەیشتن و رێککەوتنە لەنێوان لایەنەکاندا بوونی نییە**

ئەو چارەسەرەیەی لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەندی دێتە ئاراوە.

**فیدراڵیزم وەك چارەسەرێکی سەپێنراو**

لەولاتانی فرەنەتەوەدا تەنیا نەتەوە لاوازەکان بەفیدراڵیزم رازی دەبن، ئەوجا لەم خاڵەوە لەبەر ئەوەی یەکێتی ئارەزوومەندانە و هاوپەیمانی لەنێوان لایەنێکی بەهێز و لایەنێکی لاوازدایە، ئەوا هەمیشە لایەنی بەهێز هەوڵدەدات ناوەڕۆکی ئەو یەکێتیە ئارەزوومەندانەیەو ئەو هاوپەیمانیەی پێی دەگوترێت فیدرالیزم پووچەڵ بکاتەوە، کاتێك لایەنی بەرامبەریش لەسەر پێشلکارییەکانی لایەنی بەهێز دێتە دەنگ، ئەوا لایەنی بەهێز بە جیاخواز و هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی ولات تۆمەتباری دەکات، ئەم حاڵەتە لەماوەی هەشت ساڵی رابردووی عێراقی نوێدا نەك هەر حاڵەتێك بووە، بەڵکو دیاردەیەکی بەردەوام بووە و بەردەوام حکومەتی بەغدا لەبری ئەوەی هەوڵبدات دەسەلاتی هەرێمەکان(بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە تەنیا هەرێمە لەعێراقدا) فراوان بکات و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەوە هەوڵیدا دەسەلاتی حکومەتی بەغدا بەهێز بکات و دەسەلاتی هەرێم و پارێزگاکان کەمبکاتەوە، لەمەش زیاتر وەك یەکدوو هەفتە لەمەوپێش سەرۆك وەزیرانی عێراق لەکۆبوونەوەیەکدا راشکاوانە رایگەیاند، دروستکردنی هەرێمە فیدراڵیەکان یەکپارچەیی عێراق دەخاتە مەترسیەوە.

کەواتە ئەم حاڵەتە کە ئێستا شێوازی جێبەجێکردنی مۆدیلی فیدراڵیەتی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی فیدراڵیزم وەك (یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە و هاوپەیمانیەك لەشێوەی گرێبەستێکی کۆمەلایەتی نێوان نەتەوەکانی عێراق) بەتاڵدەکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر هانی زوبێدە کرد سەرۆکی سەنتەری(Herzliy) بۆ دیراساتی حکومەت و دیپلۆماتی، لەوەلامدا بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە وەلامی گوڵانی دایەوە: (حکومەتی فیدراڵی لەنێوان ئەو گرووپانەدا دروست دەبێت کە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوانیاندا لەبارەی خواستی ئەوان بۆ هاوکاری کردنی یەکتری، لەکاتێکدا ئەگەر سەیری بارودۆخی عێراق بکەین، ئەوا ئەم رێککەوتنە لەنێوان لایەنەکاندا بوونی نییە، بەڵکو گرووپەکانی عێراق ئامادەن لەپێناو بیروباوەڕەکانیاندا کاری کوشتن ئەنجام بدەن و خۆشیان بە کوشت بدەن، ئەمە مایەی گرفت و کێشەیەکی گەورەیە. ئەگەر لەمێژووی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا کاتێك هەوڵدرا حکومەتی فیدراڵی پێکبهێنرێت، راستە شەڕ هەبوو، ناکۆکی و جیاوازی گەورە هەبوو، بەلام تێگەیشتنێکی سەرەتایی هەبوو لەنێوانیاندا بەوەی شتێکی هاوبەش هەیە یەکیان دەخات و کۆیان دەکاتەوە، حاڵی حازر ئەمە لەعێراقدا بەدی ناکەم. کەواتە فیدراڵیزم پەیوەستە بە تێگەیشتنی نێوان گرووپەکانەوە بۆ یەکترقبوڵکردن و لەیەکگەیشتن. پێموایە ئەمە گرنگترین لایەنی ئەم مەسەلەیەیە.. هەربۆیە بیرۆکەی

کۆکردنەوە و گردبوونەوە یان چەند هەرێمێك نابێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی ئیتنی یان ئایینی، لەڕاستیدا دەبێت پێش دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی کێشەی نەتەوەیی و ئایینیەکان چارەسەر بکرێت، ئەگەرنا دەوڵەتە فیدراڵیەکە بەردەوام نابێت، چونکە فیدراڵیزم تەنیا میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵە گرووپێك، بەڵام ئەگەر هیچ تێگەیشتنێك لەنێوان ئەم گرووپانە نەبێت، فیدراڵیزم سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەو کاتە ڕێگەیەك نابێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ناکۆکی و جیاوازیانەی ناو کۆمەڵگە.. هەربۆیە کاتێك ئەم شێوازە وەك چارەسەر بسەپێنرێت، ئەوا وڵاتەکە وەك زیندانی لێدێت، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە تۆ چ دەستکەوتێك بەدەست دەهێنێت لەسەپاندنی ڕێگەچارەیەك بەسەر خەڵکانێکدا لەکاتێکدا ئەو خەڵکانە خوازیاری گرتنەبەری ئەو ڕێگەچارەیە نین، واتە ئەگەر خەڵکی خوازیاری ئەوەنین، یاخود نەیانەوێت پێکەوەبن، بەڵکو خوازیاری ئەوەن هەر یەکەیان بە ئاڕاستەیەکی جیاوازدا بڕۆن، بۆچی ڕێگریان لێبکەین؟ من هیچ لۆجیکێك لەمەدا نابینم. پێموانیە فیدراڵیزم چارەسەرێك بێت بۆ ئەو گرووپانەی نایانەوێت پێکەوەبژین، با باسی فەلەستینی و ئیسرائیلیەکان بکەین، ئایا دەتوانرێت ئیسرائیلی و فەلەستینیەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا کۆبکرێنەوە)).

قەسەکانی پرۆ فیسۆر هانی زوبێدە بۆ گوڵان ڕاشکاوانەو قووڵبوونەوەیە بەناخی کێشەکاندا، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەوەمان لێکرد، ئەی سەبارەت بە پرۆسەی فیدراڵی عێراق چی دەڵێن کەماوەی ٨ ساڵە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیووە؟ لەمبارەوە پرۆ فیسۆر زوبیدە بە گوڵانی ڕاگەیاند: دیسان پێموایە دەبێت دەرفەتی ئازاد بۆ پێکهاتەکانی عێراق بڕەخسێنرێت بە ئازادانە بڕیاری خۆیان بدەن، دواتر ئەو هەلەدروسست بکرێت کە گرووپەکان لەیەکتر نزیك ببنەوە، لەبەرەوە لەئێستادا پێموانیە فیدراڵیزم باشترین ڕێگەچارە بێت بۆ کێشەی عێراق، چونکە گرووپ و لایەنە جیاوازەکانی عێراق یەکتر دەکوژن و دژایەتی یەکتر دەکەن، بۆ نموونە کوردەکان ماوەیەکی دوورودرێژە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا بوون، ئێستا ئەوان لەهەرێمی کوردستان بەنیگەرانی لەبەشەکانی دیکەی عێراق دەڕوانن، موسڵمانەکان دژی مەسیحیەکانن، شیعەکان دژی سوننەکانن، لەبەر ئەوە پێموانیە شتێك پێکەوەیان ببەستێتەوە و پێکەوەیان گرێبدات. هەربۆیە پێموانیە بتوانیت لەم بارودۆخەدا پەرە بە فیدراڵیزم بدەیت، فیدراڵیزم لەنێو ئەو گرووپانەدا سەرکەوتوو دەبێت کە پێیانوایە شتێکی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، کە دەتوانن چارەسەرێك بۆ جیاوازیەکانیان بدۆزنەوە، لەبەر ئەوە پێموانیە شتێکی مومکین بێت لەو وڵاتانەی کە کەلێن و دابەشبوونی قووڵ هەیە لەنێوانیاندا. لەسویسرادا چەندین کانتۆنی جیاواز هەیە کە پێکەوەدەژین، بەڵام بارودۆخی سویسرا لەعێراق جیاوازە، لەم چوارچێوەیەدا تەنیا پەیامی من بۆ کوردەکان



**خام خان سوان بۆ گوڵان:**

**بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لەکۆمەڵگەی فرەنەتەوە گەشە بکات و ڕەگوڕیشەی خۆی دابکوتێت، دەبێت ئارەزوومەندانە بێت، ناکرێت بە زۆرە ملێ ناچار بکرێن پیادەی بکەن**

ئەوەیە، هیوای ئەوەیان بۆ دەخوازم هەرچی زووترە سەربەخۆیی بەدەست بهێنن)).

### ئەزموونە فاشیلەکانی فیدراڵیزم

هەتا ئێستا کە باسی ئەزموونی فیدراڵیزم دەکەین، یەکسەر ئەزموونەکانی (بەلجیکا، سویسرا، ئەڵمانیا، کەندا..تاد) مان بۆ ریز دەکەن و ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕوو دەکەنەوە، گەلی کوبیك لە کەندا ئەوە لەسێ ریفراندۆمدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی نەداو بڕیاریاندا لەگەڵ حکومەتی ئوتاوا بمێننەوە؟، وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی بۆ هەموو کوردێك و نەتەوەکانی هاوشێوەی کوردیش ئاسانە، بەڵام پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە ئایا بەچەند ساڵی دیکە سیستمی سیاسیی عێراق دەبێتە هاوشێوەی سیستمی کەندا و سویسرا و بەلجیکا و بەلایەوە ئاسایی بێت گەلی کوردستان بڕیار بدات، ئایا لەگەڵ عێراقدا دەمێنێتەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێت، لەم راستە کە لە ئاسۆدا هیچ ئومێدیك بەدی ناکرێت حکومەتی ئێستای عێراق لانی کەم لە١٠ ساڵی داهاتووشدا بە بڕیارێکی لەو شێوەیە قایل بێت، ئەوا دەبێت بچینەوە سەر ئەو ئەزموونانەی کە بەئەزموونی فاشیلی فیدراڵیزم پێناسە دەکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر خام خان سوان ئوستادی زانستی سیاسیی لەزاکۆی بەناراس هیندۆ کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە لەسەر پرسی شکستی فیدراڵیزم بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی:) فیدراڵیزم شێوازێکی دامەزراوەییە و بە زۆری لەو وڵاتانەدا پیادە دەکرێت کە دابەشبوونێکی قووڵ هەیە لەکۆمەڵگەکەیاندا، ئەویش لەپێناو ئەوەی پێکەوە و لەسایەی یەك چوارچێوەی دامەزراوەییدا کۆبکرێنەوە. خەسڵەتە سەرەکیەکانی بریتین لەبوونی دەستوورێکی نووسراو، دابەشبوونێکی ڕوونی دەسەڵات لەنێوان مەرکەز و هەرێم (ویلایەتەکاندا)، هەروەها بوونی دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە، هەربۆیە ئەگەر بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان سەبارەت بە ئەزموونی سەرنەکەوتنی فیدراڵیزم قسە بکەین، ئەوا دەبێت لەئەزموونی وڵاتانی وەك نەیجیریا، ئەسیوبیا، نیپاڵ بڕوانیت، کە فیدراڵیزمیان تەبەنی کردووە و سەرنەکەوتن، ئەمەش وەك چارەسەرێکی عەمەلی بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست دابەشبوونەوە دەناڵێنن. من پێموایە دەبێت لەسروشتی ڕاستەقینەی فیدراڵیزم بڕوانی، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر بیر لە فیدراڵیزم بکەینەوە، ئەوا ناکرێت بسەپێنرێت، لەبەر ئەوەی فیدراڵیزم پەیوەستە بە ڕێککەوتنی نێوان قەوارەی نیشتمانی (حکومەتی مەرکەزی) و ویلایەتەکان (هەرێمەکان) بۆ هاوبەشیکردن و بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، کەواتە بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لە کۆمەڵگەیەکدا، کە دابەشبوونی قووڵی تێدایە، گەشە بکات و ڕەگ و ڕیشەی خۆی بچەسپێنێت دەبێت ئارەزومەندانە بێت، ناکرێت بسەپێنرێت و بە زۆرە ملێ بچەسپێنرێت و ناکرێت دەوڵەت ناچار بکرێت پیادەی بکات. هەندێ جار فیدراڵیزم پەیوەست دەکرێتەوە بە بوونی شێوازی تەوافوقیەوە، بۆ نموونە بوونی

ڕێککەوتن بۆ هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا، ئەویش لەپێناو هێنانەئارای دیموکراسی ڕاستەقینە و هێنانەئارای شەراکەت لەدەسەڵاتدا لەنێوان قەوارە جیاوازەکاندا، سەبارەت بە شێوازی یوگسلافیای پێشووش مشتومڕێکی زۆر کراوە لەسەر ئەوەی ئایا فیدراڵیەتی یوگسلافیای پێشوو یان یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرکەوتوبووە یان نا، هەندێ کەسیش پێیانوایە وڵاتانێکی وەك یوگسلافیای پێشوو یان یەکێتی سۆڤیەتی جاران نە تەواو فیدراڵی و نە تەواو دیموکراتی بوونە. گریمانەکە ئەوەیە کاتێك هەوڵدەدەیت فیدراڵیزم لە وڵاتەکەدا تەبەنی بکەیت، ئەوا پێویستە لانی کەمی هەلومەرجی دیموکراسی لەئارادابێت، کەواتە دەبێت پەرە بە دیموکراسی بدرێت، نەك تەنیا وەك سیاسەتێك، بەڵکو وەك فۆرمێکی دامەزراوەییش، ئەمە زۆر گرنگە، چونکە چەسپاندنی فیدراڵی لەدەستووردا بە تەنیا نابێتەهۆی هێنانەئارای دیموکراسی، هەروەها بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لەسەر ئاستی دامەزراوەکان بەرجەستەبێت، ئەوا بە ڕاستی پێویستت بە بناغە و بنچینەی دیموکراسی هەیە)).

### فیدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

کێشەی هەرەسەرەکی ئەو وڵاتانەی ئەزموونی فیدراڵیان دووچاری ئاستەنگ و شکستهێنان دەبێتەوە، ئەوەیە حکومەتی ئەو وڵاتە بڕوای بەدابەشکردنی دەسەڵات و هەروەها بڕوای بەدەسەڵاتی سنوورداری حکومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی فراوانی حکومەتە هەرێمیەکان و حکومەتە لۆکاڵەکان نییە، سەبارەت بە شێوازی سیستمی فیدراڵی پرۆفیسۆر ڕۆبەرت میللەر ئوستادی یاسا لە زانکۆی ڤیلانۆڤا بەمجۆرە باسی فیدراڵیەتی بۆ گوڵان کرد: (خەسڵەتی دیاری فیدراڵییەت بریتییە لە فەرمانڕەوایی دووانە (پنائیە السیادە)، بۆنموونە سیستەمێك کە تیایدا سیادەی دەسەڵاتی دەوڵەت دابەشبکرێت لەنێوان حکومەتی نیشتمانی یان فیدراڵی لەلایەکەوە لەگەڵ حکومەتە لۆکاڵە جیاوازەکان لەلایەکی ترەوە. لە وڵاتەکەمدا، دەستوورەکەمان، دەستووری ١٧٨٩، سیستەمێکی خوڵقاندووە لەڕێگەی دابەشکردنی «سیادە» لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی ویلایەتە جیاوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەسیستەمی فیدراڵیدا، هزری گشتی بریتییە لەوەی کە پێویستە حکومەتی فیدراڵ ئەو دەسەڵاتانەی پێ ببەخشرێت کە بە گرنگ دادەنرێت بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە پەیوەستن بە تێکڕای وڵات، بۆنموونە بەرگری نیشتمانی، مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی بیانی بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکان، ڕێکخستنی کارەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی،...تاد. هاوکات هەموو دەسەڵاتەکانی تر بە حکومەتە لۆکاڵەکان دەبەخشرێت. چەندین هۆکار هەیە لەپشت ئەوەی کە بۆ نەتەوەکان سیستەمی فیدراڵی هەڵدەبژێرن، بەڵام من تەنیا دوو هۆکار باس دەکەم، یەکەمیان: سیستەمی فیدراڵی



**ڕۆبەرت میللەر بۆ گوڵان:**

**خەسڵەتی دیاری فیدراڵییەت بریتییە لەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دابەشبکرێت لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە لۆکاڵەکاندا، لەم سیتمەدا دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی سنووردارەو دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانە**

بەرگرییەکە لەدژی دیکتاتۆرییەت، لەسەر هەردووك لەئاستەکان لەحکومەتی فیدراڵی و حکومەتە لۆکاڵەکان، سیستەمی فیدراڵی قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان سنووردار دەکات لەلایەن حکومەتی فیدراڵ-ەوە، ئەویش بەو هۆیەی کە سروشتی سیستەمی فیدراڵی واهەڵکەوتووە کە حکومەتی فیدراڵ خاوەن دەسەڵاتێکی سنووردارە لەبەرئەوەی هەندێك لەدەسەڵاتەکان کەوتۆتە چوارچێوەی حکومەتە لۆکاڵەکان. هاوکات ڕێگە نادات دەسەڵاتەکان قۆرخبکرێت لەلایەن حکومەتە لۆکاڵەکان، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەگەر بێت و یەکێك لەحکومەتە لۆکاڵەکان هەڵستێت بە قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان، ئەوکات هاووڵاتیان ئازادن لەوبارەیەی ئەو ویلایەتە جێبهێڵن و خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە لەلایەن حکومەتێکی لۆکاڵی دیکەوە حوکمڕانی دەکرێت، ئەمە هەمووی بەبێ ئەوەی نیشتمانەکەیان جێبهێڵن. دووەم هۆکار: سیستەمی فیدراڵی مایەی ئاسانکارییە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە بۆ ئەو خەڵکانەی کە هەڵگری بیروباوەڕی جیاوازن لەبارەی چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە - - لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمتان دەرۆمە سەر باسکردنی ئەم بابەتە - - لەبارەی چۆنیەتی پەرەپێدانی سیستەمی فیدراڵی، لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە مێژووی نەتەوەکان. لە وڵاتەکەی مندا، ویلایەتە جیاوازەکان لەسەرەتادا وەکو «داگیرکەر» دروستکران لەلایەن «بەریتانیای مەزن»ـەوە، دواتر سەربەخۆیی بەدەستهێنا و بوو بە خاوەن فەرمانڕەواییەکی ڕەها لەساتەکانی شۆڕشەکەی ئەمریکا لەساڵی ١٧٧٦. پاشان هاووڵاتیانی ئەمریکا بڕیاریاندا ویلایەتەکان بەیەك بگەیەنن لەچوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا و دروستکردنی حکومەتێکی فیدراڵی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەڵبەتە ئەم مێژووە تایبەتە بە واقیع و بارودۆخەکانی ئەزموونەکەی ئەمریکا. سیستەمی فیدراڵیی نەتەوەکانی تر بەشێوازی جیاواز بونیادنراون. هەروەها باشیەکی دیکەی سیستەمی فیدراڵی بریتییە لەوەی کە ئامانجی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان گرووپە جیاوازەکان. لە وڵاتەکەمدا، هاووڵاتییان بریتین لەپێکهاتەیەکی فرەڕەگەز، هاووڵاتییە ئەمریکییەکان لە»کالیفۆرنیا» و «تێکساس» و «نیویۆرك» چەندین خاڵی هاوبەشیان هەیە، تەنانەت گەر گفتوگۆش بکەوێتە نێوانیان، ئەوە هەرگیز هەستی پێناکەن. لە نەتەوەیەکدا کە تیایدا جیاوازییەکی بەرچاو بوونی هەیە لەنێوان گرووپ و ئیتنییەت و ئایینەکان، بەهەرحاڵ، دەشێ سیستەمی فیدراڵی ببێت بە مایەی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان لەڕێگەی ئاراستەکردنی کێشەکان کە مایەی دابەشبوونی هاووڵاتیانن بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەتە لۆکاڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان. هەروەها پێموایە دەکرێ ئەندامانی گرووپە جیاوازەکان هەوڵبدەن لەناوچەیەکی جوگرافی سەربەخۆ بژین،

دەتوانێت ئەم شتە بکات، بەشێوەیەک کە لەڕێگەی حکومەتە لۆکاڵەکانیانەوە رەفتاربکەن و ئەو یاسا-یانە دەربکەن کە بە باشی دەزانن. هەر گرووپە خەڵکانێك کە یاساکانی ناوچەیەکیان بەدڵ نییە و کە لەلایەن حکومەتە لۆکاڵەکانەوە دەرکراون، دەتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە کە تیایدا یاساکانی بە دڵی ئەوانە. لەهەمان کاتیشدا، گرووپە جیاوازەکان دەتوانن کۆدەنگی دروستبکەن لەسەر پرسە هەرە گەورەکان لەبارەی سیاسەتی نیشتمانی و ئاراستەکردنی ئەو مەسەلانە بۆ حکومەتی فیدراڵ، سیستەمی فیدراڵی دەرفەت فەراهەم دەکات بۆ ئاسانکاری لەبارەی پێکەوەژیان بۆ ئەو خەڵکانەی کە ناکۆکن لەسەر هەندێك لەپرسە هەرە گرنگەکان)).

ئەوەی پرۆفیسۆر رۆبەرت میللەر ئاماژەی پێدەدات و بە فاکتەرێك بۆ سەرکەوتنی فیدراڵیزمی لەقەڵەمدەدات، ئەوەیە کە پێویستە زەمینەیەکی دیموکراتی یان رۆشنبیری دیموکراتیانە بۆ یەکتری قبوڵکردن بوونی هەبێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کارل سی کاڵتەنتالەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئەکرۆن(Akron) کرد، لەوەڵامدا سەبارەت بە ناتەبایی نێوان پێکهاتەکان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (فیدراڵیزم هەندێك جار زۆر سوودبەخشە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیتنی و ئایینییەکان، بەڵام ئەگەر بێت و لە وڵاتێکدا هاووڵاتیان بە چاوێکی دۆستانە سەیری یەکتری نەکەن و نامتمانەیی و رقوکینە لەنێوانیاندا هەبێت، ئەوکات باشترین رێگەچارە ئەوەیە کە وڵاتەکە دابەشبکرێتە سەر ژمارەیەك لەیەکەی نیشتمانیی لاوەکی لەگەڵ رێگەدان بە گرووپە ئیتنی و زمانەوانی و یان ئایینیە جیاوازەکان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە وڵاتی «بەلجیکا»یە کە تیایدا «والۆن» و «فلامینگ» تارادەیەك کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. لەهەمان کاتیشدا نموونە هەیە لەسەر چۆنیەتی بوونی فیدراڵییەت وەکو کێشەیەك، بۆیە پێویستە باڵانسێك بونیادبنرێت لەو وڵاتانەی کە لەسەر سیستەمی فیدراڵی دروست دەبن، بەشێوەیەك کە ئۆتۆنۆمی بە گرووپەکان ببەخشرێت لەگەڵ هێشتنەوەی هۆکارەکان بۆ مانەوەی گرووپەکان لەچوارچێوەی وڵات. یەکێك لەهۆکارە گەورەکان لەپشت سەرهەڵدانی کێشە لە وڵاتە فیدراڵییەکان بریتییە لەدابەشکردنی داهاتەکان، بۆ نموونە ئەگەر هات و دابەشکردنی داهاتەکانی وڵات لەدەستی بەشێك لە وڵاتەکە بوو، ئەوکات بەشەکانی دیکە، پارێزگا بێت یان هەرێم، رازی نابن بەو بارە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە داهاتەکان و پارەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت بەسەر هەموو هەرێم و پارێزگاکان. بۆ نموونە بەپێی سیستەمی فیدراڵی وڵاتی «ئەڵمانیا» هەمیشە لەهەوڵدانە بۆ دابەشکردنی



**کارل کاڵتەنتالەر بۆ گوڵان:**

**دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، داگیرکرابوون و بەزۆر پێکەوە کۆکرابوونەوە، بۆیە کە بواریان بۆ رەخسا سەربەخۆییان هەڵبژارد نەک فیدراڵی**

داهاتەکان بەشێوەیەك کە نەبێتە مایەی دروستبوونی ویلایەتێکی دەوڵەمەند و ویلایەتێکی دیکەی هەژار، لەکاتێکدا ئەم شتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەئاستێکی نزمتردایە، بەشێوەیەك کە هەندێك لەویلایەتەکان زۆر هەژارن و ویلایەتی زۆر دەوڵەمەندیشمان هەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باجەکان لەسەر ئاستی لۆکاڵ کۆدەکرێتەوە. ئەم مەسەلەیە لێرەدا شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام ماوە بۆ ماوە دەنگۆی لەسەر دروست دەبێت لەنێو هاووڵاتیان، بەڵام لەهەندێك لە وڵاتەکانی تر، بۆ نموونە وڵاتەکەتان عێراق، لەوانەیە کێشە هەبێت لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکان، لەبەرئەوەی هەندێك لە پارێزگاکانتان نەوتیان هەیە لەکاتێکدا هەندێك لە پارێزگاکانی تر نەوتیان نییە، بۆیە گرفت دێتەکایەوە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتی عێراق بەسەر پارێزگاکان. سەبارەت بە دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانیش، کێشەی «یەکێتی سۆڤێت-ی جاران» لەوەدابوو کە ئەو وڵاتانەی کە «یەکێتی سۆڤێت»یان پێکهێنابوو هیچ خاڵێکی پێوەندی لەنێوانیاندا نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوان بەزۆرەملێ پێکەوە بەسترابوون. ئەگەر سەیری مێژووی «یەکێتی سۆڤێت» بکەین دەبینین زۆربەی گرووپە ئیتنییەکان کە بەشێك بوون لە «یەکێتی سۆڤێت» وڵاتانێکی داگیرکراوبوون و بەزەبری هێز کرابوون بە بەشێك لە «یەکێتی سۆڤێت»، هەربۆیەش کە رێگەیان پێ بەخشرا بۆ جیابوونەوە لە «کۆمۆن وۆڵت» و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ تایبەت بە خۆیان یەکسەر ئەو شتەیان هەڵبژارد نەك مانەوە لەسیستەمێکی فیدراڵی. ئەم مەسەلەیە زیاتر پەیوەستە بە ئاستەکانی دوژمنایەتی و متمانەیی و هەستی خەڵکەکان بەرامبەر بە یەکتری، ئەگەر بێت و هاووڵاتیان متمانە بە یەکتری بکەن، ئەوکات دەتوانن پێکەوە هاوکاربن و کاربکەن، بەڵام ئەگەر متمانەیی نەبوو ئەوکات دیموکراسییەت هیچ سوودێکی نابێت لەم بارەیەوە. نموونەیەکی دیاری «ئەورووپا» لەم بارەیەوە وڵاتی «بەلجیکا»یە، هەریەك لە «والۆن» و «فلێمینگ» هەرگیز نەیانتوانییە پێکەوە هەماهەنگبن و پێکەوە کاربکەن، بەشێك لە کێشەکانی نێوانیان پەیوەستە بە پارە، بەڵام بەشێکی زۆری هۆکارەکان پەیوەستە بە نەبوونی متمانەیی لەنێوانیاندا، بەشێوەیەك کە «والۆن»ەکان متمانە بە «فلێمینگ»ەکان ناکەن، بەپێچەوانەشەوە دروستە، پێموایە «فلێمینگ»ەکانن کە زیاتر متمانە بە «والۆن»ەکان ناکەن. مەبەستم نییە بگەڕێمە سەر وڵاتەکەتان، بەڵام بۆنموونە لە «عێراق» متمانە بوونی نییە لەنێوان «شیعە» و «سوننە» و «کورد» و پێکهاتە جیاوازەکانی تر. بۆیە دەکرێ سیستەمێکی دیموکراسی بونیادبنێن کە یاریدەدەر بێت لەبەخشینی هەلومەرج بۆ هاووڵاتیان لەدەربڕینی هەست و بۆچوونەکانیان لەبارەی سیاسەت و دەرفەتی



هەڵبژاردن لەنێوان سیاســەتوانەکان لەگەڵ پەســەندکردن یان لادانی سیاســەتوانەکان، بەڵام ئەگەر هات و نامتمانەیی لەئاستێکی بەرزدا بــوو لەنێوان پێکهاتــە جیاوازەکان، ئــەوکات دیموکراســییەت چارەســەرێکی سیحری نابێت بۆ کێشــەکان. لێرەوە ئەگەر بێینە ســەر بارودۆخــی عێــراق، عێراق حاڵەتێکی جیاواز و دەگمەنە. عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگیرکرا و بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەڵستان بە پێکهێنانی حکومەتێك و لەسەر عێراق-یان سەپاند. پێموایە هێشتا بەشی کۆتایی حکومەتی عێراقی نەنووسراوە و ١٠٠٪ دیــار نییــە هەیکەلییەتی حکومەتــی عێــراق لەئاییندەدا چۆن دەبێت. لەوانەیــە ئەگەرێك هەبێت بۆ دروســتبوونی کوردستان-ێکی سەربەخۆ، بــەڵام ئێوە لەمن باشــتر دەزانن، کە بارەکە زۆر زۆر ئاڵــۆزە لەبەرئەوەی لــەدەرەوەی چوارچێــوەی عێراق کــوردی دیکە هەیە، بۆنمونــە کورد لە «ســوریا» و «ئێران» دەژین، بۆیە کوردستانێکی سەربەخۆ دەبێت بە کێشــەیەکی نێودەوڵەتی ئاڵۆز و مامەڵەکردنی زەحمەت دەبێت.

چەندین نموونــە هەیە کە تیایــدا فیدراڵییەت بە چارەســەر دانــراوە و لەکۆتاییدا سەرکەوتوو نەبــووە، بۆنموونــە « نا یجیر یــا » ، «نایجیریــا» خاوەن سیستەمێکی فیدراڵی بوو، بــەڵام نموونەیەکی درەوشــاو نەبــوو لەســەر ســەرکەوتنی سیســتەمی فیدراڵییــەت. «بەلجیــکا» زۆر ســەرکەوتوو نەبوو، «سویســرا» و «ئەڵمانیــا» زۆر ســەرکەوتوو بــوون، بەڵام ئــەم وڵاتانــە دەوڵەمەندن هاوکات ئاســتی دوژمنایەتی لەنێوان گرووپە ئیتنییەکانی هەرێمەکانیــان زۆر قووڵ نییە. هەروەك کە پێشتریش ئاماژەمپێدا، فیدراڵییەت چارەسەرێکی سیحری نییە بــۆ کێشــەکان، هەندێك جار سەرکەوتوو دەبێــت و هەندێــك جاریش شکست بەدەست دێنێت)).



## شەرەفەددین ئاڵچی بۆ گوڵان:

# پێویستە پێشنیارەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، زۆر بە وریایی گوێی لێبگیرێ، پێویستە دەوڵەتیش بە وریایی گوێی لێبگرێ و گوێشی لێگرتووە

**شەرەفەدین ئاڵچی پەرلەمانتاری کورد لە تورکیا، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کورد لەتورکیا و لە ئاخاوتنێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بە خولی تازەی پەرلەمانی تورکیا و هەڵوێستی DTP لە بایکۆتکردنی دانیشتەکان و هەوڵەکان بۆ داڕشتنەوەی دەستوور و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەسەلەکان پەیوەستن بە هەوڵەکانی بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و هەروەها داڕشتنی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو کێشەکان بکات، لەم چوارچێوەیەدا بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی ڕابردووەوە، تا ئێستاش کێشەیەك هەیە، ئەویش کێشەی بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانە لەلایەن BDPەوە، تا ئێستاش لەسەر بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەردەوامن، بۆچی BDP بایکۆتکردنەکەی نەشکاندووە؟**

- هۆکاری بایکۆتکردنی پەرلەمانیی لەلایەن BDP لە هی CHP هەندێك جیاوازبوو، ئێمە هۆکار و کێشەو مافی ڕەوامان بۆ بایکۆتکردنی پەرلەمان هەبووە، چونکە بەشێوەیەکی ناڕەوا مافی نوێنەرایەتی هاوڕێیەکمان وەرگیرایەوەو لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوەو پێشکەش بە ئەندامێکی AKP کرا، کەئەو ئەندامە مافی خۆ هەڵبژاردنی نەبوو. بێگومان ئێمە ناتوانین لەبەردەم ئەم بارە ناڕەوایەدا بەبێ دەنگی بوەستین، چونکە کاردانەوەیەکی زۆر گەورەی لەناو کۆمەڵگەش هەبووە و کۆمەڵگە هەڵوێستی وەرگرتبوو. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەش سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئێمەی نوێنەرانی کورد، تا ئەم ناهەقییە کۆتایی پێدەهێنرێت، بەشداری لە پەرلەمان نەکەین. لەبەر ئەوەی بارێکی

زۆر نائاسـایی لەئارادابوو، پێویست بوو ئەم بارە چارەسـەربکرێت. ئەم نارەوایەتیە تەنیا تایبەت نەبوو بە (خەتیب دیجلە)وە، چونکە ئەو یاسـایەی بەربەرەکانێ کردنی تیرۆر کە وەك بەهانەیەك بۆ بەندکردنی خەتیب دیجلە خراوەتـە ڕوو، بەپێی ماددەی حەوتەمی ئەو یاسـایە ئێمە هەموومان ڕووبەڕووی هەمان نارەوایەتی دەبینەوە. لەم حاڵەتەشـدا مەحاڵە ئێمە بتوانین بە ئازادی و بەئاسـایی بچینە پەرلەمان و چالاکیەکانمان بنوێنین.

نـەك تەنیا ئەمـەش، بەڵکـو تەنانەت لەناو کۆمەڵگەش هەلی هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگە سـەبارەت بە بواردان بۆ بەئازادی دەربڕینـی بۆچوونە سیاسـییەکانمان نییە.

**وەرگرتنەوەی مافی نوێنەرایەتی خەتیب دیجلە لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە کاردانەوەیەکی زۆر گەورەی لەناو کۆمەڵگە هەبووەو خەڵکی هەڵوێستیان وەرگرتبوو**

بـۆ چاککردنەوەی ئەمەش پێویسـتیمان بە نیەتێکی باشە، لەمبارەیەوە تاکە لایەن بتوانێ بارودۆخەکە ڕێکبخاتەوە سـەرۆك وەزیرانە، سـەرۆك وەزیران بۆخۆی ڕایگەیاندووە کەوا ناکرێت ئـەم نارەوایەتیە قبوڵ بکرێ، ئەمە لەکەیەکی ڕەشـەو پێویسـتە لەسەر پارتی خۆمان لاببرێ. ئێمەش لەسەرۆك وەزیرانەوە چاوەڕوانـی دەستپێشـخەریەکین کە ڕێگە نەدات بە سـوێندخواردنی ئـەو ئەندامەی کە بە نارەوایی هەڵبژێردراوە، ئەگەر سـوورە لەسەر سوێند خواردنیش، ئەوا دەکرێ بدرێتە دامەزراوێکـی ئێمـە، هەروەهـا ئێمە ئەو داواکاریەشمان لە سـەرۆك وەزیران هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکی فەرمی بدات سەبارەت بەم نارەوایەتیەو دان بە بوونی نارەوایەتیەکە بنێت و هەوڵیش بۆ چارەسەرکردنی بدات، چونکە دەسەڵاتی سـەرۆك وەزیران بۆ ئەمە دەشێ و لە توانایشـیدایە و ژمـارەی ئەندامانی پەرلەمانیشـی لە ڕێژەیەکی زۆر بەرزدایە، ئێسـتاش هەر خـۆی وەك دەسـەڵاتێکی موتڵەق وایە کە دەسەڵاتی لەناو پارتەکەی و حکومەت و دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هەیە.

واتە کلیلی چارەسـەری دۆخەکە بەدەست سەرۆك وەزیرانەوەیە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت کۆبوونەوەیەك لەگەڵ چەند کەسـێکی سەر بە ئێمە ببەسـتێ تا پێشنیارەکانی خۆمانی پێ ڕابگەیەنیـن، هەروەهـا دەتوانرێت لەم بارەیـەوە چی ئەنجام بدرێ بۆ نەهێشـتنی ئەم نارەوایەتیـەو هەروەها بۆ بەڕێزیان ڕوون بکەینەوەو سەبارەت بە ڕێوشوێن و چۆنیەتی چارەسـەرکردنی ئاگاداریان بکەینەوە، دواتر هەوڵ بدەین قەناعەت بـە یەکتری بهێنین، ئەگەر ئێمە دروستین، ئەوا دروستیمان قبووڵ بکەن، ئەگەر بەڕێزیشیان دروستن، ئەوا بڕواو قەناعـەت بەئێمە بێنن کە ئەوان دروسـتن. بەڵام سەرۆك وەزیران ئەم ڕێگەیەشی داخست و وتی مـن چاوپێکەوتن ئەنجام نادەم و ئەو ئەندام پەرلەمانەش دەبێ سوێند بخوات، چیتر کار لـە کار ترازا، با ئەندامانی BDP بێن و سـوێند بخۆن، دوای ئەمە بیر لە چارەسەر دەکەینەوە!.

بێگومـان ئـەم بـارەش بـووە هـۆی نارەزایـی دەربڕینی ئێمـە، چونکە هەر لە سـەرەتاوە ئێمەی پشتگوێ خسـت، تەنیا ڕێگەیەکـی دیموکراتییانەی سیاسـی کە هەبوو لەبەردەممان، دایخسـت. بۆیە ئێمەش هەڵوێستی خۆمان نیشـانداو نەماندەتوانی لـەم بارودۆخـە مەرجەکان قبـووڵ بکەین و پێمانوایـە بەم شـێوەیە بەشـداربوونمان لەپەرلەمـان و سـوێندخواردنمان هیـچ سـوودێکی نییە. چونکە بەشـداریکردنمان لە پەرلەمان لەم هەلومەرجانەدا تەنیا دەبێتە هۆی خۆدەرخسـتنی سیاسی و بە بەردەوام قسـە دەکەین، بەڵام هیچ سوودێکی نابێت، هـەروەك وتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ (کلم کلم فینسـی) واتە قسە بکە و قسە بکە تا ئەویش لەیادی دەچێ!! بۆیە لەو بارودۆخەدا ئێمە بەشـدار نابین و خەڵکیش چاوەڕوانی ئەمەمان لێدەکات. لـە ڕووداوەکانی لەمەو بەدواش سەرۆك وەزیران بەرپرسیارە، چونکە ئێمـە هەوڵمانداوە، بەڵام لە هەوڵەکانمان بێ ئەنجام بووین. سـەرۆك کۆماری تورکیاش بەڕێـز ئەحمەد تـورك-ی داوەت کردو زۆر بەگەرمـی و پۆزەتیڤانە پێشـوازی لێکرد، چاوپێکەوتنێکـی زۆر گرنـگ بوو، بەڵام پێموایە سەرۆك کۆماریش لەم ڕووەوە شتێکی وای بەدەستەوە نییەو دەسەڵاتی سنووردارە، بەم جۆرە مەسەلەکە گەیشتۆتە چەق بەستن. لەمەو بەدواش کار لە مەیدانی سیاسـەتەوە دەرچـووەو کەوتۆتە مەیدانـی دەوڵەتەوە و ئێمەیـش پێمانوایە کە چیتـر هیچمان بۆ ناکرێت و نازانیـن لایەنەکانی تر چییان بۆ دەکرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێسـتا کارەکە بەم شێوەیەیە.

*** ئەگـەر BDP بەشـداری پەرلەمـان نەکات، ئایا تاچەند مەترسی ئەوە دێتە ئاراوە کە ناسـەقامگیری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا سـەرهەڵبداتەوە، لەمەش خراپتـر حکومەتی تورکیـا ناچار بێت باری نائاسایی لەو ناوچەیە ڕابگەیەنێتەوە؟**

- حکومەتـی تورکیـا چـی دەکات و چی نـاکات ئێمە نازانین، بـەڵام ئێمە وەك سیاسەتمەداران ئەگەر کاریگەریمان هەبوایە، ئەوا ڕوومان لـە خەڵکی دەکردو پێمان دەوتن خەڵکینـە دان بەخۆتانـدا بگـرن، ئێمە ئەو کێشـانەتان لەڕێی سیاسـەتەوە بۆ چارەسەر دەکەیـن، بەڵام کاتێ کە هیچ شـتێك نەما بیکەیـن، ئـەوا ئێمە ڕاکێشـراینە لایەکەوەو لەمـەودوا ئەو ڕووداوانەی کـە ڕوودەدەن لە دەرەوەی بازنەی کاریگـەری ئێمە ڕوودەدەن و چیتـر ڕوودانی هـەر ڕووداوێك بەهۆی کاریگەریـی ئێمەوە بەهیچ شـێوەیەك جێی باس نییە، هەروەها سـەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتیش، ئەمـەش نادیارە، چونکە بەڕێز سەرۆك وەزیران ئێستا هەڵوێستێکی زۆر جیاواز لە جارانی ڕابردووی وەرگرتووە، بەتەواوی و بەهەستێکی ناسیۆنالیستانە هەنگاو دەنێت و قسـەی وا دەکات کە بۆتە جێی ڕەزامەندی ناسیۆنالیستەکان و هەڕەشە لە گشت لایەنێك

**بەشداریکردنمان لە پەرلەمان لەم هەلومەرجانەدا تەنیا دەبێتە هۆی خۆدەرخستنی سیاسی، بەڵام هیچ سوودێکی بۆ چارەسەری گرێ کوێرەکان نابێت**

دەکات و پشـتگوێیان دەخات. بێگومان من پێموایـە کوردەکان لـە بەرانبەر ئـەم جۆرە هەڕەشـانە بێدەنگ نابن و ئەم ڕێگەیەی کە سەرۆك وەزیران بەنیازە بیگرێتە بەر لەمەوبەر گیراوەتەبـەر، لە سـاڵی ١٩٩١ بە توندترین شێوە پەیڕەوکراوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتۆتەوە، بۆیە پێویسـتە سەرۆك وەزیران ئەمـە لەبەرچاو بگرێ و ئیتـر ئەم ڕێگەیە کاری پـێ ناکرێت، دواتریـش دەبێ بیر لە چۆنیەتی دامرکاندنەوەی ئەم کێشـانە بکات کە لـە ئەنجامی پەیڕەوکردنـی ئەم ڕێگەیە دەرکەوتن و بێگومان تاکە ڕێگەچارەش بریتییە لەکارکردنی گشت لایەنێك بۆ دامرکاندنەوەی ئـەو ناوەندە توندوتیژیەی کە دروسـت بووەو ئێمەش حەز بە چارەسەر دەکەین.

## چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا

*** تورکیا بۆ ئەوەی بەرەو ئارامی و سەقامگیری و ئابووریەکی گەشەسەندو هەنگاو هەڵبگرێت، پێویستە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات، ئایا تاچەند تورکیا مەبەستێتی کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەبێ ئەوەی PKK بکاتە بیانوو بۆ چارەسەری ئەم کێشە گرنگە؟**

ــ بێگومان کۆمەڵگە ئامادە نییە بۆ ئەمە، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەکرێت کۆمەڵگە لەم بارەیەوە هان بدرێ و قەناعەتی پێ بهێنرێ، ئەگەر ئەو کەسایەتیەی کە پێشەوایەتی کۆمەڵگە دەکات بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانمان کە خاوەنی پاڵپشتییەکی گەورەی کۆمەڵگەیە، بیەوێ و ئیرادەیەکی بەهێز بۆ ئەمە نیشان بدات، ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانێ کۆمەڵگە قایل بکات، چونکە خۆی خاوەن ئەو دەسەڵاتەیەو کۆمەڵگەش بۆ ئەمە گونجاوە.

بێگومان دەمارێکی زۆر بەهێزی ناسیۆنالیستی لە ناو هاووڵاتیانی تورکدا هەیە و ناتوانین ئینکاری لەمە بکەین، بەڵام

**ئەم کێشەیە تەنها بەسەرۆك وەزیران چارەسەر دەکرێت و چاوەڕێی هەڵوێستی ئەوین**

کۆمەڵگەی تورکی بە بەراورد لەگەڵ دوێنێ زیاتر پێگەیشتووەو زیاتر لەمەسەلەی کوردو ئەو راستییە گەیشتووە و گەیشتۆتە ئاستێك کە ئامادەیە کۆمەڵێك مەسەلە قبووڵ بکات، تەنیا ئەگەر بێت و سەرکردە سیاسییەکان کۆمەڵگە ئیقناع بکەن لەم بارەیەوە، واتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کەموکوڕییەکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگە نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە کۆمەڵگە هان بدەین بە نەتەوەپەرستی شۆڤێنی، بێگومان ئەو دەمارەی کۆمەڵگە زیاتر گەورەتر و بەهێزتر دەبێ و ناشزانرێت ئەنجامی ئەمە بەکوێ دەگات.

### بەهەند وەرگرتنی پێشنیازەکەی نێچیرڤان بارزانی

*** بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لەدوایین دیمانەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی میللیەت جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە حکومەتی تورکیا واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ PKK بکات، ئەمەش واتە ڕاستەوخۆ وتووێژ لەگەڵ PKK بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکە چارەسەر بکەن، ئایا تاچەند چاوەڕێ دەکرێت حکومەتی تورکیا ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت؟**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی مرۆڤێکە هەستی کوردایەتی زۆر زۆر بەرزە، هیچ هەڵوێستێك وەرناگرێ کە زیانی بۆ کورد هەبێ**

ـ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی مرۆڤێکە هەستی کوردایەتی زۆر زۆر بەرزە، هیچ هەڵوێستێك وەرناگرێ کە زیانی بۆ کوردەکان هەبێ، لەهەمان کاتیشدا خاوەنی کەسایەتیەکی ئەوتۆیە بەشێوەیەکی ئەکتیڤانەو بە شارەزایی و لێهاتوویی و پێگەیشتوویی ڕووداوەکان لێکدەداتەوەو ڕاستیەکانیش دەبینێ، ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە لە بەڕێزیان. پێشنیارەکانی نێچیرڤان بارزانی پێویستە هەمیشە زۆر بە وریایی گوێی لێبگیرێ، دەوڵەتیش پێویستە بە وریایی گوێی لێبگرێ و گوێشی لێگرتووە. دەوڵەت ساڵەهای ساڵە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەڕێی بیرۆکراتە ئاست بەرزەکانەوە لە پێوەندی دایە و ئێستاش ئەمە هەر بەردەوامە، واتە هەم لەلایەکەوە بۆ ئۆجەلان هەوڵ دەداو چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات، بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستێکی ئەنتی-پ.ك.ك وەردەگرێت.

بێگومان لێرەشدا ئاڵۆزییەك هەیە، چونکە دەست هەڵگرتن لەچەك و بەکۆتاهێنانی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سڤیلی بێ چەك لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی ئێمەیە، تەنیا پ.ك.ك دەتوانێ ئەم بڕیارە بدات، بۆیە پێویستە دەوڵەت ئەو هەوڵانە بخاتەگەڕ و ئەم هەنگاوانە هەڵگرێت ئەگەر بەڕاستی دەیەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

بەڵام ئەگەر لە دەرەنجامی بەردەوامی ئەم کێشەیەو ئاڵۆزی و پشێوی و شەڕەکاندا کۆمەڵە هێز و لایەنێك سوودمەندبن، ئەوا ئەوسا هەڵسوڕانی کارەکان بەشێوەیەکی تر دەبێت، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەکی ڕاستگۆی جددی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو نەهێشتنی ئاڵۆزی و وەستاندنی ئەو خوێنەی کە بە بەردەوامی دەڕێژرێ، ئەوا پێویستە وتووێژ لەگەڵ پ.ك.ك ئەنجام بدرێ.

### زەرورەتی دیالۆگ و وتووێژ لە چارەسەری کێشەکاندا

*** ئێستا لەناو تورکیاش هەندێك لە ڕۆشنبیران پێیانوایە؛ چارەسەری کێشەی کورد پێویستی بە هەنگاوی واقیعی و پراکتیکیانە هەیە، سەبارەت بە پەکەکەش ئەو ڕۆشنبیرانە پێیانوایە، خۆ ئەگەر پەکەکە تیرۆریستن چۆن لێبووردنیان بۆ دەردەکرێت و تێکەڵاوی کۆمەڵگە دەکرێنەوە، ئەگەریش ڕێکخراوێکی سیاسین پێویستە وتووێژیان لەگەڵدا بکرێت، ئایا تاچەند ئەم بۆچوونە تازانە دەبنە سەرەتا بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان؟**

ـ لەو دەوڵەتانەی کە کێشەی هاوشێوەی ئێمەیان هەیە، بۆنموونە کێشەی ئێرلەندا کە بەریتانیای گەورە لەم بارەیەوە وتووێژی لەگەڵ سێناتی نوێنەری یاسایی فەرمی ئەوان کرد، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تر دیسان وتووێژکراو پێویستە ئەم جۆرە وتووێژە هەبێ و دەوڵەتیش نابێت وەك دەوڵەتە سەرەتاییە دواکەوتووەکان بە هەستی تۆڵەسەندنەوەو ڕق لێبوونەوە هەنگاو هەڵگرێت. لەم جۆرە هەڵوێستانە تایبەتن بە کۆمەڵگەی سەرەتایی، بەڵکو دەوڵەت پێویستە بە ئەقڵی ئاسایی کاربکات، ئەمیش بریتییە لەوەی کە ئایا چۆن داهاتوو بونیاد بنێین؟ ئایا چۆن دەتوانین وڵاتێکی باشترو پێشکەوتووتر پێشکەش بە نەوەکانی داهاتوو بکەین؟ دەوڵەت بەم شێوەیە کار دەکات و پەیوەست نابێ بە ڕابردووەوە، بۆیە پێویستە زۆر گرنگی نەدەینە ئەو شتانەی کە لە ڕابردوو وتران و پێویستە لەوە ورد بینەوە کە ئایا دەتوانرێت بۆ داهاتوو چی بکرێ و چ دەکرێ.

### دەستوور و دەنگۆی دەسکاری کردنی هەندێ لە بەندەکانی

*** هەنگاوی گرنگ لەبەردەم حکومەتی تورکیا نووسینەوەی دەستوورە، ئایا تا چەند لەم هەنگاوە سەرکەتوو دەبێت، ئایا دەستووری تازە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەمەی ئێستا دەبێت؟**

ـ لەراستیدا تاکە کلیلی ڕاستەقینەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەستوورە. ئەگەر دەستوورێکی گونجاو لەگەڵ سەردەم بوونی هەبێت، چونکە ئەو دەستوورەی ئێستا

**بەپێی دەستوور جگە لە زمانی تورکی، پەروەردەو فێرکردن بەهیچ زمانێکی تر ڕێگەی پێنەدراوە. بۆیە پێویستە گشت بەربەستەکانی بەردەم زمانی دایك هەڵبگیرێ**



دەستوورێکی عەسکەرتارە و لەژێر کاریگەری هەستی ناسیۆنالیستی دامەزراوە، پێویستە بەزووترین کات بگۆڕدرێ، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە دەستەبەری کار تەنیا بریتی نییە لە دامەزراندنی دەستوورێکی نوێ، بەڵکو پێویستە پرسیار لە چۆنیەتی دەستوورەکە بکەین، ئایا دەستوورێکی چۆن دروست دەکرێ؟ دەستوورەکان بەگشتی چەند کارەکتەرێکی سەرەکییان هەیە، پێشەکی پێویستە لەگەڵ تێگەیشتنی هاوچەرخ بگونجێن، لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە بگونجێن و دەستوورەکان بەگشتی

**کۆمەڵگەی تورکی بە بەراورد لەگەڵ دوێنێ زیاتر پێگەیشتووە، لەمەسەلەی کوردو ئەو راستییە گەیشتووەو گەیشتۆتە ئاستێك کە ئامادەیە کۆمەڵێك مەسەلە قبووڵ بکات**

بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنەکانی داهاتوو دادەمەزرێن. هەروەکو دەزانن تورکیا پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی زۆرینەیی هەیەو لەگرنگترین رەگەزی ناو ئەم پێکهاتەیە میللەتی کوردە. پێویستە ئەم راستییە لەبەرچاو بگیرێت و لە دەستووردا پێویستە دان بە بوونی میللەتی کوردا بنرێت و متمانە بۆ ئەم بوونە لە دەستووردا بچەسپێنرێت، تەنیا ئەگەر دەستوور بەم شێوەیە دامەزرا، ئەوا دەتوانێ کوردەکان رازی بکات. جگە لەمە توانستی بەکارهێنانی زمانی دایك لەگشت بوارێك، چونکە ئەمەش گرنگە بۆ میللەتی کورد کە زمانی دایك هۆکارێکی سەلماندنی بوونیەتی و بریتییە لە کێشەی بوون یان لەناوچوون. لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەهۆی گەشەسەندنی هۆ و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، کارلێککردنێکی خێرای ئەوتۆ هەیە کە ئەگەر زمانێك نەبێتە زمانی پەروەردە و فێربوون، ئەوا ئەو میللەتە دوای ماوەیەك تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێتەوەو زمانی دایکی خۆی لەیاد دەکات، هەر میللەتێکیش زمانی دایکی خۆی لەیاد بکات، ئەوا چیتر بە میللەت لەقەڵەم نادرێ. بۆیە زمانیش مافێکی سەرەکی میللەتەو لێسەندنەوەی مەحاڵە، بەڵام ئەم مافە لەگەڵ هەلومەرجی ئەم دەستوورەی ئێستامان مەحاڵە بەدی بێت، چونکە بەپێی دەستوور جگە لە زمانی تورکی پەروەردەو فێرکردن بەهیچ زمانێکی تر رێگەی پێنەدراوە. بۆیە پێویستە گشت بەربەستەکانی بەردەم زمانی دایك هەڵبگیرێ و دەستوورێکی وا دابمەزرێ کە تەنانەت لە بواری پەروەردەو فێرکردنیش بارودۆخ بۆ زمانی دایك لەپاڵ گشت بوارەکانی تر برەخسێندرێ. جگە لەمەش سیستەمێکی خراپ لە بەڕێوەبردن و کارگێڕی تورکیا هەیە، ئەمە لەگەڵ پێکهاتەی تورکیا ناگونجێ و لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگەو پێگەی ئێستای کوردەکان ناگونجێ. لەم بارەیەوەش پێویستە سیستەمێکی بەڕێوەبەری نامەرکەزی کە بە (Discentralized System) ناو دەبرێت، پێویستە دەستوورێکی وا دابمەزرێ کە رێگە بۆ ئەم جۆرە سیستەمە خۆش بکات و بواری پێ ببەخشێ و کوردەکانیش لەپاڵ ئەمە دەیانەوێت لە ناوچەکانی خۆیان مافیان پێ بدرێت، ئەمە لەوانەیە خۆبەڕێوەبەری بێ یان سیستەمی فیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی، ئەمانە باسێکی ترەو کراوەیە بۆ تاوتوێ کردن، بەڵام کوردەکان لەژێر رۆشنایی دەستوور دەیانەوێت لە ناوچەکانی خۆیان بە ئیرادەی خۆیانەوە خۆیان بەڕێوەبەرن. ئەگەر لەسەر ئەو بنچینانە دەستوورێك دابمەزرێت، ئەوا بێگومان دەبێتە هۆیەك بۆ چارەسەری گشت کێشەکان، بەڵام بەداخەوە AKP هێشتا لەم رووەوە هەڵوێستی روون و ئاشکرا نییە، لەم رووەوە بەهیچ شێوەیەك پێشنیارێکی دیار

**پێویستە سیستەمێکی نامەرکەزی دابمەزرێت، دەستووریش رێگە بۆ ئەم جۆرە سیستەمە خۆش بکات کوردیش سوود لەم سیستەمە نامەرکەزییە وەردەگرێت**

ناخاتە بەردەم خەڵکی.

بەتایبەتی سەرۆك وەزیران بەم دواییانە روونکردنەوەیەکی زۆر مەترسیداری هەبوو کە وتی «ئەگەر پێویست بێ ئێمە لەگەڵ MHP رێك دەکەوین و دەستوورێکی نوێ دادەڕێژینەوە». بێگومان ئەو دەستوورەی کە بەرهەمی دێنن لەژێر سایەی ئایدیۆلۆژیا و زەینیەتێك دەبێت کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و زیهنیەتی MHP رێك بکەوێ، واتە لە دەستووری ئێستامان زۆر خراپتر دەبێت.





## سێمێل لەناو ماستەرپلانی دهۆکە

# سێمێل پێویستی بەنەخۆشخانە و قوتابخانە هەیە

سێمێل لەساڵی ١٩٧٨ بۆتە قەزا، ناحیەکانی فایدە و باتێل و ١٥٧ گوند و (١٥) کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، رووبەری سنووری قەزای سـێمێل هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەیەو بەناوچەیەکی کشـتوکاڵی دادەنرێت، ژمارەی دانیشتوانەکەی (١٦٤) هەزار کەسە، ساڵانە داهاتێکی زۆری گەنم و جۆی لێ بەرهەم دێت. لەساڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨٠ سنووری قەزای سێمێل بەگشتی لەلایەن رژێمی بەعس کەوتە بەر شـاڵاوی تەعریب، عەرەبی خوارو و ناوەڕاسـتی عێراق گوازرانەوە بۆ ئەو سنوورە و کوردەکانیش راگوازرانەوە بۆ کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکان و شـوێنی تر، لەپاشان قەزای سێمێل و ناحیەکان و سنوورەکە لەگشت خزمەتگوزارییەکان بێبەش کرا، لەدوای راپەڕین بەهۆی ئاسـایی بوونەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردسـتان عەرەبە هاوردەکانی قەزای سێمێل چوونەوە شوێنی خۆیان و دانیشتووانی ڕەسـەنی بەرچەڵك سـێمێل کە کوردی رەسەنن هاتنەوە سەر موڵك و ماڵ و شـوێنی خۆیان، بەڵام نەتوانرا بەپێی پێویست ئاوڕ لەم قەزایە بدرێتەوەو کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ بکرێت، بۆیە لێرەو لەوێ خەڵکی قەزای سـێمێل و سـنوورەکە گلەیی و گازاندە لەنەبوونی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان دەکەن. لەسەردانێکمان بۆ قەزای سێمێل چەند هاووڵاتییەکمان دواند و پرسیارمان لەبارەی کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لێ کردن، بەگشتی ئەو هاووڵاتیانە گلەیی و گازاندە و رەخنەیان هەبوو، بەتایبەتی لەبواری کەمی ئاوی خواردنەوەو خراپی کۆکردنەوەی زبڵو خاشاك و قیرتاونەکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو زۆربەی گەڕەکەکانیان و بواری پەروەردە و کەمی مامۆستا و... تاد.

رەخنـە و گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و چەند پرسـیارێکی ترمان ئاڕاسـتەی (ئیسماعیل مستەفا) قایمقامی قەزای سێمێل کرد، ئەویش بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی.





## ئیسماعیل مستەفا قایمقامی قەزای سیێمڵ بۆ (گوڵان):

# کێشەی گەورەمان پاککردنەوەی زبڵوخاشاک و کەمی ئاوەڕۆیە

### ٢٤٠٠ خێزان بۆ سیێمێل کۆچیان کردووە

سەبارەت بەهەبوونی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە لەقەزای سیێمێل کە هۆکارێکە بۆ بار قورسیی لەسەر یەکە ئیدارییەکان بەتایبەتی لەبوارەکانی خزمەتگوزاریدا، قایمقامی قەزای سیێمێل وتی: سێ جۆرە ئاوارە لەقەزای سیێمێل هەیە، یەکێك لەو ئاوارانە ئەوانەن کە لەدوای ٢٠٠٣ و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق روویان لەسنووری قەزای سیێمێل کرد بەتایبەتی برایانی مەسیحی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی و تیرۆر بوونەوە، لەقەزای سیێمێل (٢٤٠٠) خێزانی ئاوارەی شارەکانی عێراق و کوردی باکوور و رۆژئاوا هەیە واتە بەهەرسێ جۆرە ئاوارەکانەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەئاوارە لەقەزای سیێمێل و سنوورەکەی هەیە، کە ئەمانەش هەر هەموویان پێویستیان بەخزمەتگوزاری هەیە بەتایبەتی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکانی ژیان کە دەبێ بەبێ جیاوازی وەکو خەڵکی خۆمان بۆیان دابین بکرێت، وەکو: ئاو و کارەبا و خوێندن و بواری تەندروستی و شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش بارێکی زۆر قورس و زەحمەتی خستە سەر شانی ئێمە. لەسەردەمی کابینەی (٥) دا بەفەرمانی نووسینگەی جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کابینەی (٥)- (٨٨) خانوو لەدۆمیز بۆ ئاوارەکان دروستکرا، لەپاشان تا ئێستا لەلایەن دەزگا پێوەندار و پارێزگای دهۆکەوە زۆر هاریکاری ئاوارەکانی سیێمێل کراوە.

### ماستەرپلان و کێشەی کوژاندنەوەی زەوی

سەبارەت بەماستەرپلان کە نەخشە رێگەیە بۆ فراوانبوون و گەشەکردنی

**قەزای سیێمێل تاکە شوێن و ناوچەیە لەهەرێمی کوردستان کە تاکە یەك زێدەڕۆییش لەسەنتەری قەزا نەکراوە**

هەموو شار و شارۆچکەیەك، ئایا قەزای سیێمێل ماستەرپلانی هەیە، لەمبارەوە کێشە و گرفتەکانی چییە بەتایبەتی لەکوژاندنەوەی زەوی و دیاردەی زێدەڕۆیی، قایمقامی قەزای سیێمێل وتی: لەکاتێك کە ماستەرپلان بۆ دهۆك دانرا، قەزای سیێمێل بەشێك بوو لەم ماستەرپلانە، چونکە سنووری نێوان دهۆك و سیێمێل تەنیا(١٣) کیلۆمەترە، ئەو ماوەیەش پارك و سەوزایی و کەمپی زانکۆ و شوێنی خزمەتگوزاری بەپێی ماستەرپلانەکە لێ دروست کرا، لەلایەکی تروە بەپێی دابەشکردنی ماستەرپلانەکە و بوونی شوێن و ڕووبەری زۆر لەزەوی، لەقەزای سیێمێل زۆر کار و پرۆژە و کارگەی گرنگی لێ دانرا، ئێمە وەکو قەزای سیێمێل زۆر سوودمان لەماستەرپلانەکە وەرگرتووە، چونکە دابەشبوونی شوێنەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتەکان و شوێنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی ورد و زانستی و ئەندازەیی دیاریکراوە، بۆیە لەکاتی دەستنیشانکردنی

شوێن و جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری کەمترین کێشە و گرفت دێتە پێش دەزگا پێوەندارەکان، کێشەی کوژاندنەوەی زەوی هەیە بەتایبەتی لەکاتی قەرەبووکردنەوەدا زیاتر کێشە سەر هەڵدەدات لەنێوان خاوەن موڵك و جووتیار، ئەمەش بڕیارە لەسەر ڕێنمایی دیاریکراو چارەسەربکرێت، هەر بۆ نموونە لەکاتێ پرۆژەی ستراتیژی ئاوی خواردنەوەی شاری دهۆك کە بەدوو قۆناغ دەستی پێکرد کە هەردوو قۆناغ لەسنووری سێمێل بوو لەو کاتەی کە دەبووایە زەوییەکان کاری کوژاندنەوەی بۆ بکرێت لەسەر قەرەبوو

**بۆ قەزای سێمێل و چەند شوێنێ تر کارگەیەکی ریسایکلین دانراوە و زۆر بەرێکوپێکی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات**

کردنەوە کە کێشە دروست دەبوو یا خاوەن زەوییەکان بەبڕی قەرەبووکردنەوەکە ڕازی نەدەبوون. سەبارەت بەدیاردەی زێدەڕۆییش بەخۆشحاڵییەوە قەزای سێمێل تاکە شوێن و ناوچەیە لەهەرێمی کوردستان کە تاکە یەك زێدەڕۆییش لەسەنتەری قەزا نەکراوە..

### زبڵۆخاشاك و کارگەی ریسایکلین

سەبارەت بەپاککردنەوەی زبڵوخاشاك و دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین بۆ خۆ رزگارکردن لەزبڵۆخاشاك، قایمقامی قەزای سێمێل وتی: پێشتر یەکێك لەکێشەکانی ئێمە پاککردنەوەی ناو سەنتەری قەزا و سنوورەکەبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی و کۆنی سیستەمەکە و کەمی کرێکار و ئامێر و ئۆتۆمبێل، لەگەڵ بەرفراوانبوونی سەنتەری قەزاکەش ئەم کێشەیە زیاتر گەورە و زەقبۆوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای دهۆك بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەك ئیمزا کرد بۆ پاککردنەوەی سەنتەری قەزای سێمێل و دۆمیز و تەناهی و... تاد لەزبڵۆخاشاك، هەروەها سنووری قەزای سێمێل بەرفراوانە کە دوو ناحیە و (١٥) کۆمەڵگەشی هەیە، پێویستە بۆ ئەم شوێنانەش سیستەمێکی سەرکەوتوو بۆ پاککردنەوەیان پیادە بکرێت، نەك وەکو ئێستا کە بەچەند کرێکارێك و ئۆتۆمبێلێك هەفتەی یەك جار کۆمەڵگەکان پاك دەکەنەوە کە بەمجۆرە ناتوانرێ پاك و خاوێنی شوێنەکان بپارێزرێت و ئەمە نابێتە پاککردنەوە، هەر بۆیە لەناحیە و کۆمەڵگەکان تا ئێستاش کێشەی گەورەمان پاککردنەوەیە، هەروەها پاك و خاوێنی ناو قەزاکە پێویستە زیاتر کاری بۆ بکرێت، هەروەها شوێنێك دەستنیشانکراوە لەسنووری قەزای سێمێل بۆ جیاکردنەوە و خۆڕزگارکردن لەزبڵۆخاشاکی سنوورەکە، ئێستا بۆ قەزای سێمێل و چەند شوێنی تر کارگەیەکی ریسایکلین دانراوە و زۆر بەرێکوپێکی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات بەدامەزراندنی ئەم کارگەیەش لەکێشەی خۆڕزگارکردنی زبڵوخاشاك رزگارمان بووە.

### ئاوی خواردنەوە و گرفتی بەردەوام

سەبارەت بەکێشەی ئاوی خواردنەوە کە هەندێ گەڕەکی سەنتەری قەزاکە تا ئێستا ڕووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە، قایمقامی قەزای سێمێل وتی: ماوەی دوو ساڵ پێش ئێستا گەورەترین کێشە و گرفتی قەزای سێمێل، نەبوون یا کەمی ئاوی خواردنەوە بوو. ئەم کێشەیە هەموو سنووری قەزاکەی گرتبۆوە، بەڵام لەپاش ئەوەی قۆناغی دووەمی پرۆژەی ئاوی دهۆك دەستی پێکرد، کە ئەم پرۆژەیەش لەسنووری قەزای سێمێل بوو، بۆیە وەکو تاقیکردنەوەیەك لەم پرۆژەیەدا ئاو درا بەسێمێل، دیاربوو کە ئەم پرۆژەیە توانای دابینکردنی ئاوی تا ڕاددەیەك بۆ سەنتەری سێمێل هەبوو، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە پرۆژەی ئاو نەبوو، بەڵکو خراپی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بوو، لەبەر ئەوەی تۆڕەکە کۆن و خراپ ببوو لەزۆر شوێنەوە بۆرییەکان شکابوون، بۆیە خەڵکەکە تووشی کەم ئاوی دەبوون، بەڵام لەپاشان بەقۆناغ دەستکرا بەگۆڕینی تۆڕی ئاوەکە و لەماوەی (٤٥) ڕۆژی تریش تۆڕی دابەشکردن لەسەری

**کێشەی سەرەکی ئێمە پرۆژەی ئاو نەبوو، بەڵکو خراپی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بوو**

زاری و مسرێکی دەگۆڕێت، لەو کاتەدا تا ڕاددەیەکی باش گرفتی کەمئاوی لەقەزای سێمێل چارەسەر دەبێت.

### ئاوەڕۆ گرفتێکی بەرچاوە

سەبارەت بەئاوەڕۆ و ئەو گرفتانەی لەمبارەوە دێتە پێش، قایمقامی قەزای سێمێل وتی: پرۆژەی ئاوەڕۆ لەشوێنێکی وەکو قەزای سێمێل کە دەشتێکی تەخت و فراوانە کار و بودجەی زۆر پێویستە، لەمبارەیەوە ساڵانە داواکاری دەخەینە بەردەستی لایەنی پێوەندار، هەر چەندە لەساڵانی رابردوو لەهەندێ شوێن و گەڕەك پرۆژەی ئاوەڕۆ ئەنجامدراوە، بەڵام لەمبارەوە هێشتا کار و ئیش و پرۆژەمان زۆر دەوێت بۆ ئەوەی بەتەواوی لەلایەنی تەندروستی بتوانین خەڵك و نەوەکانمان بپارێزین، چونکە ئاوی پیس هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی ترسناکە، بۆیە دەبێت پرۆژەی ئاوەڕۆ ئەنجام بدرێت تا ئاوی پیس بچێتە دەرەوەی سەنتەری قەزای سێمێل، چونکە ئێستا بەهۆی بەرفراوانبوونی قەزاکە کۆتایی ئاوەڕۆی شارۆچکەکە کەوتۆتە ناو ماڵ و گەڕەکان، بۆیە بڕیارە لەسەر بودجەی

**زۆربەی شەقام و ڕێگاکانی سنووری قەزای سێمێل کۆنن تا ئێستاکەش ئەم شەقامانە نۆژەن نەکراونەتەوە. گەڕەکە تازەکان پێویستە کۆڵانەکانیان بۆ قیرتاو یان کۆنکرێت بکرێت. ڕێگای کۆمەڵگە و گوندەکان زۆر خراپ و بێسەروبەربووە**

ئەمساڵ پرۆژەیەکی ئاوەڕۆ بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێك لەم شوێنە ئەنجام بدرێت تاوەکو کۆتایی ئاوەڕۆکە بچێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی قەزاکە.

### چەند گەڕەکێك کۆڵانەکانی کۆنکرێت نەکراوە

سەبارەت بەقیرتاو و کۆنکرێتکردنی شەقام کۆڵانەکانی ناو سەنتەری قەزاکە و گەڕەکەکان و تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان و کۆمەڵگەکان، قایمقامی قەزای سێمێل وتی: زۆربەی شەقام و ڕێگاکانی سنووری

## زیاتر لە(٤٠ تا ٥٠) قوتابی لەیەك پۆلدا دادەنیشن و دەخوێنن

قەزای سـێمێل کۆنن و هەندێ شەقامی سـەنتەری قەزا هەیە لەساڵانی (١٩٧٠) و (١٩٨٠) دروسـتکراون، تا ئێستاکەش ئـەم شـەقامانە نـۆژەن نەکراونەتەوە، زۆرجار لەلایەنـی پێوەندار داوامانکردووە ئەم شـەقامانە نۆژەن و چـاك بکرێنەوە، بـەڵام بەدەنگمانەوە نەهاتـوون، هاوکات داوامانکردووە کە هەندێ گەڕەك بەتایبەتی گەڕەکـە تازەکان پێویسـتە کۆڵانەکانیان بۆ قیرتاو یـان کۆنکریت بکرێت، چونکە لـەوەرزی زسـتان لەئەنجامـی باران و قوڕولیتە تووشی زەحمەتی دەبن بەتایبەتی قوتابییەکان لەکاتـی هاتوچۆکردنیان بۆ قوتابخانە، هاوکات دەروازەی شارۆچکەکە و شـەقامە سـەرەکییەکەی کە دێتە ناو قەزای سـێمێل پێویسـتی بەپاککردنەوە و چاککردنەوە هەیە کە بەشـێوازێکی وا بێت کە شارۆچکە ڕوحی بەبەردا بێتەوە و دەرکەوێت، نەك وەکو ئێستاکە بێت.

هاوکات ڕێگای کۆمەڵگە و گوندەکان زۆر خـراپ و بێسـەروبەربووە، بـەڵام ماوەی دوو سـاڵە تاڕادەیەك گرنگی بەم ڕێگایانەش دراوە، گەرچی هێشتا زۆریان ماوە وەکو ڕێگایەکی سەردەمیانە بکەونە خزمەتی خەڵك و هاووڵاتیانی سنوورەکە، بەرنامە و پلانیش هەیـە ئەو گوندانەی کە ڕێگایان بۆ نەچووە و نەکراوە، بخرێتە لیسـت و لەداهاتوویەکی نزیکدا کاریان بۆ بکرێت.

### زۆری قوتابی و کەمی مامۆستای پسپۆڕ

سـەبارەت بەبواری پەروەردە و گرفتی میلاکات و کەمی مامۆستای پسپۆڕایەتی، قایمقامی قەزای سێمێل وتی: ئەو کێشە و گرفتەی لەبواری خوێندن هەیە، بریتییە لەزۆری و قەرەباڵغی قوتابی لەپۆلەکاندا، لەزۆربەی قوتابخانەکانی ناو سـەنتەری شارۆچکەکەدا زیاتر لە(٤٠ تا ٥٠) قوتابی لەیـەك پۆلـدا دادەنیشـن و دەخوێنن، ئەمەش زەحمەتی و ناخۆشـییەکی زۆرە بۆ مامۆستایان و بۆ قوتابیان، لەلایەکی تر کێشەی کەمی مامۆستای پسپۆڕمان هەیە بەتایبەتی بۆ وانەکانی فیزیا و کیمیا و بیرکاری و ئینگلیزی و.. تاد.

هەمان ئەو کێشـە و گرفتانە لەناحیە و کۆمەڵگەکانیش هەبوو، بەڵام لەماوەی دوو سـاڵی ڕابردوو تا ئاستێکی باش لەم بوارەدا کارکراوە و قوتابخانە دروستکراون، هـەر بـۆ نموونـە دوو قوتابخانـە بۆ خانکـێ و دوو قوتابخانە بۆ مسـێرکی و دوو لەتەناهیـێ و سـێ قوتابخانەش لەسەنتەری قەزا دروسـتکراون، هەروەها تا ئێسـتا لەقوتابخانـەکان دوو دەوامی ماوە و بـۆ هەندێ کۆمەڵگە و گوندیش داواکاریمان ئەوەیە قوتابخانەی ئامادەییان بۆ بکرێتەوە.

### گرفتی بواری تەندروستی

سـەبارەت بەبواری تەندروستی و کێشە و گرفتەکانی، قایمقامی قەزای سـێمێل وتی: لەسەنتەری قەزای سێمێل و هەموو سـنوورەکە کەموکوڕی و گرفتی بواری تەندروستیمان هەیە و کێشە و گرفتەکانیش بەرچاوە و کاریگەری لەسـەر خەڵکەکە هەیە، ئـەم کەموکوڕییـەش لەئەنجامی ئەوەیە کە سنوورەکەمان زۆر نزیك بۆتەوە لەشـاری دهۆك و ئێمـە بووینە قوربانی ئەو نزیـك بوونەوەیەمان لـە پارێزگای

**دەسەڵاتی داراییمان نییـە و هیـچ جۆرە بودجەیەکمان لەبەردەست نییـە**

دهۆك، لەسـەنتەری قەزادا دوو بنکەی تەندروسـتی هەیە گەرچـێ ئێمە وەکو قەزایەك پێویستیمان بە نەخۆشخانەیەکی قەرەویڵەیی بەرفراوان هەیە هەموو پێکهاتە و ئامێرێکی پزیشـکی لەخـۆ بگرێت و پزیشـکی نەشـتەرگەری و ئافرەتان و پسـپۆڕیەتی تێـدا کاربکەن، هـەر بۆیە ئەمسـاڵ بەجددی ئەو کارەمان خستۆتە بەر گفتوگۆو پەرلەمانتارانی دهۆکەکەش گفتوگـۆ و داوایان لەمبارەوە خسـتۆتە ڕوو، نابێ چیتر لەم بوارەدا ئێمە قوربانی شـوێنی تر بکرێین بەبیانـووی ئەوەی لەشاری دهۆك نزیکین، بینایەی بنکەی تەندروسـتی گوڵان گونجاو و ئامادەیە کە بکرێتـە نەخۆشـخانەیەکی گەورە و قەرەویڵەیـی، لەبەر ئەوەی ئـەو بینایە هەموو پێکهاتە و ئامێرێکی پزیشـکی و تەندروستی تێدایە تەنیا کادیر و پزیشکی دەوێت بۆی دابین بکرێت..

### هیچ جۆرە بودجەیەکمان لەبەردەست نییە

سـەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵات کە تا چەند کاریان پێکردووە، قایمقامی قەزای سـێمێل وتی: بۆ باشـتر کارکردن و زیاتر خزمەتکردن پێویستە دەسەڵاتی لامەرکەزی هەبێت، لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتە نەبێت بۆ هەموو لایەك گرفت و بەربەسـت دروست دەبێـت، بەپێی ئـەو بڕیـارەی کە باس دەکرێـت، کە دەسـەڵاتەکە بەمجۆرە نییە

**لەساڵانی ڕابردوو بڕێکی زۆر گەنم لەسەر زەوی دانراوە تێکەڵ بەخۆڵ بوو، لەبەر ئەوە پێویستە سایلۆیەکمان بۆ دروست بکرێت**

کـە بتوانرێت زیاتر و باشـتر کار بکرێت، چونکە دەسـەڵاتی داراییمان نییە و هیچ جۆرە بودجەیەکمان لەبەردەست نییە، جگە لەو بڕە بودجەیەی کـە بۆ خەرجی یەکە ئیداریەکە دانراوە.

### پێویستبوونی سایلۆیەك

سـەبارەت بـەوەی کـە ناوچەیەکی کشـتوکاڵیە، ئایا کارگەی خۆراکی لەم سـنوورە دانراوە و پێویستیان بەسایلۆیەك نییـە، قایمقامی قەزای سـێمێل وتی: لەگەڵ ماسـتەرپلان شـوێنی کارگەی خۆراکی لەسنووری قەزای سێمێل دانراوە، بـەڵام تا ئێسـتا هیچ کارگـە و کار و پرۆژەیـەك لەم بوارەدا ئەنجـام نەدراوە و ئێمـە عەلوەیەکمان هەیە بۆ فرۆشـتن و خستنەڕووی سەوزە و میوە، بەڵام ئەمەش کۆن بووە، پێوسـتە عەلوەیەکـی تازە و بەرفـراوان و هاوچەرخ دروسـت بکرێت، هەروەها ئێمە سـایلۆیەکمان لەسـنووری ناحیەی فایـدە هەیە کە ناتوانرێ هەموو داهاتی گەنم و جۆی سـنووری قەزای سێمێل وەربگیرێت، بۆیە لەساڵانی ڕابردوو بڕێکـی زۆر گەنم لەسـەر زەوی دانراوە تێکەڵ بەخۆڵ بوو، لەبەر ئەوە پێویسـتە سایلۆیەکمان بۆ دروست بکرێت.

# کێشەی ئیتنی و مافی چارەی خۆنووسین لە دەرەوەی پێڤاژۆی کلاسیکیی کۆلۆنیالیزمدا



ئاسۆ کەریم

بەگوێرەی هەندێ ئامار، ساڵی ٢٠٠٩، (٣٦) کێشەی چەکداری و شەڕو شۆڕی ناوخۆیی لە وڵاتاندا هەبووە کە (٧)یان مۆرك و سروشتێکی نێودەوڵەتییان internationalized وەرگرتووە. ئێستە، «بەهاری عەرەب»یشیان لە لیبیا، یەمەن و سوریا هاتۆتە سەر. هەڵبەت، ئەم کێشەو شەڕە ناوخۆییانە، هۆکارو فاکتەری جیا-جیایان لە پشتەوەیە: لە فاکتەری ئابوورییەوە بگرە تا فاکتەری ئیتنی، ئایینی و سیاسی بەمانای دەسەڵات بەدەستەوە گرتن...

لەناو ئەو شەڕو کێشانەدا، کێشەگەلی چارەی خۆنووسین، جێگەیەکی بەرچاویان هەیەو لە شێوەو فۆرمەکانی دیکەی شەڕو کێشەدا، بەربڵاوتر، کارەساتبارتر، پێگیرترو درێژخایەنترن. با دوور نەڕۆین، کێشەی باشوورییەکانی سودان تا ساغ بۆوە، زێتر لە ٥٠ ساڵی خایاند...لە سەرێکەوە، گروپ، کۆمەڵە، گەلان و ئەوانەی بە ناوی ئەوانەوە قسەدەکەن، لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، بزاڤی چەکدارانەی خۆیان بە «بزاوی رزگاریخوازی نیشتمانی یان نەتەوەیی» دەناسێنن و دەڵێن هیچ رێگەیەکیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە بۆ داواکردن و پراکتیزەکردنی مافەکانی خۆیان، بێ لە پەنابردن بۆ چەك و توندوتیژی دژی حکوومەتی ناوەندی.. داخوازیی ئەو گروپ، کۆمیونیتەو گەلانە، لە بەشداریی دیموکراتانەی تاکەکانەوە بگرە تا دەگاتە لا مەرکەزییەت «decentralization» مافەکانی کەمینە بەپێی ماددە ٢٧ی بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافەکانی گەلانی خۆجێ و رەسەنزادە بەگوێرەی رێککەوتننامەی ژمارە ١٦٩ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە مافگەلێکی بەرچاوی خۆبەڕێوەبردنیان هەیە سەبارەت بەو پرس و دۆزانەی پێوەندییان بە زەویوزارو باوەڕو پەرەسەندن و نەشونمای ئابووری و کەلتووریی خۆیانەوە هەیە، ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن self-governance کە شێوازێکی بەربڵاوی کلاسیکیی دەسەڵات پێدانە بە ناوچەگەلی جیاوازی جیوگرافی و ئیتنی و ئایینی ناو دەوڵەتێك و شێوازی جیا-جیای پیادەکراوە دەکرێ لە دنیادا وەکو سکۆتلاندو وێلز لە بەریتانیا، فیدراڵی بە هەردوو شێوەی symmetrical، asymmetrical لەسەرووی هەمووشیانەوە جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە کە دواترینیان جیابوونەوەی باشووری سودان بوو لە ٩ی تەمووزی ٢٠١١دا...لە سەرەکەی ترەوە، حکوومەتی ناوەندی بە پشتبەستن بە پاراستنی سەروەری و یەکێتیی خاکی وڵات و سیستەمی کارپێکراوی نێودەوڵەتی، هەموو رێگەیەك، بە شەرعی و ناشەرعییەوە، بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزاڤانە دەگرێتەبەر.. هەڵبەت، هاوکێشەیەکی نا بەرانبەری هێز هەیە: چ لەرووی چەك و چۆل و چ لە رووی ژمارە و چ لە رووی توانای دارایی و پێگەو پشتەوانیی نێودەوڵەتییەوە.. لە سۆنگەی ئەوانەوە، دەبینین، ئەو شەڕو شۆڕو کێشانە، شێوازی نا سیستەماتیك و نا رێکخراوی توندوتیژی و تاکتیکاتی تیرۆریستییان تێدا پەیڕەو دەکرێ تا دەگاتە شێوازی رێکخراوی جەنگین و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی بەرچاوی ئەو هەرێم و ناوچەیەی کە بزاو بۆ دابڕینی و جیابوونەوەی دەکەن...ئەگەری زۆر هەیە، لە زۆر جێگەی تری دنیاشدا، شەڕو شۆڕی ئیتنی و ئایینی تر هەڵبگیرسێت، ئەگەر لە رێگەی ئاشتی و دیموکراتیی و دانوستاندنەوە، داخوازی گروپ و گەلان گوێیان لێ نەگیرێ و چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوەو حەلوفەسڵێکیان settlement بۆ نەکرێ.

بەداخەوە، لە پێڤاژۆی ئەو شەڕانەدا، کارەساتی مرۆیی گەورە: جینۆسایدو پاکتاوی رەگەزی ethnic cleansing روویداوە: لە بۆسنیا و هرزە گۆڤین، لە رواندا، لە دارفوری سودان، لە کوردستانی خۆمان لە سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری صەدام حسێندا. دیارە لە ئاقارێکی بەرتەسکدا، یان دوای نەهامەتییەکی یەکجار زۆر، ئەوجار لەبەر پرەنسیپی دەست نەخستنە ناو کاروباری وڵاتێکی سەربەخۆو ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی تر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو کارەسات و کوشتو کوشتارو ستەمکارییەی کراوە دەکرێ وەجواب هاتوون.


هەڵبەت، دەبێ ئەوەش بڵێین، کە مافی

جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە چوارچێوەی کلاسیکیی کۆلۆنیالیزم و بارو رەوشی هاوشێوەدا: داگیرکاریی بیانی، ئاپارتاید (باشووری ئەفریقیا)، هەژموونی غەوارە (فەلەستین) و دووبارە کۆلۆنیکردنەوە (تیموری رۆژهەڵات) پراکتیزە کراوەو دەیان دەوڵەتی سەربەخۆ لەم پێڤاژۆیەدا هاتنەئاراوە. لە دەرەوەی ئەم پێڤاژۆیەدا، واتە لەو وڵاتانەی کە جاری یەکەم لە کۆلۆنیالیزم سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە «هیند، عێراق، بۆرما...»، ئەوا مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەل و هەرێمێکی بەجیا هەڵکەوتووی ناو ئەو دەوڵەتە، لە قانوونی نێودەوڵەتی تەواو خۆیا نییەو بگرەو بەردەیەکی زۆری لەسەرە. هۆکارەکەش روونە، تا ئەمرۆ، سیستەمی نێودەوڵەتی، هەرچەندە گۆڕانیشی بەسەردا هاتووە، بەڵام هێشتا بە قازانجی دەوڵەتانە، نەك میللەتان و لە سۆنگەی ئەمەشەوە، بزاڤی چەکداریی گەلان، بە بزاڤگەلی یاخیگەر، جیاخواز، تێکدەر و تیرۆریست ناودەبرێن.. ئەو ناولێنانەش، دەستی حکوومەتی ناوەند واڵا دەکات کە رێوشوێنی شەرعی و ناشەرعی بۆ پاکتاوکردن و رووبەڕووبوونەوە بەکاربهێنێ. سەیری دەوروبەری خۆمان بکەن چ بەو بزووتنەوانە دەڵێن. لەم ماوەیەدا، نووسەری تورك، جەنگیز چاندار، لەسەر ئاستی چاوگێڕانەوە بە چەمکەکاندا، داوا دەکات لە بری تیرۆر، کێشەی پەکەکە لە تورکیا وەکو یاخیبوون rebellion بناسرێت. بەهەرحاڵ، چارەسەرنەکردنی کێشەی ئیتنی گەلان، مەترسیی بۆ سەر ئاشتی و تەناهیی ناوچەکان و بووژانەوە هەیەو پێویستی بە دیراسەو وردبوونەوەی زێتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە.

بەگوێرەی هەندێ دیراسات (٣) کێسی جیا هەن کە پێوەندییان بە مافی چارەی خۆنووسینەوە هەیە لە دەرەوەی سیاقی کۆلۆنیاڵی کلاسیکدا: یەکەمیان ئەو هەرێمانەی کە دەکەونە دەرەوەی پێڤاژۆی کلاسیکیی کۆلۆنیالیزمەوەو هیچ پێوەندییەکی کۆلۆنیاڵی لەو بەینەدا لە ئارادا نییە وەکو (چیچان لە ناو دەوڵەتی ئیتیحادی رووسیا، هەرێمی باسك لەناو ئیسپانیا...)، دووەمیان لەو وڵاتانەی کە پێشتر کۆلۆنی بوون و سەربەخۆیی خۆیان لە کۆلۆنیاڵیزم وەرگرتووە، لێ بزاوی ئیتنی نوێ لەناو ئەو وڵاتانەدا پەیدابوون و داوای سەربەخۆیی دەکەن وەك لە (فلیپین، بۆرما، هیند، سری لانکا...). سێیەمیان، مافی چارەی خۆنووسینی کۆلۆنیاڵی بەشێوەیەکی خراپ پراکتیزەکراوە وەك لە (کشمیر) و (کوردستانی باشوور) کە کۆلۆنیاڵیزم بەبێ پرسکردن، سنووری کۆلۆنییەکەی (سنووری عێراق بۆ نموونە- چونکە پێشتر دەوڵەتێ نەبووە بەناوی عێراق) کێشاون و گەل و ناوچەی بەجیاهەڵکەوتووی بەبێ پرسکردن بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەو قەوارە دەسکردە لکاندوون وەکو لە ١٩٢٥/١٢/٢٦دا، بەبڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان، ویلایەتی موسڵ کە ویلایەتێکی زۆرینە کوردنشین بووە بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ژێر دەستی کۆلۆنیاڵیزمی بەریتانیا لکێنراوە.

تا ئێستا چارەسەری ئەم کێسانە چ بووە و چییە: یان ئەوەتا حکوومەتی ناوەندی بە زەبری هێز بەسەر بزووتنەوە چەکدارییە یاخیبووە جیاخوازەکە سەرکەوتووە وەکو بزووتنەوەی بیافرا لە نایجیریا (١٩٦٩)، یان لە رەوشێکی تایبەتدا، حکوومەتی ناوەند ناچاربووە دان بە قەوارە جیابۆوەکە بنێت وەکو (بەنگلادیش ١٩٧١- ١٩٧٤)، یان شەڕو شۆڕو توندوتیژی لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بووەو بۆتە شەڕێکی وزە پڕۆکێن و خوێن لەبەر رۆیشتن(وەکو بزاوی کورد لە تورکیا، لە ئێران...)، یان هەوڵوکۆشش کراوەو دەکرێ بۆ دۆزینەوەی حەلوفەسڵێك کە هەردوو تەرەف پێی رازی بن و لەدوای کۆتاهاتنی شەڕی سارد، زۆر کێشەی توندوتیژی لەم بابەتە چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە، جا چ لەنێوخۆیاندا رێککەوتبن یان بە ناوبژیوانی تەرەفی سێیەم یان لە دەرەوە سەپێنرا بووبێت. گرنگترینی ئەو حەلوفەسڵانەش خۆیان لەم شێوانەدا دەبیننەوە: ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن کە لە پێش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردا و لە دوای ئەوەش شێوازێکی بەربڵاوە بۆ بڕاندنەوەی کێشەی ئیتنی، فیدراڵی بە جەختکردنەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت (هەرێمی کوردستان لەناو عێراقدا- دەستووری ٢٠٠٥)، دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمری واقیع (قوبرسی تورکان)، سەربەخۆیی لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی نێودەوڵەتی (کۆسۆڤۆ)، مافی چارەخۆنووسینی بە مەرج (کۆماری ئۆتۆنۆمیداری گاگۆزیا لەناو دەوڵەتی مۆلداڤیا، ئەوە کراوەتە مەرج ئەگەر گۆڕانکاری لە سەرەوەریی مۆلداڤیا وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ روویدا، ئەوا گاگۆزیا مافی جیابوونەوەی هەبێت، بۆ نموونە دەکرێ هەرێمی کوردستان ئەوە بکاتە مەرج ئەگەر عێراق لەگەڵ وڵاتێکی تری عەرەبی یەکیگرت، ئەوا کوردستان مافی جیابوونەوەی هەبێت، دیارە لە دیباجەی دەستووری عێراقیشدا، مەرجێك هەیە کە ئیلتیزامکردن بە دەستوور یەکێتی عێراق وەکو گەل و دەوڵەت دەپارێزێت، واتە بەپێچەوانەوە، هەرێمی کوردستان دەکارێت پەنا بۆ رێوشوێنی تر ببات)، مافی چارەی خۆنووسینی دەستووری واتە لەناو دەستووری وڵاتدا جێگیر بکرێ کە هەرێم و گەلانی پێکهێنەری ئەو دەوڵەتە، مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە (ئەتیوبیا، سانت کیتز و نفیس)...

# لێ گەڕێن با جەژن بێت.....!



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

پێش چارەکە سەدەیەك بەر لە ئێستا لە گوڤارێکدا وتارێکم خوێندەوە تیایدا هاتبوو کە: لە سەردەمی کۆندا، پێش پەیدابوون و بەکارهێنانی ساڵنامە و رۆژژمێر Calendar، زانینی کاتی هاتنی جەژنەکان و بۆنە ئایینیەکان ئاسان نەبوو و ئەم کارە تەنیا ئەرکی کەسایەتیە ئایینیەکان بوو کە هەر یەکێك لەوان بە شێوەیەك لە شێوەکان کاتەکەیان دیاری دەکرد. یەکێك لەو پیاوە ئایینیانە رۆژەکانی ساڵی بە رێگەی هەژمارکردنی دەنکە نۆك و گواستنەوەیان لەنێوان دوو کوپەڵەدا دەستنیشان دەکرد کە لە ژوورێکی پەرستگاکەیدا شاردبوونیەوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر رۆژێك دەنکە نۆکێکی دەگواستەوە لە کوپەڵەیەکەوە بۆ کوپەڵەیەکەی تر. کاتێك پرسیاری دیاریکردنی رۆژی بۆنە ئایینیەکانیان لێبکردایە خێرا دەچوو دەنکە نۆکەکانی دەژمارد وەڵامی دەدانەوە و پێی دەوتن دوای ئەوەندە رۆژ رۆژی بۆنە ئایینیەکەیە و بەم شێوەیە زانینی کاتی هاتنی جەژنەکان و بۆنە ئایینیەکانی دیاری دەکرد. رۆژێك منداڵێکی لاسار چاوی لەو پیاوە ئایینیە دەبێت کە چۆن دەنکە نۆك لە کوپەڵەیەکەوە دەگوازێتەوە بۆ کوپەڵەیەکی تر و ئەمیش بە دزیەوە چەند مشتێك لە دەنکە نۆك دەکاتە نێو کوپەڵەکان. دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێك بەسەر کاری منداڵە لاسارەکەدا، بە بۆنەی نزیك بوونەوەی جەژن، خەڵکی گوند سەردانی پیاوە ئایینیەکە دەکەن بۆ ئەوەی رۆژی جەژنیان بۆ دیاری بکات. پیاوە ئایینیەکە، بێ ئەوەی ئاگای لە کاری منداڵە لاسارەکە بێت، وەك نەریتی جارانی دەچێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی دەنکە نۆکەکان هەژمار بکات و وەڵامی خەڵکی گوندەکە بداتەوە کە لە دەرەوە چاوەڕێیان دەکرد. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر و هەژمارکردنی دەنکە نۆکەکان بۆ چەندین جار پیاوە ئایینیەکە بەناچاری لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بە خەڵکی گوندەکەی وت: «خەڵکینە بەم دەنکە نۆکانە بێت هەرگیز جەژن نایەت».

ئەم سەرگوزشتەم بە بیردا هاتەوە کاتێك دەبینم چۆن لە کاتە هەستیارەکاندا هەڵسوکەوت دەکەین و بەدەستی خۆمان ئەزموونەکەمان ناشیرین دەکەین و دەیخەینە ژێر مەترسیەوە و دڵی دوژمنانمان شاد دەکەین و رێگە لە هاتنی جەژن دەگرین، کە بە بۆچوونی ئێمە «گەر هەموان ژیرانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکەین هاتنی نزیکە». پێویستە لەم ساتە ناسك و مێژووییانەدا هەموومان بە گیانی لێپرسیاریەتیەوە هەڵسوکەوت بکەین، بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بخەینە پێش بەرژەوەندیە تایبەتی و حزبیەکان. بۆ ئەوەی هەڵوێستمان هاوشێوەی هەڵوێستی منداڵە لاسارکە نەبێت، کە بە دووری نازانین لە دڵپاکیەوە کردبێتی، پێویستە هەمیشە پرسیار لە خۆمان بکەین: ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدین چەند لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانە؟ چەند سوود یان زیان بە ئەزموونەکەمان دەگەیەنێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت هەڵوێستمان دەستنیشان بکات. لێرەدا فاکتەری «کات» گرنگی خۆی هەیە، دەکرێت هەندێك هەنگاو یان ململانێی نێو لایەنە سیاسییەکان دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، بەڵام ناکرێت کێشەکان بێ چارەسەر بمێننەوە. پێویستە هەنگاوی گرنگ و بە پەلە بنرێت بۆ: دابینکردنی دادپەروەری، کەمکردنەوەی گەندەڵی، رەخساندنی هەلی کار، باشکردنی باری خزمەتگوزاری...... تاد. دوو دڵی و دڵە راوکێ و ئەنجام نەدانی کارەکان لە کاتی خۆیدا باجی خۆی هەیە، بۆیە داواکارین کە: لێ گەڕێن با جەژن بێت. دیارە ئەم داواکاریە بۆ تاکە لایەنێك نییە، بەڵکو بۆ هەموانە، بۆ هەموو تاکێك و لایەنێکی ئەم کۆمەڵگەیە. بۆ ئەوەی کە جەژن بێت پێویستە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، پێش داواکردنی مافەکانی، پرسیار لە خۆی بکات تا چەند ئەرکەکانی سەر شانی جێبەجێ کردووە؟. پێویستە داواکاریەکانی رەوا بن، چونکە ئەوەندی گوێمان لە داواکاری ناڕەوا دەبێت داواکاری رەوا نابیسین!. جگە لەوەی کە پێویستە داواکاریەکان رەوا بن دەبێت گونجاوبن لەگەڵ «کات» و «بارودۆخ» و «تواناکانی» دابینکردنیان. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم، بە شێوەیەکی بەرفراوان، مافەکانی هاووڵاتیان دابین بکات و دەسەڵات لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت. دەبێت هەموومان ئەوە لە یاد نەکەین کە مێژوو دلۆڤان نابێت لەگەڵ ئەوانەی کە ئاستەنگ دەخەنە بەردەم هاتنی «جەژن» یان کەمتەرخەمیان کردووە و بەرپرسن لە نەهاتن و دواکەوتنی «جەژن»ی ئەم گەلە ستەم دیدە کە دەمێکە چاوەڕێی هاتنی «جەژنە». دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو ئاگرەی شێتێك یان نەفامێك یان منداڵێکی لاساری دڵپاك دای دەگرسێنێ بە هەزار دانا ناکوژێتەوە! بۆیە داوای دڵسۆزانی ئەم میللەتە لە هەموان بریتییە لە: لێ گەڕێن با جەژن بێت!

# پرۆژەو کەمپینی ژینگەیی...
# بیرۆکەی ساکار بۆ گۆڕینی ڕەفتار

زۆرن ئـــەو بیرۆکانەی کەدەتوانرێـــت لەژیانی ڕۆژانەماندا لەلایـــەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ماوە نا ماوەیەك، وەك پرۆژەی بچووك ئەنجام بدرێن و، بەرهەمی گەورەشـــیان لێوەدەست بخرێن، لەوانە بۆ نموونە :

یـــەك: کردنەوەی باخچەیەك لـــە قوتابخانە یان دامەزراوەیەکدا.

دوو: کردنەوەی پێشانگایەکی ژینگەیی.

سێ: سازکردنی پێشبرکێیەکی ژینگەیی.

چـــوار: ئامادەکردنـــی ســـروودو گۆرانیی بۆ ژینگە.

پێنج: ئامادەکردنی تابلۆی ژینگەیی.

شەش : پرۆژەی درامای ژینگەیی.

حـــوت: کردنـــەوەی پێشـــانگای کاریکاتێری ژینگەیی.

هەشت: نووسینی شانۆی ژینگەیی.

نۆ: نەخشاندنی دیواربەندی ژینگەیی.

دە: پێکهێنانی کتێبخانەی ژینگەیی.

یازدە : ئاودان بەپرژاندن لەباخچەیەکدا.

دوازدە : ئاودان بەدڵۆپ لەباخێکدا.

سێزدە : چاپکردنی فۆڵدەری ژینگەیی.

چواردە: ئامادەکردنی پەخشنامەی دیواریی.

پـــازدە: نووســـینی گۆشـــەی ژینگەیـــی لەبڵاوکراوەکاندا.

شـــازدە: ئامادەکردنـــی بەرنامـــەی ژینگەیی لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا.

حەڤدە: کردنەوەی سایتی ئەلیکترۆنیی تایبەت بەژینگە.

هەژدە: دەرچواندنی گۆڤاری تایبەت بەژینگە.

نۆزدە: ســـازدانی کۆڕو ســـیمیناری ژینگەیی لەبۆنەکاندا.

بیســـت: نووســـینی کتێب و باس وتوێژینەوەی تایبەت بە بوارێکی ژینگە.

بیرۆکە بۆ کەمپین:

زۆرن ئـــەو بوارانەی کەدەکرێـــت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ژینگەدۆســـتان کەمپینی یاسایی و ئاشـــتییانەی بۆ سازبکەن، بەمەبەستی پاراستن وچاککردنی ژینگە، لەوانەش بۆ نموونە:

یەك: کەمپینی ســـەوز بـــۆ پارێزگاریکردن لە درەختێکی بەتەمەن یان ڕووبەرێکی سەوز.

دوو: کەمپینـــی یـــاد بـــۆ بەرگریکـــردن لە ئاسەوارێکی دێرین.

سێ: کەمپینی دڵۆپ بۆپاراستنی ئاو.

چوار: کەمپینی گڵۆپ بۆ پاراستنی وزە.

پێنج :کەمپینی لاپەرە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی کاغەزی بەکارهاتوو.

شـــەش : کەمپینـــی شووشـــە بـــۆ دووبـــارە دروستکردنەوەی شووشەی بەکارهاتوو.

حەوت : کەمپینی پیل بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پیلی بەکارهاتوو.

هەشـــت : کەمپینـــی کارت بـــۆ دووبـــارە دروستکردنەوەی کارتی بەکارهاتووی مۆبایل.

نۆ: کەمپینی پلاستیك بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پلاستیکی بەکارهاتوو.

دە : کەمپینـــی ســـرنج بـــۆ جیاکردنـــەوەو چارەسەرکردنی پاشماوەی نەخۆشخانەکان.

یازدە: کەمپینی هەناســـە بۆ پارێزگاریکردن لە هەوای پاك و،کەمکردنەوەی ئۆتۆمۆبێل.

دوازدە: کەمپینی سروشـــت بـــۆ قەدەغەکردنی ڕاوکردنی گیانلەبەران.

ســـێزدە: کەمپینی چاو بۆ هاندانی وێنەگرتنی دیاردە زیانبەخشەکان بەژینگە.

چواردە: کەمپینـــی ئازادیی بـــۆ ئازادکردنی باڵندەی گیراو.

پازدە: کەمپینی کیسە بۆ بەکارهێنانی کیسەی قوماش و کاغەز لەجیاتی نایلۆن.

شـــازدە: کەمپینی پیـــادە بـــۆ دوور کەوتنەوە لەبەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل بۆ شوێنە نزیکەکان.

حەڤدە: کەمپینی بازنە بۆ قەدەغەکردنی هاتنی ئۆتۆمۆبێل بۆ نێوەندێ شوێن و ناوەندی شار

هەژدە: کەمپینی دەنگ بۆ قەدەغەکردنی هۆڕنی هەوایی ودیاردەی هۆڕن لێدانی زیانبەخش.

نـــۆزدە: کەمپینـــی ڕەنـــگ بۆ ڕێکخســـتنی بۆیەکردنـــی باڵەخانـــەو ڕووی دەرەوەی بـــازاڕو خانوو.

بیست: کەمپینی ماف بۆ بیرخستنەوەی هاووڵاتی بەمافە دەستوورییەکانی لەبواری ژینگەدا.

بیســـت ویەك: کەمپینی (لەگـــەڵ من وەرە) هـــەر ڕۆژەو یەکێك بە یەك ئۆتۆمۆبێل هاوکارانی بۆهەمان شوێنی کار یان هەمان مەبەست دەبات لە هەمان گەڕەکەوە.


عەبدولڕەحمان سدیق